





## ژنانی پێشمەرگە؛ پێشەنگی خەبات بۆ ئازادین

# ژن، ژیان، ئازادی ١١

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ناميلكەی(ژن، ژيان، ئازادی)

## بەشی؛ ١١

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپیشاندان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

ڕووح و ڕەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە. من هەر ئەوەندم دەستکەوتوون و لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی نامیلکەکە ١٠٠ لاپەڕەوو ٢٥ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پێڕست:

١- نیزام لە ئێران لە نێوان لەدەستدانی دەرفەتی چاکسازی و سیناریۆکانی ئاییندەدا ............ ئەبوبەکر کاروانی ... ٥

٢- مەولوود سوارە: ڕاپەڕینی ژینا و دروشم و بایەخەکانی لە کۆنگرەی SI دا ڕەنگیان دابۆوە .. دیمانە: عەلی بداغی .. ١١

٣- زستانێکی تووش لە بەردەم کۆماری ئیسلامیدا ..................................................... عەلی بداغی ....... ١٦

٤- وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران ..........................

........................................................................................... و؛ لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ........ ١٩

٥- جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکانی ئێراندا کۆمەڵکوژین ............................ عومەر باڵەکی .... ٢٤

٦- بەرەی گشتگیری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی .............. د. کامران ئەمین‌ئاوە ... ٢٨

٧- هەناردەکردنی شۆڕش، ئەوەی ڕێژیم دەیویست و ئەوەی کورد کردی .......................... پژمان شەریعەتی ..... ٣١

٨- ڕەوتی لێک هەڵوەشانی حکومەت و سەرلێشێواوی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی .................... سایتی پەیام .......... ٣٤

٩- ژینا ئەمینی وەک یەکێک لە بەهێزترین ژنەکانی ٢٠٢٢ لە دنیا ناوی تۆمار کرا ........... ماڵپەڕی وشە .......... ٣٦

١٠- ٨٢ ڕۆژە خۆپیشاندانە.. تەواوی بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سێیەم ڕۆژ داخراون ... ماڵپەڕی وشە ......... ٣٩

١١- شاڕوخ حەسەنزادە: ئەو ڕاپەڕینە بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەر دەکەوێ ....... هەڤپەیڤین: کوردستان .... ٤١

١٢- شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا .. د. کوێستان گادانی .. ٤٧

١٣- کۆتایی سەردەمی سیاسەتی ناکۆکی بنێوە و حوکمەت بکە .................................... زانیار حوسێنی ...... ٥٢

١٤- شوناسی یاسایی و بەرگریی ڕەوا ............................................................ ڕەزا دانشجوو ....... ٥٧

١٥- کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا ....................................... ئارەزوو نستانی .... ٦٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

١٦- کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمی ئاخوندی بەتەواوی نائومیدبوونە ............................. محەممەد سلێمانی ... ٦٦

١٧- جیاوازیی شۆڕشی ژینا ........................................................ سۆران شەمسی ....... ٧٠

١٨- ڕاگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و خۆپیشاندانەکانی ئێران ......................... بارزان شێخ عوسمان ... ٧٥

١٩- دابین بوونی مافی سەرەتایی ئینسانەکان، لە یەکەم دەستکەوتەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران دەبێت ................

................................................................................................ سایتی پەیام ......... ٧٧

٢٠- کوردستان ناوەندی یەکلاکردنەوەی کێشەکان ................................................ مەلاعەلی سێڵاو ....... ٨٠

٢١- تەرزی مانگرتنی کوردستان گشت ئێرانی تەنییەوە ................................. کەیوان دروودی ....... ٨٥

٢٢- حکوومەتی داهاتووی ئێران دەبێت چی و چۆن بێت؟ ................................. مەلا ئەحمەد پاڵانی ... ٨٩

٢٣- ژن، ژیان، ئازادی ............................................................... شاناز هیرانی ......... ٩٢

٢٤- ڕوئیا پیرایی: داواکاری بۆ ئازادی ژنان لە ئێران واتا ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵگا ......... ماڵپەڕی هاوڵاتی ....... ٩٥

٢٥- کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دنیادا زیاتر پەراوێز دەخرێت .................................. سایتی پەیام ........ ٩٨





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نیزام لە ئێران لە نێوان لەدەستدانی دەرفەتی چاکسازی و سیناریۆکانی ئاییندەدا



ئەبوبەکر کاروانی

پێدەچێت بۆ یەکەم جار ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە فۆرمی ویلایەتی فقیهدا، دووچاری ئاڵنگاری وجودیی بووبێتەوە. بۆیە ئاڵنگاری و تەحەداکەش بە وجودی وەسف دەکەین چونکە ئاڕستەی بناغەی نیزام و سەرچاوەکانی ڕەوایەتیەکەی کراوەو پرسیار خراوەتە سەر کۆی سیستم نەک بەشێ یاخود ڕەهەندێ لە ڕەهەندەکانی. هەڵسەنگاندنێکی لەو جۆرەش، نارەزایەتیەکان لە ڕووی پێناسەکددنەوە لە سنورەکانی شۆڕش نزیک دەکاتەوە، لانی کەم بۆن و بەرامەی شۆڕشگێڕیان پێدەبەخشێت. ئەوەش وا دەکات، شێوازە باوەکانی ڕابردوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئاڵنگاری و نارەزایەتیەکان، کارایی جارانیان لەدەست بدەن و نەتوانن سنورێکی یەکلاکەرەوە بۆ کۆتاییپێهێنانیان دیاری یاخود پێشبینی بکەن.

نارەزایەتیەکانی ئەمجارە لە ڕووی: قەبارە، قەڵەمڕەوی جوگرافی، دەستپێک و پاساو، ناسنامەی جوڵێنەرو بەشداران، داخوازی، مەوداو کاتبەندی جیاوازن. وا پێدەچێت ڕژێم لە سەرەتادا، توانای پێشبینیکردنی سروشتێکی نوێی لەم جۆرەو جۆری پەرەسەندنەکانی نەکردبێت، نەیتوانیوە وێنای ئەو ئاڵوگۆرە کەڵەکە بووە مێژووییەی نێو بیرکردنەوەی نەوەی نوێ و جیاوازی دۆخەکە لەگەڵ ڕابردوو بکات، ڕەنگە ئێستاش بەشێ لە کادری ڕێبەری و دام و دەزگاکانی نیزام هێشتا ئامادە نەبن دان بەو جیاوازی و گۆڕانکاریانەدا بنێن کە نارەزایەتیەکان هێناویاننەتەدی؟! هەربۆیە، لەسەر وەسف و پۆلێنکردن و جۆری مامەڵەو چارەسەرە تەقلیدییەکان پێدادەگرن و گرەو لەسەر کات دەکەن و پێیان وایە بەشێکە لە چارەسەر، چونکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە دیدی ئەمانەوە ڕژێم بۆ ئەوە نەهاتووە بڕوا، ڕەگی قوڵی مانەوەشی لە ئایدۆلۆژیاو پەیامەکەیدایە، ڕژێمێکی لەم جۆرەش تەنها ڕێسا کۆمەڵایەتی و مێژوویی و شارستانی و مادییەکان چارەنوسی دیاری ناکەن، لەبەرئەوەی ڕێسا مەعنەوییەکانیش لەم ڕووەوە چارەنووسسازە.

بیرۆکەی پێشەوای چاوەڕوانکراویش لەم ڕووەوە لە زیاد لە ئاستێک و بەشێوەی جۆراوجوور کاریگەری خۆی هەیە.

## خوێندنەوەو چارەسەرە تەقلیدییەکان:

وەک ڕوونە لە چواردە ساڵی ڕابردوودا، لە بۆنەو کاتی جۆراوجۆردا ئێران نارەزایەتی بەخۆوە بینیوە، کە ڕەنگە لە سۆنگەی قەوارەو مۆرکە سیاسییەکەیەوە نارەزایەتیەکانی ٢٠٠٩ گەورەترین بووبن، کە ئاماژەی بە خۆخواردنەوەو کەرتبوونێک لە دڵی نیزامدا دەکرد. خۆپیشاندانەکانی تر گەر هەناسەی سیاسیشیان لەگەڵدا بووبێت، مەتڵەبی بوون، واتە خواستبوون بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییەکان. تەنانەت داخوازی سەوزەکانیش لە ساڵی ٢٠٠٩دا داواکاری بوو بۆ ڕیفۆرم و خۆنوێکردنەوەی نیزام لە ناوخۆیداو کەمکردنەوەی ڕەقییەکانی و باشترکردنی توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ گۆڕانکارییە ناوخۆیی و دەرەکییەکان و توانای خوێندنەوەو کاراییان لە ئاییندەدا. بە واتایەکی تر، ڕەخنەکان بە پلەی یەکەم لەسەر بەها بونیاد نەرەکانی نیزام نەبوو، هێندەی ڕەخنەبوو لە بەهاو شێوازەکانی پیادەکردن، ئەگەر ڕەخنەیەک ئاراستەی بەها بونیادنەرەکان کرابێتیش، بۆ دووبارە خوێندنەوەیان بووە، نەک پوکاندنەوەو لاوازکردنی پایەکانی نیزام بۆ ئاستی هەرەسهێنان. بەڵام، ڕژێم لەم پەیامەی ڕیفۆرمخوازەکان باش تێنەگەیشت و بە هەندی وەرنەگرت. لە جیاتی ئەوەی بوونی ڕیفۆرمخوازەکان وەک دەرفەت ببینێت بۆ نوێکردنەوەی نیزام و توانای بۆ زاڵبوون بەسەر کێشەو ئاڵنگارییەکاندا، وەک هەڕەشەو هەڵگەڕاوەو بەدنمەک وێنای کردن. ڕەنگە ئەوەش لەو بۆچوونەوە سەرچاوەی گرتبێت، کە ڕژێمێک لەسەر لۆژیکی شۆڕشی بەردەوام و درێژمەودا بونیاتنرابێت و سروشتێکی شۆڕشگێڕانەی هەبێت، ملدان بە ڕیفۆرمککرد تیایدا، یەکسانە بە نابووتکردن و کۆتایی پێهێنانی، چونکە دەستکاری سروشتە شۆڕشگێڕییەکەی دەکات، کە جەوهەرەکەی پێکدەهێنێت.

گۆڕانکاری لە جەوهەریشدا یەکسانە بە چوونە دەرەوەی ئەو دۆخ و وجودەی ئەو جەوهەرە پێناسەی پێداون. بە واتایەکی تر، عەقیدەیبوونی ڕژێم، لانی کەم لای بەشێ لە نوخبە کاریگەرەکانی، جۆری مامەڵە لەگەڵکردنی، لە ڕێی وردکردنەوەی بۆ ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی و دەستکاریکردنی شێوازی کارکددنی هەندێکیان و دووبارە پێکەوە بەستنەوەیان بە مەبەستی کارکردنە سەر توانای وەرگرتن و دانەوەی، دەچێتە دەرەوەی سیاسەتەوە. بەو واتایەی، ڕژێم قابیلی دابەشکاری و خوێندنەوەی نوێ و سات و سەودای سیاسی لەسەر سروشتە پاکیزە ئایدۆلۆژی و شۆڕشگێڕیەکەی نییە، بۆیە هاوشێوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەقیدە یان دەبێت هەمووی وەک خۆی وەربگریت و قبووڵت بێت، یان ڕەتیبکەیتەوە. بەو واتایەی، هەموو گۆڕانکارییەک لە بەهاو شێوازی پیادەکردنی دەسەلات و سازشێک لەم ڕووەوە، یەکسانە بە گۆڕانکاری لە بەها بنچینەییەکانی.

ئەم بیرکردنەوە زاڵەی ناو نوخبەی فەرمانڕەواش، بڕاردەکانی بەردەمی سنوردار کرد، مرونەتیشی لەسەر ئاستی ناوخۆدا لێساند، لە دۆخێکی لەو جۆرەشدا، لە جیاتی چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا دەبرێتە بەر ئیدارەکردنیان بە ئامانجی نەتەقینەوەیان و لەژێر کۆنترۆڵ مانەوەیان.

ئەوەی لە نیزامێکی ئایدۆلۆژی هاوشێوەی نیزامی ئێستای ئێرانیشدا، پرسەکە هێندەی تر ئاڵۆزدەکات، جێگۆڕکێی ئامانج و ئامرازەکانە، یاخود بڵێین بە ئامانجکردنی مانەوەی نیزامە بەهەر نرخ و تێچوویەک بووە! واتە ئاستی ڕۆیشتن لەگەڵ چارەسەری کێشەکان و وەڵامدانەوە بە خواستی شەقامی ناڕازی، پەیوەستە بە سەقفی مانەوەی نیزام بە سروشتە مێژوویی و ئایدۆلۆژیی و شۆڕشگێڕییەکەی خۆیەوە!

بۆیە، ئەگەر چارەسەری ڕاستەقینەی ڕووداوەکان ڕیفۆرم لە نیزامدا بخوازێت، لە پێناو مانەوەو درێژەدان بە نیزام قوربانییان پێدەدرێت و لەم دیدەوە چارەسەریان بۆ دەخرێتەڕوو. ئەوەش ڕێگە لەوە دەگرێت چارەسەر بەرهەمی گفتووگۆو ڕێکەوتنی نێوان نیزام و نوێنەرانی شەقام بێت، بەتایبەتیش لەو کێشانەی مۆرکێکی سیاسیان هەیەو پێویستیان بە گفتوگۆو سازش و ڕێکەوتن و بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. ئەوەی باری سەرشانی ڕێبەرانی نیزام لە تارانیش قورس کردووە، پێکەوە گرێدانی پرسە مەتڵەبی و داوا خزمەتگوزاری و سیاسییەکانە.

بەحوکمی ئەوەی ڕژێم لە سۆنگەی پێداگرتنی لەسەر سیاسەتێکی دەرەکی دوژمنساز و سنورداریی توانا داراییەکانی بەهۆی ئەو ئابلۆقە ئابورییە درێژماوەی خراوەتە سەری، توانای وەڵامدانەوەیەکی ڕازیکەرانەی بونیادیی و درێژمەودای بە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هاوڵاتیان و پەیداکردنی هەلی کار نییە.

ئەو کەم توانایییەش کە ڕەگی لە سیاسەتی نیزامدایە، نەک تواناکانی ئێران وەک وڵات و دەوڵەت، بەرەنجامی نەخوازراوی لێدەکەویتەوە لەوانەش:

* لەدەستدانی بەشێکی بەرچاو لە توێژە ڕەش و.ڕووتەکەی کۆمەڵ، کە لە ڕووی مێژووییەوە نیزام لافی نوێنەرایەتیکردنییان لێدەدات و بۆ مانەوەی پشتیان پێدەبەستێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

* به ئاسان وەرگەڕانی داخوازییە سنوردارە خزمەتگوزاری و داواکارییە پیشەییەکان بۆ نـاڕەزایەتی سیاسی، بەتـایبەتیش دوای دووبارەبوونەوەو وەک خۆی مانەوەی دۆخەکەو ئەو بنبەستەی لەو ڕووەوە لەئارادایە.

**درێژەدان بە نەریتی ڕابردوو:**

ناڕەزایەتیەکانی ڕابردوو، لەو ئاستەدا نەبوون، مەترسی ڕاستەقینە لەسەر بوونی نیزام دروست بکەن، گەرچی کۆمەڵێ شەپۆل بوون، بەشی خۆی بێهێزیان کردوو و بووشن بە پێشینەی چاولێکراو و، بەڵگەی ئەوەی نیزام، توانـای وەڵامدانەوەی بە داخوازییەکان سنوردارەو ئامادەی سازش نییە.

ستراتیژی پێشووی نیزام بەرامبەر ناڕەزایەتیەکـان لەسەر هەردوو ئاستی وەسفکردن و مامەڵە لەگەڵ کردن، لە سـەرەتای ناڕەزایەتیەکانی ئەمجارەشدا درێژەیان کێشا، کە ئەویش خۆی لەم خاڵانەدا دەبینیەوە:

١- وێناکردنی ناڕەزایەتیەکان بە تێکدان و ئاژاوەگێری.
٢- تۆمەتبارکردنیان بەوەی داخوازی ڕەوای خەڵک تێکەڵ بە ئەجێندای دوژمنکارانە بووە.
٣- تۆمەتبارکردنیـان بەوەی دەستی دەرەکی چەنـد وڵاتێکیـان لە پشتەوە ئامـانج لاوازکردنـی ئێران و بەدیهێنـانی خواستی دوژمنانە.
٤- سـەرکوت و زینـدانی کردنـی ڕێبەرانـی بـزوتنەوەی سـەوز کە مـۆرکێکی سیاسـی هەبـوو، گەرچـی سـەقفی نیزامیشـی تێنەدەپەڕاند.
٥- ڕووبەڕووبـوونەوەی خۆپیشـاندانەکان لە ڕێـی ئاسایشـی نـاوخۆ لە ڕێـی گرتنەپێشـی لەخـۆگرتن و سـنوربۆدانان و کۆتاپێهێنان بە کەمترین کوژراو و بریندار و زیندانی کراو.
٥- ڕەتکردنەوەی قبوڵکردنی نوێنەری خۆپیشاندان و گفتووگۆو ڕێکەوتن.
٦- بە گشتی هیچ سازش نەکردنێکی ڕاستەقینە جگە لە هەندێ وردە وەڵام بەو ئەنـدازەی نیـزام دەیخوازێت. بـۆئەوەی بە ناڕازیان و ئەو هێزانەش گرەویان لەسەر دەکەن بڵێن: چاوەڕێی ئەوە نەکەن لە ڕێـی نـاڕەزایەتی و فشـارەوە ئامانجەکانیـان بێـتە دی، هەروەهـا لە سـۆنگەی ئەو بیرکـردنەوەی پێـی وایە هەر سازشێ بـۆ بەرامبەری نـاڕازی سـازش و بەرزکـردنەوەی سـەقفی داخـوازی تـری بەدوادا دێت، ئەوەش سـەری لە کـاڵکردنەوەی مـۆرکی نیـزام و تەنـانەت مەترسـی گۆڕینیشـیەوە دەردەچێت.

چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ سەرەتای ناڕەزایەتیەکانی ئەمجارەش زۆر جیاوازی نەبوو، هەندێکیشیان تاکو ئێستا بەردەوامن!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێئاگا لەوەی نارەزایەتیە نوێکانی ئەمجارە لە هەندێ ڕووەوە، شەپۆلێکی جیاواز پێکدەهێنن. بە واتای ئەوەی، زۆرتر بەسیاسیکراون و داخوازی سیاسیان هەیەو دەخوازن ڕەمزییەتی ڕەمزەکانی نیزام و دیواری ترس بشکێنن، پشوودرێژتر و دوورمەوداتر بن، لە بارودۆخێکی نوێی جیهانی و ناوچەیشدا بەڕێوەدەچن کە جەنگی ئۆکرانیا هێناویەتە کایەوە.

درێژەکێشانی خۆپیشاندانەکان، وێنای ئەوانی بەرەو بزوتنەوەی نارەزایەتی بەربڵاو و جۆرێک لە ڕاپەڕینی سەراسەری برد. ڕاستە لە مردنی کچە کوردێکەوەو لە کوردستان دەستی پێکرد و باڵاپۆشی زۆرە ملێ هێماکەی بوو، بەڵام زۆری پێنەچوو کە ئەو سنورانەی بڕی و گۆڕا بە نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر کۆی نیزام بە ئایدۆلۆژیاو ناسنامەو وەزیفەو بوونیادەوە.

بەربڵاوبوون و تا ڕاددەیەک سەراسەریبوونی نارەزایەتیەکان، کارێکیان کرد، پاساودانی ڕەتکردنەوەو سەرکوتکردنیان بە دەستێوەردانی دەرەکی و جیاخوازی و هاوشێوەکانیان ئاسان نەبێت. فشار بۆسەر هەرێم و بۆمباران و پەلاماردانی بنکەو بارەگای هێزەکانی ڕۆژهەڵات، بەشێکی زۆری بۆ ئەوە بوو، وێنایەکی ناوچەیی و کوردیانە بە خۆپیشاندانەکان بدات و بە ئێرانییەکان بڵێت ئەوەی دەگوزەرێت پەیوەندی بە ئێوەوە نییە، ئەمە جگە لەوەی لە فەزایەکی بەسەربازیکراوو چەڕوو دووکەڵی جەنگدا سەرکوت پاساودارترو ئاسانترەو دەتوانرێت پرسەکە لەدەست هێزی ئاسایش دەربهێنرێت و نیمچە مامەڵەیەکی شەڕی ناوخۆی لەگەڵدا بکرێت!

### ستراتیژی نیزام لەئێستادا:

بەگوێرەی لێدوانی هەندێ لە بەرپرسانی نیزام و لەوانەش سەرۆک کۆمار، دوای بێئاکامبوونی شێوازە کۆن و تەقلیدییە پەیڕەوکراوەکان لە ڕابردوودا بۆ سەرکوتی نارەزایەتیەکان و تاڕاددەیەک بەجیهانیبوونی پرسی سەرکوتەکە، کە هاوکاتە لەگەڵ فشارەکانی ئاژانسی نێو دەوڵەتی وزەی ئەتۆم بۆسەر بەرنامە ناوکییەکەو هەڕەشەکردنی بە داخستنی دەرگای گفتوگۆو، هەستکردن بە جۆرێک لە زەمینەسازکردن بۆ مامەڵەیەکی توندتر لەگەڵ ئێران لە سۆنگەی، تێکدانی ئاسایش و پشتیوانی تیرۆرو هەوڵدان بۆ دەستخستنی چەکی ناوکی و بوون بە هاوپەیمانی ڕوسیا لە جەنگ دژ بە ئۆکرانیا، دەخوازن، هاوشان لەگەڵ هەڕەشەی سەپاندنی سزای لە سێدارەدان بۆ بەشێ لە چالاکوانە دەستگیرکراوەکانی بزوتنەوە نارەزایەتیە جەماوەریەکە، نیزام جۆرێ لە پاشەکشەی تاکتیکی لە خۆی نیشاندا، دەیەوێت لە ڕێی هەندێ دانپیانان و دووبارە هەڵسەنگاندنی وەک دانانی بە خراپی دۆخی خزمەتگوزارییەکان و تاووتوێکردنەوەی پرسی باڵاپۆشی زۆرەملێ و هەڵوەشاندنەوەی پۆلیسی ئەخلاق، جگە لەوەی سنورێک بۆ نارەزایەتیەکان دابنێت، هەوڵدەدات لە ناوەڕۆکە سیاسییەکەی خۆی بەتاڵی کاتەوەو دووبارە داخوازییەکانی بخزێنێتەوە ناو چوارچێوەکانی ڕەوایەتی نیزامەوە. واتە، بە گوتەی سەرۆک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆمار ڕەئیسی، قەیرانەکە وا بخرێتەڕوو کە قەیرانی ڕەوایەتی سیاسیی نییە. واتە، ڕووناکاتە کۆی نیزام بەو جۆرەی لە دەستووردا پایەکانی چەپێنراوە، بەڵکو پەیوەندی بە ئەدای دام و دەزگا خزمەتگوزارییەکان و ئامراز و شێوازەکانی پیادەکردنی دەستوور و پێوەرەکانی نیزامەوە هەیە، کە هەر وەک ئەو دەڵێت پێویستە لە جاران نەرمتر بێت. ئەم دیدەش قەیران لە سروشتی نیزامدا نابینێت و دەیسپێرێت بە وردەکاری پیادەکردنی بە هاوپێوەرەکانی.

هەڵبەت لە دیوە ئایدۆلۆژی و مەزهەبییە ڕادیکاڵەکەوە، مادام ئیمامی زەمان دەرنەکەوتووە، بۆ پێکهێنانی حکومەتی عەدلی جیهانی، مانەوەی نیزام پێویستیەکی کەلامی و عەقیدیی و ڕەگە قوڵەکانی ڕەوایەتیشی لێرەدایە، مەردومسالاریی دینیش سنورداره بەم ڕەهەندە میتافیزییەکەوە!

لێرەشدا پرسیار ئەوەیە، ئایە بەم پاشەکشە تاکتیکییە سنور بۆ قەیران و بزوتنەوە نارەزایەتیەکە دادەنرێت؟ ئایە دوای ئەو ماوە دوورودرێژەی نارەزایەتیەکان و ئەو خوێنەی ڕژاو ئەو بەربەستە دەرونیەی شکاوە، بواری ئەوە هەیە پرسەکە لە خراپی خزمەتگوزارییەکان و سەرپۆشی زۆرەملێدا قەتیس بکرێت و نارازیان ڕازیبکرێن؟ ئایە ئەم جۆرە دانپیانانان و پێشنیارانە درەنگوەخت نین؟ لە سایەی دۆخی خراپی ئابووری و توندتربوونی گوشارەکانی دەرەوە بۆسەر نیزام و فراوانتربوونی کەلێنی کۆمەڵ و بەتایبەتیش نەوەی نوێ لەگەڵ ڕێبەران و نوخبەی حوکمڕان، دەتوانرێت شتێکی شایستە پێشکەش بکرێت و گوزەرانی خەڵک باشتر بکرێت؟ لەڕاستیدا زەحمەتە! بۆیە چاوەڕێ ناکرێت بەم جۆرە پێشنیارانە قەیرانی ئێستای ئەم وڵاتە چارەسەر بکرێت، بەتایبەتیش کە نارەزایەتیەکان لە ناوچە سووننە نشینەکان لەوانەش کوردستان و بەلوجستان، توێژی جۆراوجۆر و لەوانەش زانایانی ئایینی بە ئاستێکی بەربڵاویان تێکەڵ بووەو باس لە دووبارە ڕاپرسی لەسەر نیزام سزادانی ئەوانەی تاوانبارن بە کوشتن و بریندارکردن و ئازاردانی نارازیان، کۆتاییهێنانی هەرسێ جۆر ستەمی نەتەوەیی و مەزهەبی چینایەتی و ئابووری دەکەن، بەووش مەسەلەکەیان لە بازنەی داواکاریە سنوردارەکان دەرکردووە.کەچی سەرەڕای ئەوە نیزام لەسەر زمانی سەرۆکەکەی ڕایدەگەیەنێت تا ئێستا ئامادەیی تێدا نیە باس لە هەمووارکردن یاخود دووبارە دارشتنەوەی دەستوور بکات، کە پەیوەستە بە سروشتی نیزام، بێ ئەوەش باسکردن لەهەر چاکسازی و گۆڕانکارییەکی سیاسی بێمانا دەبێت.

لەبەردەم دۆخێکی نیمچە بنبەستی سیاسی و دامەزراوەیی لەم جۆرەدا، دۆخی ئەو وڵاتە لەبەردەم سیناریۆی جۆراوجۆردا کراوە دەبێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئین ئار تی – ڕێکەوتی: ٥ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مەولوود سوارە: ڕاپەڕینی ژینا و دروشم و بایەخەکانی لە کۆنگرەی SI دا ڕەنگیان دابۆوە




**دیمانە: عەلی بداغی**

**ئاماژە:** بیست و شەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە ڕۆژانی هەینی هەتا یەکشەممە، (٤-٦ی سەرماوەز) لە مادریدی ئیسپانیا بەڕێوە چوو. شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وەک ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی نێونەتەوەیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست بە سەرپەرستیی کاک مستەفا هیجری، بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب لە کۆنگرەکەدا بەشدار بوو. کاک مستەفا هیجری لە دووهەمین ڕۆژی کاری کۆنگرەدا وتارێکی پێشکێش کرد و بڕیارنامەیەکیش لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ئێران و ڕاپەڕینی ژینادا پەسند کرا. هەروەها لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستدا بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە پێناو ئاشتی، ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، سپاسنامەیەک پێشکەش بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا. "کوردستان" بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر کاروباری کۆنگرە و باس و دەرەنجامەکانی وتووێژێکی لەگەڵ مەلوود سوارە، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەری حیزب بۆ کاروباری ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست پێکهێناوە:

**عەلی بداغی:** کاک مەولوود بەپێی دەستووری کاری کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست، گرینگترین باس و خواستەکانی ئەم کۆنگرەیە چ بوون؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**مەولوود سوارە**: ئەم کۆنگرەیەش وەک هەموو کۆنگرەکانی دیکە باسەکان زۆرتر لەسەر پرسە گرینگەکانی ژینگە و سیاسەت و باس و خواسەکانی ئەندامانی ئەسڵی لەسەر ڕەوشی وڵاتەکانی خۆیان بوو. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر هەندێک گۆڕانکاریی بنەرەتی لە کاروباری ڕێکخراوەیی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست کران. بۆ نموونە لە ساڵی ٢٠٠٦وە کە جۆرج پاپاندریۆ سەرۆکی ڕێکخراوەکە هەتا کۆنگرە بوو، هەروەها لە ساڵی ١٩٨٩ی زایینیەوە کە لویس ئەیالا سکرتێری ئێس ئای بوو؛ لە کۆنگرەدا بەرپرسایەتییەکان گۆڕدران. بەمجۆرە پێدرۆ سانچێز، سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا بوو بە سەرۆکی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست و هەروەها خاتوو بێنێدیکتا لاسی بوو بە سکرتێری ئێس ئای کە ئەم گۆڕانکاریە بە خاڵەوەرچەرخانێک لە چارتی ڕێکخراوەیی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا دادەنرێت.

**عەلی بداغی**: گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە چ بوون؟

**مەولوود سوارە**: جگە لە گۆڕانکارییەکان لە چارتی ڕێکخراوەیی و گۆڕینی بەرپرسایەتییەکان کە لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسم کرد، پەسەندکردنی بڕیارنامەکانی کۆنگرە کە یەک لەوان بڕیارنامانە لەسەر دۆخی ئێران و کوردستانی ئێران بوو، دەتوانین بە گرینگترین بڕیارەکانی کۆنگرە دابنێین کە لە دڵی باس و خواسە سیاسییەکانەوە دەرکەوتبوون..

ئەگەر ئیجازەم بدەن کەمێک زیاتر ئەم باسە بکەمەوە، دوای کۆنگرەی بیست و سێ (٢٠١٢ - ئەفریقای جنوبی- کەیپ تاون) کیشە کەوتە نێو ئینترناسیۆنال سۆسیالیست لەمەڕ هەڵبژاردنەوەی دووبارەی لویس ئەیالا. ئەم کێشەیە کە لەم کۆنگرەدا سەری هەڵدا، لە کۆبوونەوەی شورای IS لە لیزبۆنی پۆرتۆغال (٣ی فێبریویری ٢٠١٣) تەقییەوە و بەشێکی بەرچاو لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی و ئورووپا ڕۆژی ٢٢ی مەی ٢٠١٣ کۆمەڵگرووپ یا ڕێکخراوێکیان بە ناوی پرۆگرێسیف ئەلاینس (هاوپەیمانی پێشڕەو) ڕاگەیاند و کۆنگرەی یەکەمی خۆشیان لە ڕۆژانی ١١و ١٢ی مارسی ٢٠١٧ لە ئالمان - بێرلین گرت.

دیارە ئەو لایەنانە جیا لە حیزبی سۆسیال دێموکراتی سوئید کە کشانەوەی یەکجاریی خۆی لە ئێس ئای ڕاگەیاند باقی حیزبەکانی دیکە هەر لە "ئێس ئای"دا مابوونەوە، بەڵام بەشداری کۆبوونەوەکان نەدەبوون. بۆیە بەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە بیستوشەشەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سۆسیالیستدا لە مادرید کرا، پێم وایە هەموو ئەو لایەنانەی دیکەش جارێکی دی دەگەڕێنەوە نێو ئێس ئای. هەر لەوێش نوێنەری حیزبی کرێکاری بریتانیا لۆید ڕاسڵ مۆیل کە ئەندامی پارلمانی بریتانیاشە، لە وتارەکەیدا داوای ئەندامەتیی حیزبەکەی کردەوە و ئەوە دەسپێکێکە بۆ گەڕانەوەی هەموو حیزبەکانی دی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**عەلی بداغی**: وتاری شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن بەشدارانی کۆنگرەوە چۆن وەرگیرا؟

**مەولوود سوارە**: خەباتی دێموکراسیخوازی کورد لە ئێران و پێگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکخراوی ئینترناسیۆنال سۆسیالیست ئەو ستاتویەی بە حیزبی دیموکرات بەخشیوە کە باس و بابەتەکانی بەبایەخی زۆرەوە وەرگیرێن. ئەوە جیا لەوەی لە ئێستا ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و ناوی ژینا و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و ئامانجی ڕاپەڕینەکە سنووری ئێرانی بەزاندووە و هەموو ئەوانەش کاکڵ و جەوهەری پەیامەکەی بەڕێز کاک مستەفا هیجرییان پێ دێنا. بۆیە وتارەکەی بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەری گشتی زۆر بە ئەرێنی وەرگیرا. تەنانەت دەتوانم بڵێم کە دوای ئەویش ئەو بەها و بایەخ و باسانەی لە وتارەکەی کاک مستەفادا هاتبوون، لە وتاری جێگر و سەرۆک و بەرپرسانی یەکەمی حیزبەکانی دیکەشدا ڕەنگی دایەوە.

**عەلی بداغی**: شاندی حیزبی دێموکرات لە کۆنگرەدا دیدار و کار و چالاکییەکانی چۆن بوو؟

**مەولوود سوارە**: خۆتان دەزانن لەم کۆبونەوە و کۆنگرە و کۆبونەوەکانی ئیس ئای دا دیدارو چاوپێکەوتنەکان دووبارە دەبنەوە، بەڵام جیاوازیی دیدارەکانی ئەم جارە لەگەڵ کۆبوونەوەکانی پێشوو ئەوە بوو کە یەکەم حیزبی دێموکرات یەکی گرتۆتەوە و ئەوە قورسایی پتری بە پێگەی حیزبی دێموکرات لای ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە بەخشیبوو، دووهەم ئەوە کە بەڕێز کاک مستەفا هیجری بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک کەسی یەکەم لەم کۆنگرەیەدا بەشدار بوو کە ئەوەش گرینگیی پتری بە دیدار و چاوپێکەوتنەکانی شاندی حیزب لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دابوو.

هەروەها لە هەواڵەکانیشدا بەوەخت بڵاو بۆوە، کاک مستەفا هیجری کە سەرپەرستیی شاندی حیزبی لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست دەکرد، لە ڕۆژی دووهەمی کاری کۆنگرەدا و لە چەند دیدارێکدا دۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان و دواگۆڕانکارییەکانی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئەم وڵاتەی لەگەڵ چەند کاربەدەستێکی سیاسیی وڵاتان هێنایە بەر باس. شاندی حیزب لەو دیدارانەدا بەجیا لەگەڵ "پیا لۆکاتێللی"، نوێنەری پارلەمانی ئوروپا، "لۆید ڕاسڵ مۆیل"، ئەندامی پارلەمانی بەریتانیا لە حیزبی کار و "تەمیرلان سولتانبەکوڤ"، سەرۆکی پارتی سۆسیال دێموکراتی قرقیزستان کۆ بۆوە. لەو چاوپێکەوتنانەدا وێڕای ئاڵوگۆڕی بیروڕا لەسەر پرسە هەستیارەکانی ئێستای جیهان، کاک مستەفا سپاسی هەڵوێستی ئەوانی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها بۆ ئەم کۆنگرەیە نامیلکەیەک بە زمانی ئینگلیزی لە ٥٠ لاپەڕەدا ئامادە لەسەر بابەتی موشەکبارانی بنکە و بارەگا مەدەنییەکانی حیزبی دێموکرات بەهۆی هێرشەکانی کۆماری ئیسلامییەوە ئامادە کرابوو، لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگەنامەی تایبەت بە دۆخی کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینە سەرانسەرییەکە کە لە هەموو دیدار و چاوپێکەوتنەکاندا بەڕێز کاک مستەفا ئەو نامیلکەیەی پێشکەش دەکردن. بۆیە ئەمن پێم‌وایە شاندی حیزبیمان هەم زۆر باش وەرگیرا و هەم توانی هەیئەتێکی سەرکەوتوو بێت لە ڕاپەڕاندنی کاروباری کۆنگرەکەدا و گەیاندنی پەیام و قسەی خەڵک و شۆڕشی ئێستای ئێران بەو ڕێکخراوە گرینگە نێونەتەوەییە.

**عەلی بداغی**: لە کۆنگرەدا ڕێز لە خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات گیرا، لەو بارەیەوە ئەگەر ڕوونکردنەوەی زیاترمان بدەیتێ.

**مەولوود سوارە**: حیزبی ئێمە مێژوویەکی دوورودرێژی لەگەڵ ئینترناسیونال سۆسیالیستدا هەیە و دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید هەردووک سکرتێری حیزبمان دوای کۆبوونەوەکانی ئێس ئای بەداخەوە شەهید بوون. کەواتە حیزبی ئێمە لەو ڕێگەیەدا بەهای یەکجار زۆر گەورەی داوە. لەلایەکی دیکەشەوە حیزبی دێموکرات بۆ ئامانجەکانی ئێس ئای کە دادپەروەری و یەکسانی و ئازادی و دێموکراسی و مافەی مرۆڤە، هەم خەباتێکی دوورودرێژی کردووە، هەم تەوەری سەرەکیی خەباتی حیزبەشمان ئەو بەها و بایەخانەن کە قوربانیی زۆرمان بۆ داون و وەک ئەندامی ئەسلی ڕێکخراوەکەش هەمیشە پایەندیان بووین. کۆی هەمووی ئەوانە وای کرد کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران شانازیی ئەوەی بدرێتێ کە لەو شوێنە گرینگەدا ڕێزی لێ بگیردرێ. دیارە هەر بۆ زانیاریی خوێنەرانی "کوردستان" بەڕێز کاک مستەفا ڕێزنامەکەی لە دەست پێدرۆ سانچێز و خاتوو بێنێدیکتا لاسی، سەرۆک و سکرتێری هەڵبژێردراوی ئێس ئای و هەروەها جۆرج پاپاندریۆ و لویس ئەیالا، سەرۆک و سکرتێری پێشووی ڕێکخراوەکە وەرگرت.

**عەلی بداغی**: هەر لە پرسیاری یەکەمدا باسی پەسندکرانی بڕیارنامەیەکی پێوەندیدار بە دۆخی کورد لە ئێران لە کۆنگرەکەدا کرد، بەڵام ئەم بڕیارنامەیە چەندە و چۆن دەتوانێ کاریگەریی لەسەر بڕیاری وڵاتان هەبێت؟

**مەولوود سوارە**: لە پێشدا دەمەوێ بڵێم بەخۆشییەوە ئەو بڕیارنامەیە کە لەسەر داوای حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکێش بە کۆنگرە کرا و دواتر لەلایەن منەوە لە تریبوونی کۆنگرەوە شیکردنەوەی پتری لەسەر درا، بە تێکڕای دەنگی ئەندامانی کۆنگرە پەسند بوو؛ کە ئەمە خۆی دەسکەوتێکە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سروشتییشه كه ئەم بڕیارنامانه بێ تەئسیر نابن، بەهۆی ئەوەی بەشێكی بەرچاو له ئەندامانی ئێس ئای له وڵاتەكانی خۆیاندا یا لەنێو حكوومەتدان و یا لایەنی دووهەمن له حكوومەتدا.

**عەلی بداغی**: له كۆنگرەی ژنانی ئەو ڕێكخراوەیەشدا كه چەند ڕۆژ پێشتر گیرابوو، خاتوو گوڵاڵه شەرەفكەندی، كادری یەكیەتیی ژنانی دێموكراتی حیزب به جێگری سكرتێری ڕێكخراوەكه هەڵبژێردرا، گرینگی و بایەخی ئەو ستاتویه له چیدا دەبینن؟

**مەولوود سوارە**: كاتی خۆی دوكتور قاسملوو جیا لەوەی كه بیرو باوەڕێكی قووڵی به سۆسیالیسم هەبوو و لەم پێوەندییەشدا حیزبەكەمان خەسارەتی زۆر گەورەی بۆ دا بەڵام چوونی دوكتور قاسملوو بۆ ئێس ئای جیا له بیروباوەڕێك كه پێی بوو، من پێم وایه دوكتۆر قاسملوو پێویستی به تریبونێك بوو بۆ زیاتر ناساندنی دەنگ و ڕەنگی كورد و گرینگیی ئەم سەكۆیه، جا بۆیه من پێم وایه دوكتور توانی هەم لەم سەكۆیه كەڵك وەربگرێت و هەم ڕایەڵەیەكی بەهێز دروست بكات. هەڵبژاردنی هاوڕێی بەڕێزمان گوڵاله شەرەفكەندیش دەبێ لەم ڕاستایەدا هەڵسەنگێن كه بێ شك دەتوانی هەم له ستاتوی خۆی و هەم لەم سەكۆیەدا زیاتر له جاران به بەرپرسایەتییەكی كه كەوتۆته سەرشانی كەڵك وەربگرێت بۆ زیاتر ناساندنی كێشەی ژنان له ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەت كوردستان.

**عەلی بداغی**: وەک دواپرسیار، ئەگەر بفەرموون بەشدارانی كوردی دیكه له كۆنگره چ لایەنێك بوون؟

**مەولوود سوارە**: ئەو حیزب و لایەنانەی كه وێڕای حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران بەشدار بوون، بریتی بوون له: یەكیەتیی نیشتیمانی كوردستان، كۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتكێشانی كوردستانی ئێران و پارتی یەكیەتیی دێموكراتی سووریه.

**عەلی بداغی**: سپاس بۆ بەشداریتان لەو دیمانەیەدا

**مەولوود سوارە**: سپاس بۆ ئێوە كه بایەخی پترتان بەو بەشدارییه دا.

ئەم وتوویژه له ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی كوردستان بڵاو كراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی كوردستان میدیا – ڕێكەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# زستانێکی تووش لە بەردەم کۆماری ئیسلامیدا



**عەلی بداغی**

بەدوای دەسپێکی شەڕی ڕووسیە دژی ئۆکراین لە ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی بە گەورەکردنەوەی کێشەی ڕۆژئاوا لەمەڕ دابینکردنی وزە و سووتەمەنیی هاوردە لە ڕووسیەوە؛ پێشبینیی زستانێکی ئەوپەڕی ساردیان بۆ ئورووپا دەکرد، زستانێکی سارد کە ئورووپا بەچۆک دادێنێ و بەوە بەرەی ڕووسیە - ئێران لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا بەهێز دەبێت و گرەوەکە دەباتەوە. بەڵام "شۆڕشی ژینا" هەر لە هاوینەوە ئەو تووش و بەستەڵەکەی تووشی کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە.

نیزیک بە سێ مانگ دوای دەسپێکی شۆڕشی ژینا ڕەنگبێ باشترین بەڵگە بۆ دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە، نهێنییە درکاوەکان لە دانیشتنی ناوەندە نیزامی و ئەمنیەتییەکان، بەتایبەت بۆڵتەنی تایبەتی بۆ فەرماندەی سپای پاسداران بێت کە لەودا بەئاشکرا ددان بەوە دانراوە ئەگەرچی ڕێژیم پتر لە نارەزایەتییەکانی خەزەڵوەری ٩٨ خەڵکی کوشتووە، بەڵام ئەو کوشتارە پاشەکشەی بە ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکان نەکردووە. ئەوە کە ڕێکخراوی بەسیج هلۆڵ بووە و توانای ڕێکخستنی لایەنگرانی ڕێژیمی نەماوە و، ئەوەش کە بەپێی لێکدانەوەی دەزگا هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاوا و ڕووسیەش وڵات لە دۆخی ڕاپەڕیندایە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەند ئامار و زانیارییەکی دیکەی ئەو بۆڵتەنە نێوخۆییە بۆ ئاکامگیری لەو باسە گرینگن: لەگەڵ ئەوەدا کە مێدیای ڕەسمی ئەژماری خەڵکی ناڕازیی سەرشەقامی بە کەمتر لە ٤٠ هەزار کەس دادەنا، بەڵام لەو بۆڵتەنەدا گوتراوە حەشیمەتی ناڕازیی سەرشەقام پتر لە ٦٠٠ هەزار کەسن، نارەزایەتییەکان ٢٢ پارێزگای وڵاتیان گرتۆتەوە و جیا لە مانگرتنی بەردەوام لە بەشێکی زۆر لە کوردستان زیاتر لە هەزار کۆبوونەوەی مانگرتن و نارەزایەتی لە زانکۆکان بەرێوە چوون. ئەوە کە نارەزایەتییەکان سەرانسەرین و تەنانەت بەشێکی زۆری دەسبەسەرکراوان لە بنەماڵەی کوژراوەکانی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق و لە کارمەند و مووچەخۆرانی دەوڵەتن، و ئەوەش کە سەتا ٨٤ی خەڵک نارەزایەتیی سەرشەقام بە چارەسەری کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵگە دەزانن و سەتا ٧٠ی خەڵکی ئێران هیچ مەیلێکیان بۆ پشتیوانی لە ڕێژیم نییە، واتە شەرعییەت و ڕەوایەتی کۆماری ئیسلامی بە یەکجاری هەرەسی هێناوە. گرینگتر لە هەموو ئەوانەش ئەوە کە ترسی خەڵک لە هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم شکاوە.

بابەتی گرینگی دیکە لەو بۆڵتەنەدا داننان بە ئاستی تەمەنیی بەشدارانە کە گوتراوە لەو ٣٠ هەزار کەسەی هەتا سەرەتای مانگی سەرماوەز بە تاوانی بەشداری لە خۆپێشاندانەکاندا گیراون ٢٥٠٠ کەسیان قوتابین و پتر لە سەتا ٤٠یان خوار تەمەن ٢٠ ساڵن، هەروەها سەتا ٩٣ی دەسبەسەرکراوەکان هیچ پێشینەیەکی گرتن و تاوانکارییان نەبووە. ئەمەش دوو دەرهاویشتەی هەیە: یەکەم مایەپووچبوونی ڕێژیم لە پەروەردەکردنی نەوەیەکی لایەنگری نیزام سەرەڕای تەرخانکردنی هەموو ئیمکاناتێکی ماددی و مێدیایی بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو. دووهەم، وەدرۆکەوتنەوەی دەزگای پروپاگەندەی ڕێژیم کە گوایا دەسبەسەرکراوان هەموو بەکرێگیراوی بیانییەکان و کەسانی لاپرەسەن و لاتولووتەکانی کۆمەڵگە بوون! بۆیە وەک بۆخۆیان دانی پێدا دەنێن ڕاپەڕین هەموو کەلێن و قوژبنی وڵاتی تەنیوە و ئەوە هێزەکانی ڕێژیم کەوتوونەتە تەنگانەوە، بۆیەشە خامنەیی لەلایەک بە چەندقاتکردنی مز و مووچەیان و لەلایەکی دیشەوە بە هەڕەشە و ترساندن بۆ خۆڕاگری لەهەمبەر شۆڕشی خەڵک هانیان دەدات.

ڕاپەڕینی "ژن، ژیان، ئازادی" هەتا ئێستا توانیویەتی کۆمەڵگەی ئێران لە ئاستی سەرانسەریدا بۆ خەباتێکی بەردەوام لەدژی دەسەڵات ڕێک بخات، ترسی لاوان و ژنان لە بەرەورووبوونەوە لەگەڵ هێزە ئەمنیەتییەکاندا نەهێڵێ و لە پێناو ئامانجێکی هاوبەشی چارەنووسسازدا هاوپێوەندیی نێوان چین و توێژ و نەتەوە بەرهەڵستکارەکانی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات بەرینتر و بەوێنە بکات؛ بە جۆرێک کە هیچ کام لە سیاسەت و بەرنامە کردەیی و سەرکوتکارییەکانی ڕێژیم نەیتوانیوە درز بخاتە نێوان ئەو یەکڕیزی و هاوپێوەندییە. هەروەها ڕوون و ئاشکراشە پێچەوانەی ئەوەی ئیدیعا دەکەن کە هەتا ئێستا هەوڵیان داوە بە نەرمینواندن کۆتایی بە نارەزایەتییەکان بێنن، ئەو قسانە نیشانەی دەستەوەستانی و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بێتواناییانە، ئەگینا هەموو هەوڵی هێزە سەربازی و ئەمنییەتییەکان زووتر بنەبڕکردنی ڕاپەڕینەکەیە، بۆیە تەنانەت تاقم و هێزە بیانییەکانی سەر بە "بەرەی مقاومەت"یشیان بە خڕی لە سەرکوتی خەڵکدا بەشدار کردووە، یا ئەو ڕادەیەش کە ڕێگەیان پێ بدەن بۆ قەڵتوبڕی خەڵکی بێدیفاعی کوردستان کە بە دەستی بەتاڵ لەسەر شەقامەکانن، چەکی نیوەقورسی دۆشکا بەکار بێنن.

لافاوی ڕاماڵینی کۆماری ئیسلامی وەڕێ کەوتووە. کورد و نەتەوە بێمافەکانی دیکەی وەک بەلووچ کە لەمێژساڵە بانگی ئازادیخوازییان لە پێچەڵپێچەکانی دەزگای چەواشەی ڕێژیمدا بە جیاییخوازی لێک دەدرایەوە و دەرخواردی بیروڕای گشتی دەدرا، ئێستا نەک دەنگیان وەک خۆی دەبیسترێ، بەڵکوو بوونەتە پێشەنگ و ئیلهامدەر و هاودەنگی و هاوپشتیی هەموو جۆراوجۆرییەکانی ئێرانیان ڕەگەڵ خۆیان خستووە. نارەزایەتییەکانی سەرشەقام و هاواری خوێندکاران و مانگرتنی بازاڕ، ئاوێتەی مانگرتنی کرێکاران، سەنعەتکاران، بارهەڵگران و زۆربەی جومگە ئابوورییەکان بووە و هەر لەو سۆنگەیەوە لە ئێستاوە بۆرسەی وڵات داڕماوە.

سەرهەڵدانی ئەمجارەی ئێران بارودۆخی وڵاتی بە شێوەی بنەڕەتی گۆڕیوە و گەیوەتە خاڵی بێگەڕانەوە. ئەم ڕاپەڕینە هەم کەڵەکەبووی نارەزایەتییەکانی چوار دەیەی ڕابردوو، و هەم لێکگرێدانی نارەزایەتییەکان بۆ مافی نەتەوایەتی، ئازادیی سیاسی، یەکسانیی ڕەگەزی، باشبوونی دۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە ڕیزی پیاوان و ژنان، قوتابییان و مامۆستایان، کرێکاران و وەرزێران، هونەرمەندان و وەرزشکارانی خەباتکاری یەک خستووە و کردوونی بە ئۆپۆزیسیۆنێکی یەکگر لەدژی کۆماری ئیسلامی.

کۆماری ئیسلامی لە کوێرەکۆڵانی ئێستای دۆخەکەیدا چەقیوە. نارەزایەتییەکان نەک بە ڕیزکردنی هەموو ناوەندەکانی سەرکوت و بە زەبری چەک و زەبروزەنگ و سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر دەسبەسەرکراوەکاندا دانەمرکاون، بەڵکوو قەیرانە ئابوورییەکان لە مانگەکانی داهاتوودا هێندەی دیکە بلێسەدارتری دەکەن. ڕێژیمیش کە نەک دەرفەتی هیچ پاشەکشە و چاکسازییەکی بۆخۆی نەهێشتۆتەوە، بەڵکوو هەر لە جێدا زەرفییەتی بادانەوە و لاکردنەوە لە خواستەکانی خەڵکی نییە، چونکی خۆیشی دەزانێت کە ئەو دۆمێنۆیە یەکسەر بەرەو هەڵدێری نەمانی نەبات. لە ئاستی نێونەتەوەییشدا گوازرانەوەی پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە بابەتێکی مێدیایی ڕا بۆ "پێکهێنانی لێژنەی دەرخستنی زانیارییەکان" وەک بەرگژێیەکی نێودەوڵەتی بۆ کۆماری ئیسلامی لە تەنیشت وەلانرانی "بەرجام" و قەیرانی هاوبەشیی ڕێژیم لە شەڕی ئۆکراینادا دۆخەکەی بۆ تەواوەتیی کۆماری ئیسلامی تەواو شێرز کردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زستانێکی سارد و تووش چاوەڕوانیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## وڵاتە یەکگرتووەکان پێ دەنێتە سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئێران



و: لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

لە کاتێکدا دەوڵەتی ئێران لە جەنگی نێوان ڕووسیە و ئوکراین، یارمەتی ڕووسیە دەکات و درێژە بە پیتاندنی ناوکی دەدات، بەڕێوەبەرایەتیی بایدن گەمارۆی نوێی خستوونە سەر تاران و پشتگیریی خۆی لە خۆپیشاندەران ڕاگەیاندووە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، ئێران بە پشکێنەرانی نێونەتەوەیی ڕاگەیاندووە بەتەمایە دەست بە پیتاندنی سووتەمەنیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوکی تا نزیکی ئاستی بۆمبی ناوکی لە قووڵایی چیادا، شوێنێک کە بۆمبارانکردنەکەی دژوارە و بەرهەمهێنانی سووتەمەنیی ناوکیی خۆی، لە بنکەیەکدا کە ئیسرائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان پەیتا پەیتا هەوڵی سابۆتاژیان داوە، بە شێوەیەکی بەرچاو پەرە پێ دەدات.

هێزە حکوومەتییەکان نارەزایەتییە دژی دەوڵەتییەکانیان سەرکوت کردوون، درۆنیان داون بە ڕووسیە تا لە جەنگی خۆی دژی ئوکراین کەڵکیان لێ وەرگرێ و، بە گوێرەی بەشێک لە هەواڵگریی ڕۆژاوایی، گومانی ئەوە هەیە خەریکی وتوویژ لە مەڕ بەرهەمهێنانی هاژەک بۆ جبەخانەی چۆڵی ڕووسیە بێ. وڵاتە یەکگرتووەکان ڕۆژی سێشەممە جارێکی دیکە ئێرانی تاوانبار کرد کە بە هێرشکردنە سەر هەرێمی کوردستان، دەستدرێژیی کردۆتە سەر خاکی عێراق.

سەردەمێکی نوێی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ دەگەڵ ئێران دەستی پێ کردووە. بۆ ماوەیەک و لەبەر ڕووداوی دراماتیکی دیکە، لە ناویاندا داگیرکرانی ئوکراین و پەرەگرتنی کێبڕکێی وڵاتە یەکگرتووەکان دەگەڵ چین و، درێژە کێشانی وتوویژ دەگەڵ تاران بە شێوەی ناتەواو، بۆ ماوەی ١٨ مانگ، سەرهەڵدانەکەی شاراوە بوو.

ئێستا، هیوای سەرکۆمار بایدن بۆ گەڕانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ نێو ڕێککەوتنی ناوکی ٢٠١٥ دەگەڵ ئێران، کە سەرکۆمار ترامپ لێی کشابۆوە، بەتەواوی مردووە. وتوویژەکان لە مانگی سێپتەمبەردا ڕاگیران و، لەو چەند حەوتوویەی دواییدا بایدن گەمارۆی نوێی خستۆتە سەر ئێران و پشتیوانی لە نارەزایەتییەکان، کە توندئاژۆکانی ئێران وەک هەڕەشەی کوشندە باسیان کردووە، دەربڕیوە.

بە گوتەی چەند کاربەدەستی بەڕێوەبەرایەتییەکە لە کۆشکی سپی، کۆبوونەوەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە بارەی ئێراندا کەمتر بۆ ستراتێژیی وتوویژ و زۆرتر بۆ چۆنیەتیی بنکۆڵکردنی پلانەکانی ناوکیی ئێران، دابینکردنی کەرەستەی پەیوەندی گرتن بۆ خۆپیشاندەران و پساندنی زنجیرەی دابینکردنی چەکوچۆڵ بۆ ڕووسیە، تەرخان کراون.

جان کێربی، وتەبێژی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی لە کۆشکی سپی، مانگی ڕابردوو بەڕاشکاوی بە دەنگی ئەمریکای گوت، "لە ئێستادا هیچ دیپلۆماسییەک لە پەیوەندی دەگەڵ ڕێککەوتنی ئێران لە ئارادا نییە. ئێمە ئێستا لە دۆخێکی چەقبەستوو داین و، جەخت لەسەر ئەو ناکەینەوە." هێنری ڕۆم، هاوکارێکی پلەبەرزی ئەنستیتۆی واشینگتۆن بۆ سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیک، گوتی مەودای هەڕەشەکە گەلێک لەوە زیاترە کە بە تایبەتی بەرپرسانی پێنتاگۆنی نیگەران کردووە: گواستنەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چالاکیی نیگەرانکەرترین پیتاندنی ناوکی بۆ دامەزراوەی ژێرزەمینی بە ناوی فۆردۆ، کە دە ساڵ لەمەوبەر دروستکردنەکەی تەواو بووە. بەڕێز ڕۆم گوتی، "بیر لەوە بکەنەوە، بە بەڕێوەبەرایەتییەک کە لە ژانویەی ٢٠٢١ دەستی بە کار کرد بگوترابا لە ماوەی دوو ساڵدا، ئێران ئورانیۆم تا ئاستی نزیک بۆمبی ناوکی لە فۆردۆ دەپیتێنێ، ژمارەیەکی زۆر لە پێشکەوتووترین ئامرازەکانی پیتاندن وەگەڕ دەخات، ئۆرانیۆمی بەرز پیتێندراو بۆ چەند بۆمب کۆ دەکاتەوە و هەوڵە سیاسییەکان ڕەت دەکاتەوە. ئەوە خراپترین سەناریۆ نییە، بەڵام زۆر لێی نزیکە".

لە هاوینی ڕابردوودا، کاربەدەستانی ئەمریکایی هێشتا هیوادار بوون ڕێککەوتنە ناوکییەکە زیندوو بکەنەوە. ڕێککەوتنێک کە ئێران و وڵاتانی ئورووپایی وتووێژیان لەسەر کردبوو نزیکەی تەواوبوون بوو. نوێنەرانی بەڕێوەبەرایەتیی بایدن، کە ئێرانییەکان خۆیان لە وتووێژی ڕاستەوخۆ دەگەڵیان دەبوارد، هێلکارییەکانیان پەسەند کردبوو و چاوەڕوانی واژۆی ڕێبەری گەورە، عەلی خامنەیی بوون، کە قەت نەگەیشت.

کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان گەیشتوونە ئەو لێکدانەوەیە کە زیندووکردنەوەی ڕێککەوتنەکە، لەنێو ئێرانییە کۆنەپارێزەکان و سوپای پاسداراندا، وەک لە نێو ڕەخنەگرانی ئەمریکایی ڕێککەوتنەکە، ناخۆشەویستە. ئێرانییەکان، ئەگەرچی تێیدا ناسەرکەوتوو بوون، بەڵام چاوەڕوان بوون وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵێنی بدا کە قەت جارێکی دیکە بە شێوەی یەکلایەنانە لە ڕێککەوتنەکە ناکشێتەوە. ئەوان دەیانزانی کاتێک بگەڕێنەوە نێو ڕێککەوتنەکە، زۆربەی سووتەمەنیی ناوکی، کە ئێران لە جوابی بڕیاری دۆناڵد ترامپدا بۆ کشانەوە کۆی کردۆتەوە، دەبێ بۆ دەرەوەی وڵات بەڕێ بکرێ.

ئەوسا نارەزایەتییەکانی سەرشەقام دەستیان پێ کرد و ڕێککەوتن دەگەڵ ڕووسیە لە بنەڕەتدا بووە هۆی ئەوە کە ئێران، دەگەڵ بێلاڕوس، بکەونە بەرەی یارمەتیدەری داگیرکاریی ڕووسیە.

ڕابێرت مالی، نێردەی تایبەتی وەزارەتی دەرەوە بۆ وتووێژ دەگەڵ ئێران، ڕۆژی سێ شەممە گوتی، "ڕێژیم تاقمێک هەڵبژاردنی یەک لە دوای یەکی کردوون کە بە شێوەی پەرەئەستێن ئەوان لە خەڵکی خۆیان و تا ڕادەیەکی زۆریش لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دادەبڕێ، لە نێویاندا لە وڵاتانی ئورووپایی کە بەشێکی زۆر لە ساڵەکانی دەسەڵاتداریی ترامپیان بۆ دۆزینەی ڕێگایەک بۆ ڕزگارکردنی ڕێککەوتنە ناوکییەکە تەرخان کردبوو".



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێز مالی، زۆر جار لەبارەی ئەگەری ڕێگاچارەیەکی دیپلۆماتیکدا گەشبین بووە، بەڵام ڕوانگەکەی بەئاشکرا گۆڕاوە. ئەو گوتی، "ئێران پشتی لە ڕێککەوتنە ناوکییەکە کرد کە خەریک بوو دەگەیشتە ئاکام"، ناوبراو ئەوەشی زیاد کرد کە دەوڵەتی ئەو وڵاتە "لە تێوەگلان" دەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکی ناسەرکەوتوو بوو، کاتێک ئەوان داوای سەردانی زۆرتر و زانیاریی زیاتر لەمەڕ ئەو شوێنانەیان کرد کە ماددەی ناوکی لێیان بینرابوو. پاشان ئێران پلانی بنکەیەکی نوێی بەرهەمهێنانی ناوکی ڕاگەیاند.

بەڕێز مالی گوتی، ئاکامەکە "تاقمێک خولی خراپ بوون. سەرکوت دەبێتە هۆی نارەزایەتیی زیاتر. خۆپیشاندانی زۆرتر دەبێتە هۆی سەرکوتی زیاتر. هاوپەیمانی دەگەڵ ڕووسیە تەنیا ئێران زۆرتر تەریک دەخاتەوە، کە دەبێتە هۆی پەرە گرتنی ئەو هاوپەیمانییە و نەبوونی هیچ هاوبەشێکی دیکە".

نیگەرانیی سەرەکیی ئیسرائیل و خەڵکێکی زۆر لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕاگەیاندنی پیتاندنی ئورانیۆم تا پلەی ٦٠ لە سەد لەلایەن ئێرانەوە لە بنکەی فۆردۆ، بنکەیەک کە لەنێو چیایەکدا هەڵکەتووە و بنکەیەکی سەربازییە، دوای هێرشی پەیتا پەیتای سایبەری و فیزیکی بۆ سەر بنکەی پیتاندنی ناوکیی نەتەنز، بوو. لە کاتی وتووێژی ناوکی لە نێوان ٢٠١٣ تا ٢٠١٥، بەڕیوەبەرایەتیی ئۆباما هەوڵی دا بنکەی فۆردۆ داخرێ. سەرۆکی وتووێژکاران، وێندی شێرمەن، کە ئێستا جێگری وەزیری کاروباری دەرەوەیە، ئەوکات گوتی شکستی داخستنی فۆردۆ لە گەورەترین بێهیواییەکان بوو، ئەگەرچی ڕێککەوتنەکە بەڕوونی چالاکییەکی ناوکی ئەوتۆی قاچاغ کردبوو کە ئێرانییەکان لەو دواییانەدا گوتوویانە لەوێ بەڕێوەی دەبەن.

پرسیارەکە ئێستا ئەوەیە کە ئاخۆ دەوڵەتی نوێی ناسازشکارتری ئیسرائیل کە بێنیامین نەتانیاهو خەریکە پێکی بێنێ گوشار دێنێ بۆ هێرش بۆ سەر ئەو بنکەیە، کە دژوارە وێران بکرێ مەگەر بە مەزنترین بۆمبی تێکشکاندنی بنکەی ژێر زەوی؟ وڵاتە یەکگرتووەکان و هەروەها ئیسرائیل ڕاهێنانی هێرشی ئەوتۆیان کردووە و، بەڕێز نەتانیاهو، دوایین جار کە سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل بوو، زۆری نەمابوو بڕیاری هێرشێکی ئەوتۆ بدات.

بەگوێرەی هەڵسەنگاندنێکی گشتی لە لایەن بەڕێوەبەرایەتییەوە، ئێران ئێستا هێندە گەشەی بە بەرنامە ناوکییەکەی داوە کە دەتوانێ سووتەمەنیی شیاوی بۆمب لە ماوەی چەند حەوتوودا کۆ بکاتەوە، لە کاتی ڕێککەوتنی ٢٠١٥ دا لێکدانەوەکە ئەوە بوو کە ئەو کارە کەمتر لە ساڵێک دەخایەنێ. بەڵام ڕۆژاوا هێشتا کاتی هەیە: کاربەدەستانی سی ئای ئەی و هەواڵگریی ئیسرائیل دەڵێن چێکردنی سووتەمەنییەکە بە شێوەیەک کە بکری لە کڵاوی هاژەکێکدا جێگیر بکرێ، دوو ساڵی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پێ دەچێ و، لەو دواییانەدا وڵاتە یەکگرتووەکان لێکدانەوەیەکی بڵاو کردەوە کە تێیدا گوترابوو هیچ بەڵگەیەک بۆ بوونی پرۆژەی دروستکردنی بۆمب لە ئارادا نییە. بەڵام پێشمەرجی ئەوە، بوونی هەواڵگریی نزیک بێخەوش لەمەڕ دۆخی بەرنامەکانی ناوکی و هاژەکی دەخوازێ، لە کاتێکدا کە پشکنینەکان سنووردار کراون و کامێراکانی داندراو لە لایەن ئاژانسی نێونەتەوەیی وەزی ناوکی لە لایەن ئێرانییەکانەوە کوژێنراونەوە. مەودای پەرە ئەستێنی نێوان زانیاریی دەتوانێ دۆزینەوەی لادان لە بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ناوکی دژوار بکات. چەند شارەزایەک ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئێران خەریکی گەشە پێدان بە هاژەکی دەریایی مەزنترە کە دەتوانێ زۆرێک لە بەربەستەکانی بەردەم گەیاندنی چەکێک نەهێڵێ. ئاڵۆزیی دیکەش لە ئارادان. دانی درۆن لە لایەن ئێرانەوە بە ڕووسیە، ئێستا بۆتە فاکتەرێکی گرینگ لە جەنگدا و، بێتوو ئەو هاوکارییە هاژەکیش بگرێتەوە - تا ئێستا ئەوە پشتڕاست نەکراوەتەوە- وڵاتە یەکگرتووەکان و ئوکراین لە هەوڵی وەستاندنی گەیاندنی ئەو چەکانەدا دەبن. بەڵام ئەوە مەترسیی بەرزکردنەوەی ڕیسکەکانی لێ دەکەوێتەوە چونکە ڕووسیە تا ئێستا لە هێرش بۆ سەر گەیاندنی چەکوچۆڵی ڕۆژاوایی بۆ ئوکراین دوودڵ بووە.

بەڕێز بایدن لە ڕاگەیاندنی پشتیوانی لە نارەزایەتییە دەژی دەوڵەتییەکان لە سەرکۆمار ئۆباما، کاتێک نارەزایەتی هاوشێوە لە سەرەتاکانی بەرێوەبەرایەتی ئۆبامادا بەڕێوە دەچوون، ڕەوانبێژتر بووە. چەند یاریدەدەری بەڕێز بایدن، کە لە بەڕێوەبەرایەتیی ئۆبامادا خزمەتیان دەکرد گوتوویانە ئەوان جاری پێشوو لە ڕادەبەدەر وریا بوون، لە ترسی ئەوە کە نارەزایەتییەکان مۆرکی ورووژێنەرانی پەیوەندیدار بە سی ئای ئەی-یان لێ بدرێ. بەڵام پرسیاری شێوەی گەیاندنی یارمەتی زۆرتری وڵاتە یەکگرتووەکان بە شێوەیەک کە زیاتر لە ڕەوانبێژی و پشتگیریی ئەخلاقیی لە خۆپێشاندەران بێ و ئاخۆ بەڕێز بایدن ڕیسکی کرداری شاراوە بۆ یارمەتی ئەوان دەکات، بە تایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی مێژووی کۆن، لە پەنجاکانی زایینی، کە سی ئای ئەی لە سیاسەتی ئێرانیدا دەستێوەردانی کرد، بێ وەڵام دەهێڵێتەوە. لە کاتێکدا ئەو ڕووداوە تا ڕادەیەکی زۆر لە لای زۆربەی ئەمریکاییەکانەوە لەبیر کراوە، ئەوە بە وردەکاریی زۆرەوە فێری ئێرانییە لاوەکان دەکرێ.

ڕەنگبێ زۆر شت بەوەوە بەسترابێتەوە کە ئاخۆ ئێستا بەڕێز بایدن و یاریدەدەرەکانی ئێران وەک هەڕەشەیەکی مەزنتر لە بەراورد دەگەڵ کاتێک کە سەرکۆمار دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، سەیر دەکەن.

بەڕێز ڕۆم گوتی، "بەڕێوەبەرایەتییەکە زۆر جار دەیگوت دەیهەوێ بەرنامەی ناوکیی ئێران بخاتەوە نێو سندووقەکەوە و، من لەو بڕوایەدام ئەوە ڕەنگدانەوەی بیرۆکەی بەربڵاوتری وەلاتانی ئالنگاریی ئێران دوای گەیشتن بە ڕێککەوتن بوو. بەڵام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئێستا بەڕێوەبەرایەتییەکە دەبێ خەریکی ململانێ دەگەڵ ئەو ڕاستییە بێ کە، لە بنەڕەتدا لە هەموو بوارەکاندا، ئێستا هەڕەشەی ئێران بۆ سەر ئاشتی جیهانی لە ساڵێک لەوەپێش زیاتر و گەورەتره".

* نیویۆرک تایمز - دەیڤید ئی سانگەر

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە شەقامەکانی ئێراندا کۆمەڵکوژین




**عومەر باڵەکی**

ماوەی نزیک بە سێ مانگە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتوونەتە سەر شەقام و ڕاپەڕینێکی سەرانسەریی پێکهاتوو لە هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە سەر پێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و لە ئەنجامی دژکردەوەی توندی هێزە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ئەو نیزامە، خەڵک هەموو خەتە سوورەکانی نیزامیان تێپەڕاندووە و خوازیاری نەمانی ئەو نیزامەن. توندوتیژی و دژکردەوەی هێزە ئەمنی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرانبەر خەڵکی وەزاڵەهاتوو و لە هەمان کاتدا دەستبەتاڵ بە ڕادەیەک توند بووە کە لە هێندێک ناوچەی وەک کوردستان و بەلووچستان بەپێی پێناسەی کۆنڤانسیۆن و پەیمانە نێونەتەوەییەکان، دەچێتە خانەی کوشتاری بەکۆمەڵ و لەنێوبردنی نەتەوەیەک. کاتێک باس لە کوشتاری بەکۆمەڵ دەکرێ بابەتەکە پێوەندیی بە ڕادەی کوژراو برینداراوە نییە، بەڵکوو نییەتی کرداری بابەتەکەیە دەبێتە هۆکاری ئەسڵیی خوڵقاندنی ئەو جینایەتە. ڕەنگە سەلماندنی ئەو نییەتە کارێکی ئاسان نەبێ، بەڵام کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەرحەق بە گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی کورد و بەلووچ خۆی سەلمێنەری جینایەتی کوشتاری بەکۆمەڵن. بە تێڕوانینێکی خێرا لە جۆری دژکردەوەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو دەرحەق بە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران بەگشتی و گەلی کورد و بەلووچ بەتایبەتی دەتوانرێ باشترین بەڵگە بۆ سەلماندنی کوشتاری بەکۆمەڵی ئەو دوو گەلە کە تەنیا تاوانیان ئەوەیە داوای مافە سەرەتاییەکانی خۆیان دەکەن، و لەو شێوە سەرکوتکردنە دەتوانین ئەو نییەتە بخوێنینەوە کە دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە هەر لە سەرەتاوە بە کردەوە دژەئینسانییەکانی خۆیان دوژمنایەتییان لەگەڵ گەلانی ئێران بەتایبەتی گەلی چەوساوەی کورد و بەلووچ بە ئاشکرا سەلماندووە.

لە ماوەی سێ مانگی ڕابردوودا خەڵکی ناڕازی لە چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەدژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقام و دەنگی ناڕەزایەتییان بە شوعاری "ژن، ژیان، ئازادی" گەیاندۆتە گوێی هەموو ئازادیخوازانی دنیا، بەڵام بەرپرسانی نیزام خۆیان لە ئاستی ئەو دەنگە بەرزە ئازادیخوازییە کەڕ کردووە و کەوتوونەتە پاکانە و دیفاع لە کردەوە دژەئینسانییەکانی هێزەکانیان. لەو پێوەندییەدا قسە و پاساوی ئەوەندە نامرۆڤانە و ناپاساییان بۆ کرداری هێزە نیزامییەکانی خۆیان هێناوەتەوە کە لە هەر دادگایەکی دادپەروەر و جێگای باوەڕدا، دەتوانن بەڵگەیەکی قورس و قایم بن بۆ مەحکوومکردنی دەسەڵاتدارانی تاران. بۆ میناک دەتوانین ئاماژە بە بەشیک لە قسەکانی علی بەهادوریی جەهرۆمی، وتەبێژی دەوڵەت بکەین کە لە بەرچاوی ڕاگەیەندکارەکاندا سەبارەت بە سەرکوتی ناڕەزایەتیەکان دەڵێ: "بۆ دەوڵەت وەک ئاوخواردنەوە بوو کە لە یەکەم ڕۆژەکانی ناڕەزایەتییەکاندا بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام و زانکۆ و بازاڕ ئیزن بە هێزە ئەمنییەتی و نیزامییەکان بدا لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن وهەرکەس بە ناڕەزایەتی هاتبایە سەرشەقام بە فیشەکی جەنگی لێیان درابا و هەر زوو دەنگی ئەو ناڕەزایەتییانەمان کپ دەکرد... ."

کاتێک ئەو شێوە قسەکردن و دەربڕینانە لە وتەبێژی دەوڵەت دەبیستین، ناخی ئەو دەوڵەت و نیزامە بەتەواوی خۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەردەخا کە چەند دژی گەلانی ئێرانن و بەروونی دەردەکەوێ کە ئەو نیزامە چەندە خۆسەپێن و ستەمکارە و دوور لە شەرعییەتی خەڵکە بەگشتی، چونکە هیچ دەوڵەتێک لە زمانی هیچ کاربەدەستێکەوە تەنانەت لە ڕەدەی خوارەوەی دەسەڵاتیشدا بۆ ئیزن بە خۆی نادا بڵێ دەمانتوانی هێزە ئەمنییەتییەکان ئیزن بدەین ڕوو بە خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام لە فیشەکی جەنگی کەڵک وەربگرن و شانازی بە دەسەڵاتداریی خۆیان بکەن کە ئەو ئیزنەیان نەداوە و لەسەر خەڵکیش بیکەن بە منەت و بڵێ دەمانتوانی بیکەین بەڵام نەمانکردووە.

لەنێو پەندی پێشینیانی کوردەواریدا پەندیەک هەیە کە دەڵێ "مەودای درۆ بەری کورتە"، "یا درۆزن زەینی کوێرە". وتەبێژی دەوڵەت لە کۆماری ئیسلامی وادیارە درۆزنێکی زەینکوێرە، چونکە درۆیەکەی بەپێی کردەوەکانی هێزەکانیان لە بەربەرەکانێ لەگەڵ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام مەودای ئەوەندە کورتە کە بە هیچ پاساوێک بۆیان ڕاست نابێتەوە، ئاماری شەهید و برینداەرکانی ڕاپەڕینی ئەوجارە بە پێچەوانەی قسەکانی وتەبێژی دەوڵەت شتێکی دیکە دەسەلمێنن؛ هەر بە قسەی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئاماری گیان لێئەستێندراوەکان لە ماوەی نزیک بە سێ مانگی ڕابردوو خۆی لە ٣٠٠ کەس داوە کە ئاماری ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ بە پێچەوانەی ئامارەی حکوومەت باس لە ٥٠٠ کەس شەهیدی بێتاوان دەکەن کە لەنێو ئەو شەهیدانەدا بە ڕادەیەکی بەرچاو مێرمنداڵ دەبیندرێن، ئەوە بێجگە لە بریندداربوونی سەدان کەس و دەستبەسەرکردنی هەزاران کەسە. لە بۆڵتەنە لەقاودراوەکەی سپای پاسدارانیشدا باس لەوە کراوە کە ژمارەی کوژراوەکانی ڕاپەڕینی ئەمجارە پتر لە ئاخێزەکەی خەزەڵوەری ٩٨ی هەتاوییە کە ئەوکات باس لەوە کرا پتر لە ١٤٠٠ کەس لە ماوەی چەند ڕۆژێکی ئەو مانگەدا گیانیان لێ ئەستێندرا.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە لەو کوشتارەی هێزە سەرکوتکارەکانی کۆماری ئیسلامی کردوویانە بەشی شێری وەبەر کوردستان و بەلووچستان کەوتووە و ئەوە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نییەتی بەکۆمەڵ کوشتنی خەڵکی کورد و بەلووچیان هەیە و ئەو دژکردەوەیەی دەسەڵاتدارانی تاران دژی خۆپیشاندەران بەپێی قانوونە نێونەتەوەییەکان بەتایبەتی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەچێتە خانەی جینایەتی دژی مرۆڤایەتی. ماددەی دووی کۆنڤانسیۆنی مەنعی کۆمەڵکوژی دەڵێ:" لەو کۆنڤانسیۆنەدا، پێناسەی کوشتاری بەکۆمەڵ بەو مانایەیە، کوشتاری بەکۆمەڵ بە هەریەک لەو کردارانە دەگوترێ کە بە مەبەستی لەنێوبردنی بەشێک یا هەمووی گرووپێکی نەتەوەیی، قەومی، یا مەزهەبی بەڕێوە بچێ، دەگوترێ". لە ماددەی سێهەمیشدا ئەو کردەوانەی دەستنیشان کردوون کە ئەگەر ئەنجام بدرێن سزایان لەسەرە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

له سەردەمی ئێستادا کە ئێران وەک وڵاتێک ئەندامی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانە بەپێی یاساوڕیسا نێونەتەوەییەکان دەبێ پابەند بێ بە هەموو پەیماننامە و کۆنڤانسیۆنەکانی پەسندکراوی ئەو ڕێکخراوەیە. بەڵام بەئاشکرا و لەپێش چاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە دەبینین کە ماوەی ٤٣ ساڵە دەسەڵاتدارانی تاران نەک پابەند نەبوون بەو یاساوڕێسایانە بەڵکوو بوونەتە سەرئێشەیەکی گەورەش بۆ نەزمی جیهانی، بە چەشنێک لە هەر جێگایەکی ئەو جیهانە پان وبەرینە کردەوەیەکی تێرۆریستی و تێکدەرانە ڕوو بدا حەتمەن پەنجەی تاوان بۆ لای کۆماری ئیسلامی ڕادەکێشرێ.

لەو پێوەندییەدا دەتوانین ئاماژە بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ هەتا سنووری کوشتاری بەکۆمەڵ لە سەرکوتی ڕاپەڕینەکانی ئەو سێ مانگەی ڕابردوو بکەین کە لە هەمان کاتدا ئەو شێوازە سەرکوتەی نارەزایەتییەکان پیشێلکردنی کۆنوانسیۆنی مەنعی کوشتاری بەکۆمەڵە کە لەسەرەوە باس کرا ئەو کۆنوانسیۆنە لە ٩ی دێسامبر ١٩٤٨ لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کراوە و کوشتاری بەکۆمەڵی بەپێی یاسای نێونەتەوەیی خستۆتە ڕیزی جینایەتی گەورە و ئێران بێ هیچ قەید و شەرتێک ژێر ئەو کۆنڤانسیۆنەی لە ساڵی ١٩٤٩دا ئیمزا کردووە و ئەو کۆنڤانسیۆنە وەک هەموو یاساوڕێساکانی نیونەتەوەیی بە گۆڕین و لاچوونی حکوومەتەکان لەنێو ناچێ و هەر دەوڵەتێک جیگای دەوڵەتی پێشوو بگرێتەوە ناچار بە پابەندبوونی بڕگە و ماددەکانی ئەو کۆنڤانسیۆنەیە، بۆیە کۆماری ئیسلامییش وەک نیزامی دەسەڵاتدار لە ئێران بەپێی قانوونە نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتییەکان لەسەریەتی پابەندی پاراستنی نێوەرۆکی ئەو کۆنڤانسیۆنە بێ. بوونی ئەو کۆنڤانسیۆنە و ئەندامبوونی کۆماری ئیسلامی لەو کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەدا لە هەلومەرجی ئێستادا دەتوانێ بۆ ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافی مرۆڤ و حیزب و سازمانە سیاسییەکانی دژبەری ئێران و بەتایبەتی بنەماڵەی شەهیدانی دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامی ڕێگاخۆشکەر بێ بۆ ڕووکێشکردنی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە بۆ دادگا نێونەتەوەیەکان بەتایبەتی کە لەو ماوەدا شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێکارێکی تایبەتیان بۆ لێکۆڵینەوە لە شێوازی بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ خۆپیشاندەران پەسند کرد بە مەبەستی دەرکەوتنی ڕاستییەکان.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەرەی گشتگیری هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک پێویستییەکی مێژوویی (ئەرکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێناوەدا)




د. کامران ئەمینئاوە

دوای گیانبەختکردنی ژینا ئەمینی و دەستپێکردنی شۆڕشی"ژن، ژیان، ئازادی"، ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و، ئێران بە گشتی بۆتە گۆڕەپانی خەباتی جەماوەریی خەڵک. کوردستان لە ڕەوتی گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەم شۆڕشە لە ئاست ئێراندا ڕۆڵی تایبەت دەگێڕێ و بۆتە جێی سەرنجی گشت ئێرانییە ئازادیخوازەکانی نێوەوە و دەرەوەی وڵات. بوێری و قارەمانیی خەڵکی کورد و بەشداریی تەواوی توێژ و چینەکانی کوردستان لەم بزووتنەوەیەدا، دیاردەیەکی بێهاوتایە لە ئاستی تەواوی ئێراندا.

خەڵکی کورد وێڕای هێرشی دڕندانەی هێزی سەرکوتکەر و، گیانبەختکردنی ڕۆژانەی ڕۆڵەکانی، بەردەوامە لە خەباتی خۆی و، ڕۆژ نییە حەماسەیەکی گەورە نەخوڵقێنێ. بەخۆشییەوە حیزبە کوردستانییەکانیش هەتا ئێستا ژیرانە و لەوپەڕی بەرپرسیایەتییەوە لەگەڵ ئەم ڕاپەڕینە هەڵسوکەوتیان کردووە و، وێڕای پیلانگێڕانی بەردەوامی کۆماری ئیسلامی وەکو مووشەکبارانی بنکەکانیان لە باشوری کوردستان، نەکەوتوونەتە نێو ئەو داوەی کە هێزی سەرکوتکەری ئێران بە ئاواتیەتی. بەڵام هاوکات، ڕۆڵەکانی کورد بە شێوازی جۆراوجۆر لەسەر شەقامەکانی کوردستان بەرەنگاری هێزی تا ددان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەکداری ئیسلامی بوونەتەوە کە تەنانەت بەزەییان بە ژنی دووگیان و مندالیشدا نایە و کات و ناکات دڕندانە خەڵکەکە و ماڵ و دووکانیان گوللەباران دەکات.

لەم سات و کاتە هەستیارەدا کە کورد سەرنجی بیروڕای گشتیی لە ئاستی ئێران و جیهان بەرەوخۆی ڕاکێشاوە، ئەرکی بێ ئەملا و ئەولای هێزە کوردستانیەکان، ڕێکخستنی بەرەیەکی گشتگیر لە تەواوی هێز و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ کاریگەرییەکی بەهێزتر لە نێوخۆی وڵات و، نوێنەرایەتیی ئەم خەڵکە بەلانیکەم لە دەرەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانێ بەردی بناغەی ئەم بەرەیە بێ و، ناتوانێ و نابێ تەنیا لە دۆخی ئێستایدا قەتیس بمێنێتەوە. لەم دواییانەدا، کۆبوونەوەی شاندی ناوەند و کۆمەڵەی کۆمۆنیست، بۆتە جێ خۆشحاڵیی، بەلام بەس نییە و پێویستە ئەم ڕەوتە هێزەکانی دیکەش بگرێتەوە. لەم پێناوەدا، یەکگرتنەوەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمتکێشانی کوردستانی ئێران لە ٢٠ی خەزەلوەری ئەمساڵدا، بێگومان ڕۆڵێکی بەرچاو لە بەهێزترکردنی ناوەند و بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات دەگێڕێ. ئێستا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەپێی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات و دوو لایەنی کۆمەڵە و، بە بوونی دوو دەنگی بەهێز بە جێگای چوار دەنگی جیا، دەتوانێ بە قورساییەکی زۆرتر هەول بۆ دانوستان لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبە سەرتاسەرییەکانی ئێران بدات.

یەکێک لە خاڵە لاوازەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوونی نوێنەرایەتیی ناوەندی هاوکاری لە دەرەوەی وڵات بۆ پێوەندیگرتن لەگەڵ دەوڵەت، پەرلەمان، ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکانی بیانی و تەنانەت دیاسپۆرای کوردی ڕۆژهەڵات و هێزە سەرتاسەرییەکانی ئێرانە. ناوەند بۆ ئەوەی بتوانێ ڕۆڵی خۆی لە دەرەوەی وڵات بگێڕێ، پێویستە ئەندامانی لە پێوەندیی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوە سیاسیی و مەدەنییەکانی ئێران و جیهان نەک وەک نوێنەری تەنیا حیزبێک، بەڵکوو وەک نوێنەری ناوەند کار و چالاکیی سیاسی بکەن و، لەم ڕەوتەدا بەستێنێک بۆ نزیککردنەوەی کوردەکانی دەرەوی وڵات و ناوەند پێک بێنن کە بەشێکی بەرچاویان بە هۆی جۆراوجۆر لە حیزبە چەپە سەرتاسەرییەکان یان لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان دابڕاون، بەڵام بەهەڵوێستن و دڵیان بۆ چارەنووس و داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێ دەدات. بەشێکی بەرچاوی کوردەکانی تاراوگە، خاوەن ئەزموونی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و زانستین و لە ئەگەری پێکهێنانی سازوکارێکی باش بۆ هاوکاری، بەشداریی چالاکانەی ئەوان دەتوانێ نەک بۆ ئێستا،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڵکوو بۆ داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بە قازانج بێ.

خاڵێکی گرینگی دیکە کە دەتوانێ پیشاندەری چالاکی و هاوکاریی کردەوەیی ناوەند و وانەیەک بۆ بەرەیەکی یەکگرتوو لە داهاتوودا بێ، ڕێکخستنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لە ژێر ڕێبەرییەکی هاوبەشدایە. ئەم کارە لە درێژخایەن و لە کاتی ئاڵوگۆڕێکی چاوەڕواننەکراو لە ئێران و کوردستان و بە تایبەت ڕووخانی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانی بناخەیەک بێ بۆ پێکهێنانی سپای میللی کوردستان و تێپەڕبوونی هێزە کوردستانییەکان لە ئاستی هێزێکی سیاسی—نیزامی بۆ ڕێکخراوەیەکی سیاسی—مەدەنی و دووپاتنەبوونەوەی ئەزموونی تاڵی باشووری کوردستان کە ئێستاش پاش چەندین دەیە، ئاکامە نەرێنییەکانی نەبوونی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگە لەژێر کۆنترۆڵی وەزارتی پێشمەرگەدا، داوێنی بەرنەداون و وەک یەکێک لە خاڵە هەرە لاوازەکانی هەرێمی کوردستان ماوەتەوە.

چارەنووسی داهاتووی کوردستان پێوەندیی بە یەکگرتن و هاوکاریی هێزە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هەیە. لە کوردستانی ئازادکراوی داهاتوودا، بوونی سپایەکی میللی یەکگرتوو بە دوور لە کاریگەریی حیزب و ڕێکخراوەکان و، چالاکیی سیاسی و مەدەنیی حیزبە کوردستانییەکان ڕێگای سەرهەڵدانی شەڕی نێوخۆیی بەربەست دەکات و، ڕێگا بۆ چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانە و ئەمڕۆیانەی کێشە نیوخۆیی و سەرانسەرییەکان لە ڕێگای وتوویژ و دانوستانەوە دەکاتەوە. بۆ گەیشتن بەو قۆناغە، کورد دەبێ بەر لە هەموو شتێک، هەر لە ئێستاوە ماڵی خۆی بەهێزتر بکات و بە هەبوونی بەرنامەیەکی درێژخایەن، بە وشیارییەوە بەرەوڕووی ڕووداوەکانی داهاتوو بێتەوە.

**بەکورتی:**

١- وتوویژی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ ڕێکخراوە و کەسایەتییە سیاسی و مەدەنییەکانی کوردستان بۆ پێکهێنان و ڕێکخستنی بەرەیەکی گشتگیر،

٢- پێکهێنانی ناوەندێکی هاوبەش لە دەرەوەی وڵات بۆ لۆبیگەری و نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات،

٣- دارشتن و گەڵاڵەکردنی ویستە مێژووییەکانی گەلی کوردی ڕۆژهەڵات بەپێی بارودۆخی عەینی و زەینی، هاوسەنگیی هێزەکانی نێو ئێران و ئەگەری جێبەجێبوونی داخوازییەکان،

٤- ڕێکخستنی هێزی یەکگرتووی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان،

٥- هاوپەیمانی و هاوکاری لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ئەو هێزە پێشکەوتنخوازە سەرتاسەرییانە کە بڕوایان بە مافی چارەی خونووسینی نەتەوەکان هەیە، لە پێویستییەکانی مێژوویی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەوتی ڕووداوەکان چاوەڕێی بێهەڵوێستیی و ئەم دەست و ئەو دەستکردنی ئەوانە نامێنێتەوە کە خۆیان بە نوێنەری بزووتنەوییەک دەزانن. ناتەبایی و یەکنەگرتوویی هێز و کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زیانی ئێستا و داهاتووی شۆڕشی کورد تەواو دەبێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## هەناردەکردنی شۆڕش، ئەوەی ڕێژیم دەیویست و ئەوەی کورد کردی



**پژمان شەریعەتی**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش گەیشتنە دەسەڵات و پێش لەو قۆناغەش کۆمەڵە دروشمێکی بۆ کردنەوەی دەنگ و متمانەی خەڵکی ئێران و هاوپەیمانە سیاسییەکانی دەدان کە هیچیان بە کردەیی نەکران، چ ئەوانەی لە بواری چاکسازی بۆ ژیانی گەلانی ئێران دەیانگوت، چ ئەو دروشمانەی لە چوارچێوەی بیری تەسکی ئیدئۆلۆژیکیاندا بوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی" یەکێک لەو دروشمانەیە کە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بە بەردەوامی باسی کردووە و ئەستۆندەکی سیاسی دەرەوەی ئەم ڕێژیمە بووە. وەک چۆن خامنەیی هەمیشە خەونی بە ڕێبەریکردنی دنیای ئیسلام (شیعی)ەوە بینیوە و لە چوارچێوەی ئەو دروشمەدا ویستوویانە ئیمپراتۆرییەکی ئیسلامی بە سەرکردایەتیی خۆیان لە ناوچەکە و جیهاندا پێکبیهێنن.

هیلالی شیعی ئەو ستراتیژییە ئیدئۆلۆژیکییە بووە کە کۆماری ئیسلامی لەو پێناوەدا هەتا ئێستاش وەبەرهێنانێکی زۆری لەسەر کردووە. لەسەر حسێبی سامانی گشتیی وڵاتی ئێران و ژێرخانی ئابووریی ئەم وڵاتە بە دەیان میلیشیا و گرووپی تێرۆریستیی لە ناوچەکە و جیهاندا پێکهێناوە و سپانسەریی تێرۆریزمی دەوڵەتیی لە پێناو گەیشتن بەو خولیایە کردووە. ئەم ستراتیژییە زۆر قۆناغی بڕیوە، کەچی سەرەڕای تەرخانکردنی سەدان ملیارد دۆلار هەتا ئێستایش نەیانتوانیوە لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پێگەیەکی سەقامگیر لە پێناو جێگیربوونی بەرژەفرییەکانیدا چێ بکا و بۆی نەکراوە لە وڵاتێک بناخەی دەسەڵاتە ئیدئۆلۆژیکەکانی قایم بکات.

ئاکامی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن ئەم ڕژێمەوە کە بۆ ئەمە پشتی بەو میلیشیا و گرووپە تێرۆریستانەی سەر بە خۆی بەستووە، ئاژاوەنانەوە و قەیرانخوڵقێنی لە وڵاتانی وەکوو عێراق، سووریە، لوبنان و یەمەن بووە کە لە بنەڕەتدا وڵاتانێکی ناسەقامگیری سیاسی بوون و ڕێژیمیش وەکوو پێگەیەکی تێرۆریستی بەدژی وڵاتانی دیکەی ناوچە و جیهان بەکاری هێناون. هەر بەو پێیەش بەگشتی پرۆژەی هەناردەکردنی شۆڕش لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی چ لە ڕوانگەی هزری و چ لە ڕوانگەی هێزی ڕەقئامێرییەوە (گرووپە ترۆریستییەکانی) ناسەرکەوتوو بووە.

بەڵام لە بەرانبەردا کوردستان کە هەموو کاتێک قوربانیی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بووە، بە دوو مانگ شۆڕشێکی فکریی مەزنی هەناردە کرد بۆ هەمووی ئێران!

پاش کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی و سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و هاتنەمەیدانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کورددواری بە ئیرادیەکی بەرز و ئەندیشەیەکی گەورەوە، کوردستانیان سەلماندیان کە بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و بەدەستهێنانی ئازادی و گەیشتن بە تەعالی، لە بەرامبەر هەر زۆردارێک ڕادەوستن و بوێرانە مافی خۆیان دەستێنن و لە بەرانبەر هیچ ستەم و زۆرداریەکدا بێدەنگ نابن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دوو مانگ بەردەوامی و خۆڕاگریی شەقامی کوردستان بە مۆدێرنترین شێوازی خەبات و مۆدێرنترین ئەندیشەی ئینسانی، سەرنجی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت ناوچەکە و جیهانیشی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بە پێشەنگایەتیی ژنانی بوێری کورد، کوردستان بووە سەنگەری ئازادیی ئێران. دوای تێپەڕینی ئەم شۆڕشە لە دوو مانگ و کاتێ پێی نایە نێو مانگی سێهەم، سەرەڕای گاردگرتنی هەندێک جەریانی سیاسی و بەشێک لە کۆمەڵگەی ناوەندیی ئێران و نەتەوەکانی دی، لە ئاکامدا هیچ کام لەو هێز و ڕەوتانە نەک نەیانتوانی حاشا لەو بنەڕەتە بکەن، بەڵکوو وەریان گرت و کوردستانیان کردە پێوەری سەرەکی بۆ شۆڕشێکی سەرانسەری لە ئاستی هەموو ئێراندا.

حیماسەخوڵقێنیی کوردستان لە مانگرتن و خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان و هەر ئێستا کە مانگرتنەکانی ١٤-١٦ی سەرماوەز لە ئارادایە، بەڵگەیەکی ڕوون و ئاشکران بۆ ئەوەی بڵێین کە کوردستان شۆڕشی هەناردە کردووە بۆ هەموو ئێران و هێز و ئیرادەیەکی جەماەریی لەنێو هەموو نەتەوەکاندا بەدژی کۆماری ئیسلامی ڕێک خستووە.

لێرەدا جیاوازیی هەناردەکردنی شۆڕش لە ڕوانگەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە ڕوانگەی کوردییەوە، چەند خاڵێکی سەرەکی لە خۆی دەگرێت:

شۆڕشێک کە کورد باسی دەکات و هەناردەی کردووە بۆ سەرانسەری ئێران، شۆڕشی بایەخە مۆدێرنەکانە و لە ڕووی هزر و ئەندیشەیە و بە بەیانکردنی و خۆڕاگری لەسەر شەقام بە ڕاشکاوانە و ڕوون وەکوو پەکەیجێکی کۆنکرێت و داڕێژراو لەبەر دەستی هەموو ئێراندا دانرا و کۆمەڵگەی ئێران بە کراوەیی وەری گرت و مانەوە و ڕزگاریی خۆی لەو شۆڕشەدا دەبینێ. لە لایەکی دیکەشەوە کورد هیچ هێزێکی سەختی بۆ سەپاندنی شۆڕشی ژینا بەکار نەهێناوە و ئەم شۆڕشە بە گیانفیدایی، خۆڕاگری و ئیرادەی بەرزەوە ئەم ڕەوتەی بڕیوە و هیچ لایەنێکی نەکردە قوربانی.

لەلایەکی دیکەشەوە دەبێ ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەندیشەی کوردی و خەباتی کوردستان بناغەیەکی نزیک بە سەد ساڵی هەیە و زۆر هەوراز و نشێوی بڕیوە و بووەتە ئەزموونێکی پڕبایەخ بۆ کوردستانیان و لە ئاکامدا کوردستان بووەتە مەکتەبێکی هزری و ئێستاکە دەبینین هزرەکانی دیکتە دەکات بە هەموو ئێران و نەخشەڕێگای ڕزگاریی بۆ گەلانی ئێرانی داڕشتووە و شۆڕشی سەردەمیانەی خۆی هەناردە دەکات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٦ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕەوتی لێک هەڵوەشانی حکومەت و سەرلێشێواوی دەسەڵاتدارانی ئیسلامی



سایتی پەیام

بانگەشە بۆ مانگرتنی گشتی ڕۆژەکانی١٤ و ١٥ و ١٦ ی سەرماوەز، وڵامێکی بەهێزی لە سەرتاسەری ئێراندا وەرگرتەوە. ئەم مانگرتنە هەر ئێستا لە ئارادایە و وادیارە کە مانگرتنێکی بەردەوام، یەک لە دوای یەک، ڕوو لە گەشە و ئیفلیج کونەندە و پەرەسەندو تا ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێت.

سێ مانگ خەبات و تێکۆشانی یەکگرتوانەی جەماوەری خەڵک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتداران و خزمەتکارانی حکومەتی بەرەو ڕووی ناکۆکی و ئالۆزی سیاسی، دەروونی و مودیریەتی کردۆتەوە. حکومەتێکی کە باوەڕی بە درۆی خودساختە کردبوو، خۆی بە چەندمین هێزی گەورەی جیهانی دەزانی، دڵی بە موشەک و پەهباد خۆش بوو وە بە شاراوەیی کاری بۆ بوون بە هێزێکی ئەتۆمی دەکرد، لە ناکاو لە بەرانبەر خاڵکی ناڕازیدا خۆی داماو و پەڕاوێز خراو بینی.

ڕۆژێک کە ئاستی نارەزایەتیەکانی خەڵک کەمێک هێور دەبێتەوە، فەرماندە نیزامیەکان، کاربەدەستانی ئەمنیەتی و حکومەتی، ئیمام جومعەکان و دەزگای تەبلیغاتی ڕژیم باس لە شکستی ناڕازیان و سەرکەوتنی دەزگای سەرکوت دەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەگەڵ بڵێسەدار بوونەوە و پەرەگرتوتر بوونی مانگرتن و ناڕەزایەتیەکانی خەڵک، هەراسان و پەرێشان باس لە پیلانی دەرەکی، جەنگی تەرکیبی و وەلاتانی یاسا و ڕێسای مەزهەبی لە لایەن خەڵک بە تایبەت لاوانەوە دەکەن.

هەندێک جار ڕیفۆرم خوازانی حکومەتی سوکایەتی پێکراو لە لایەن حکومەتەوە و وەلانراو لە لایەن خەڵکەوە بانگ دەکەن تا ڕێگا چارەیەکیان بۆ ئەم قەیرانە بۆ بدۆزنەوە.

ڕۆژێک باس لە کۆکرانەوەی گەشتی ئیرشاد دەکەن و چەند کاتژمێر دواتر بە سەرلێشێواوی باسی تەیار کردن و تەجهیز کردنی زیاتر بۆ سەپاندنی حیجابی ئیجباری دەکەن. لە ڕواڵەتدا هەیئەتێک لە نوێنەرانی حاکمیەت بۆ دڵدانەوەی خەڵکی بەلوچشتان دەنێرن هەر لەوکاتەشدا ڕیزی خۆپیشاندانی ئارامی خەڵک ئەدەنە بەر دەستڕێژی گوللە.

حکومەتێک کە دەیوت دوای چوار دەیە یەکەم قودرەتی شیعەی پێکهێناوە و پلانی بۆ سەدەکانی داهاتو هەبوو، ئێستا ناتوانێ مانەوەی خۆی لە چەند مانگی داهاتودا بە هێزە بەکرێگیراوەکانی بسەلمێنێ. ئەرکان و ڕێبەریی کۆماری ئیسلامی گورزێکی وەها قورسی وێکەوتوە کە بێجگە لە کوشتاری زیاتر، بێجگە لە جەنایەتی گەورە تر لە زیندانەکاندا، بێجگە لە موشەک باران و هێرشی نیزامی بۆسەر خەڵک و ئەحزابی کوردستان ڕێگا چارەیەک لەبەردەم خۆیدا نابینێ.

سەرجەم ئەو دیاردە و ڕاپۆرتانەی لەبەر دەستدان، تەنانەت ناوەرۆکی بۆڵتەنە حکومەتیەکان کە بەم دواییانە ئاشکرا بوون باس لە سەرلێشێواوی، بێ بڕیاری، بێتوانایی و هەست نەکردنی قوڵ بەو قەیرانانەیە کە لە ئارادان.
خەڵکی نارازی قەت وەها شادمان و بە باوەڕ بەخۆیی، گەش بین و هیوادار بە داهاتو نەبوون. خەڵک بە ئەزموونی ڕاستەوخۆی خۆیان بۆیان دەرکەوتوە کە ڕژیمی ئیسلامی زەربە پەزیر و پەرتوکاوە. توانایی خۆڕاگری دەرێژ ماوەی لە بەرانبەر خەڵکی یەکگرتو و پێداگردا نییە. هێزە بەکرێگیراو و سەرکەتگەرەکانی توشی ڕاڕایی و بێ هیوایی بوون.

بەردەوام بوون و زیاتر پەرەگرتنی جوغرافیایی ناڕەزایەتی و مانگرتنەکان، یەکێتی و هاوپشتی زیاتری جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان، بەشداری بە هێزی خەڵکی شەریف و ئازادی خوازی کوردستان، پتەوتر بوونی ڕیزی ژنان و لاوان، شکست و ریسوا بوونی زیاتر بەسەر حکومەتی ئیسلامیدا دەسەپێنێ. ناکۆک وێژی سەرانی حکومەتیش نیشانەکانی دارمان و لێکهەڵوەشانی ئەم ڕژیمەبییەوە دیارە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٦ی دیسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ژینا ئەمینی وەک یەکێک لە بەهێزترین ژنەکانی ٢٠٢٢ لە دنیا ناوی تۆمار کرا



**ماڵپەڕی وشە**

گۆڤاری فۆربسی ئەمەریکی ڕاپۆرتێکی بە ناونیشانی "ژینا ئەمینی..کڵپەی گڕی شۆڕش بە سەرکردایەتی ژنان" بڵاو کردووەتەوە و کە ژینا یەکێکە لە بەهێزترین و دیارترین ژنەکان لەسەر ئاستی دنیا کە لە ئەنجامی شەهیدکردنی لەلایەن پۆلیسی ئادابی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە، تـوانی ئێران بە تەواوی بهەژێنێت و لە زۆربەی شارە گەورەکانی دنیایش خۆپێشاندان لە دژی تاران ساز بکرێ و وێنەی ژینا بەرز بکرێتەوە و ببێت بە سیمبۆلی ئازادی ژن و مرۆڤ لە جیهان دا، بەوهۆیەوەیش ناوی ژینا وەک یەکێک لە ڕیزی ١٠٠ بەهێزترین ژنەکانی دنیا بۆ ساڵی ٢٠٢٢ لەلایەن گۆڤاری فۆربس تۆمار کرا.

لە ڕاپۆرتەکە هاتووە، ١٣ی ئەیلوول/سێپتێمبەری ڕابردوو بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی تەمەن ٢٢ ساڵ لەلایەن پۆلیسی ئادابەوە، گڕێکی گەورە و نەکوژاوە بە ڕووی ڕژێمی ئیسلامی ئێران کڵپەی سەند، کە ژینا ئەمینی ژیلەمۆی هەڵگیرسانی ئەو شۆڕشە بەرفروانەیە کە تا ئێستە بەردەوامی هەیە و تەواوی میدیاکان و ناوەندەکانی سیاسی و مافی مرۆڤ و ئازادی لە جیهان بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە تەواوی شارەکانی ئێران و وڵاتانی تری دنیا بەرزکرایەوە**

**هەڵایسانی شۆڕشێک لە ناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەلایەن ژنەوە بە گشتی و بە دیاریکراویش لە ئێران کە کوچە و کولانەکانی پڕکردووە لە پۆلیس و سیخوڕ تا ژنان داپلۆسێنێت، کارێکی تەواو مەحاڵ و بڕوا پێ نەکراوە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە دەیبینین و ڕۆژانە وێنە و ڤیدیۆ و زانیاری لەسەر دەخوێنینەوە، بریتییە لە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر، سەرچاوە و هەوێنی شەرمەزاری ڕژێمی ئیسلامی و ڕێسا و نەریتەکانی، چونکە ژنان تێکڕا لەچکیان لەبەردەم پۆلیس و هێزەکانی ڕژێم لە شارە جیا جیاکانی ئێران سووتاند و بە قژی بێ لەچکەوە بە شەقامەکان دەسووڕێنەوە، ئەمە لە تارانی نێو جەرگەی ڕژێمی ئیسلامی ئێرانیش بە ڕوونی بوونی هەبوو و ڤیدیۆ و وێنەی بڵاو دەکرایەوە.**

**دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە تەواوی شارەکانی ئێران و وڵاتانی تری دنیا بەرزکرایەوە، ئەمە هاوارێکی بەرز و پڕ لە شکۆیە بە ڕووی ڕژێمی کۆنەپەرستی تاران بەرزکراوەتەوە و تا ئێستەیش خامۆش نەبووەتەوە و بڵێسە دەدات. بەوهۆیەوە ناوی ژینا ئەمینی چووە ڕیزی یەکێک لە بەهێزترین ١٠٠ ژنەکان لە تەواوی جیهان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ و لە ئەنجامی ئەو قوربانیدانەی ژینا بە گیانی خۆی دای، ئێستە دروشمی خۆپێشاندەران و شۆڕشگێڕان لە ئێران بریتییە نییە لە ئازادی ژن و نەهێشتنی عورفی لەچککردن بە زۆر و هەڵوەشانەوەی پۆلیسی ئاداب، بەڵکو دروشم و ئامانجی خۆپێشاندەران بۆ لەناوبردنی یەکجارەکی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئێران گۆڕاوە و تارانیش دەستەوەستانە و نەیتوانیوە تا ئێستە ئەو گڕە بەهێزە کپ بکاتەوە.**

**نینا ئەنساری مێژوونووس و چالاکی مافەکانی ژنان لەوبارەوە گوتی، ژینا ئێستە سیمبۆلی ئازادییە لە تەواوی جیهان نەک تەنیا بۆ ئێرانییەکان، ئەو خۆپێشاندانانەیش کە ماوەی ٨٠ ڕۆژە بوونیان هەیە و تا ئێستەیش بەردەوامن، شۆکێکی گەورەی تووشی ڕژێمی ئیسلامی کردووە، کە بە گوێرەی یاساکانی ڕژێمی ئیسلامی لە هەشتی ئادار/مارسی ١٩٧٩ەوە ژنان وەک مرۆڤ و هاووڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت.**

**ڕویا بۆرۆماند بەڕێوەبەری ناوەندی عەبدوڕەحمان بۆرماند کە ناوەندێکی تایبەتە بە مافەکانی مرۆڤ لە ئێران گوتی، ئەو یاسایانەی لە دوای شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران خرانە کارەوە، بە تەواوی لەسەر بنەمای جیاکاری ڕەگەزی دارێژران و ژنان هیچ مافێکیان نییە تەنانەت لە دوای جیابوونەوە لە هاوسەرەکانیان، منداڵەکانی خۆیشیان بەخێو بکەن. پرسی ئازادی جلپۆشین و هاتنە دەرەوەیش ئەمە هەر شیاوی گفتوگۆکردن نەبوو، بەڵام ئێستە هەموو شتێک گۆڕاوە و ژنان دوای ٤٠ ساڵ**



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بە ئازادی و بێ لەچک لە شەقامەکانی ئێران دەسووڕێنەوە و وەک ئالنگارییەکی گەورە بەرانبەر بەو ستەم و جەورەی کە ڕژێم دژ بە ژنان ئەنجامی داوە و دەیدات.

**عەلی نەژاند** چالاکێکی تری ئێرانییە و دەڵێ، ژینا کچێکی کورد بوو، ئەگەر کوردەکان لە ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکەی نارەزاییان دەرنەبڕیبووایە، دۆخەکە بە ئاسایی تێپەڕ دەبوو و ئەو کاردانەوە گەورەیەی لێ نەدەکەوتەوە، بەڵام قبووڵنەکردنی ئەو ستەمە لەلایەن کوردەکانەوە، سەرەنجام دەنگدانەوە و کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا و هەموو خەڵکی ئێرانی هۆشیار کردەوە، تا بە ڕووی ئەو ڕژێمە ستەمکارە بوەستنەوە و سنوورێکی بۆ دابنێن.

**هادی قائیمی دەڵێ**، ژینا کچێکی دیار و چالاکەوان نەبوو، بگرە هاوشێوەی کچانی هەموو ماڵباتەکانی تری ئێران دەبوو لە کاتی هاتنە دەرەوە لەچک بپۆشێت، بەڵام ئەوەی ئەو بە مەرگی خۆی بەرپای کرد، هیچ چالاکەوانێک و تۆڕێکی چالاکەوانان و بەرهەڵستکارانی ڕژێم لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو نەیانتوانیوە ئەنجامی بدەن و بەمشێوەیە تەواوی ئێران لە دژی ڕژێم بخرۆشێنن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – ڕێکەوتی: ٦ی دیسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ٨٢ رۆژە خۆپێشاندانە.. تەواوی بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ سێیەم رۆژ داخراون



**ماڵپەڕی وشە**

خەڵک لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پارێزگاکانی تری ئێران، بە باشی بەرەو پیلی بانگەوازی مانگرتن چوون و ئەمڕۆ بۆ سێیەم رۆژی لە دوای یەک، تەواوی بازاڕەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و بەشێک لە شارەکانی ئێران داخراون.

دوێنێ سێشەم لە دووەم رۆژی جێبەجێکردنی بانگەوازەکە، سوپای پاسداران بە هەڕەشە و گورەشە هەوڵێکی زۆری دا کە خەڵک چاوترسێن بکات، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لەوەی خەڵکێک لە ترسا ئەمڕۆ هانا بۆ کردنەوەی دوکانەکانیان ببەن.

ماڵپەڕی تەسنیم کە سەربە سوپای پاسدارانە، لە راپۆرتەکانی وای بڵاو کردووەتەوە کە دۆخی کار و کاسبی و بازاڕەکان لە ئێران ئاساییە، بەڵام پێچەوانەکەی راستە.

بەپێی ئەو گرتە ڤیدیۆیانەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراونەتەوە، ئەمڕۆ چوارشەمە تەواوی شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان مانگرتنیانە و هەمان مانگرتن لە تاران و شارەکانی تری کوردستان بە رێژەیەکی کەمتر درێژەی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە شارەکانی کوردستان تەنیا قوتابخانەکان کراوەن و هیچ چالاکییەکی تری ئابووری و بازرگانی نییە

بەپێی ئەو زانیارییانەی "وشە" لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە دەستی کەوتووە، لە شارەکانی کوردستان تەنیا قوتابخانەکان کراوەن و هیچ چالاکییەکی تری ئابووری و بازرگانی نییە، تەواوی چالاکییەکان وەستاون، ئەمەش بە نیشانەی دەربڕینی نارەزایی دژی رژێمی ئیسلامی و درێژەدان بە هەنگاوەکانیان بۆ سەرخستنی راپەڕین.

مانگرتن و خۆپێشاندانەکانی ئێران لە کاتێکدا درێژەیان پێ دەدرێت، زیاتر لە مانگ و نیوێکی ماوە یادی شۆڕشی ١٩٧٩ بکرێتەوە، هەندێک چاودێری سیاسی پێشبینی دەکەن بەر لە یادی شۆڕش، خۆپێشاندانەکان و راپەڕینی خەڵکی ئێران بە ئاکام بگات. لەو ماوەیەدا کە راپەڕین سەری هەڵداوە، نزیکەی ٥٠٠ کەس کوژراون و بە هەزارانی تر بریندار بوون و بە دەیان هەزار کەسیش خراونەتە بەندیخانەکانەوە.

ژینا لە ١٣ی ئەیلوول/سێپتێمبەر لەگەڵ براکەی، بۆ بەسەرکردنەوەی خزمانی سەردانی تارانی کردبوو، بەڵام لە نزیک میترۆ لەلایەن پۆلیسی ئاداب بە پاساوی جێبەجێنەکردنی رێساکانی باڵاپۆشی، دەگیرێت و سەعاتێک دوای گرتنی بە بێهۆشی دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە و دوای سێ رۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە، گیان لە دەست دەدات. دەگوترێ ژینا لە کاتی گواستنەوە بۆ بنکەی پۆلیسی ئاداب، لە رێ لە سەری دراوە، بۆیە تووشی ئەو دۆخە نالەبارە بووە. لە ١٧ی ئەیلوولەوە کە ژینا بە خاک سپێرا، خۆپێشاندان دەستی پێ کردووە و بۆ تەواوی شارەکانی تری ئێران گواستراوەتەوە، ئێرانییەکان بە هەموو نەتەوە و مەزهەو و پێکهاتە جیاوازەکان، داوای رووخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی دەکەن.

سلێمان تاشان

سەرچاوە: ماڵپەڕی وشە – رێکەوتی: ٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شارۆخ حەسەنزادە: ئەو ڕاپەڕینە بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەر دەکەوێ



**هەڤپەیڤین: کوردستان**

**ئاماژە:** زۆرترین سەرکوت و زەبروزەنگەکان بۆ دامرکاندنی "شۆڕشی ژینا" لە ئێران لە ناوچەکانی کوردستان و بەلووچستان کرا. بەنیسبەت حەشیمەت، ئاماری کوژراو و بریندارەکان، گیراوان و دەسبەسەرکراوان و هەروەها توندوتیژییەکان لە کوردستان زۆر زیاتر بوون و میلیتاریزەکردنی کوردستانیش دۆخێکی تایبەتیی دروست کردوە.

ئامارەکان و جۆرەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان لەلایەن کۆماری ئیسلامی، کاریگەریی بڕیاری شوڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانانی کۆمیتەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە ئێران و دوورەدیمەنی ڕاپەڕینی ژینا تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم هەڤپەیڤینەی "کوردستان" لەگەڵ شارۆخ حەسەنزادە، بەرپرسی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز)ن.

**کوردستان:** کاک شارۆخ با باسەکەمان بە تازەترین ئامارەکانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە نزیک ٨٠ ڕۆژ ڕاپەڕینی کوردستان دەست پێ بکەین، لە کوردستان چ باسە؟

**شارۆخ حەسەنزادە:** بەڵێ، لە ماوەی ئەو ٨٠ ڕۆژەدا هەتا ئەمڕۆ (١٥ی سەرماوەزی ١٤٠١) ١١٤ هاونیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە کە ١٤ کەس لەوان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ بووە، ٥ کەسیان ژنن و کەسێکیش تەمەنی ٧٠ ساڵەیە، هەروەها لەو ئامارەی باسم کرد چوار کەسیان بەهۆی ئەشکەنجە و لێدان و کوتان گیانیان لەدەست داوە و ٤ کەسیشیان دوای ئەوەی بە بریندراری گیرابوون، لە نەخۆشخانەکان کۆتایی بە ژیانیان هاتووە. شیمانەی ئەوەش دەکرێ لەبەر زۆربوونی ڕادەی بریندارەکان کە هەتا ئێستا زیاتر لە ٤٠٠٠ کەس لە کوردستان بە تەقەی چەکی جۆراوجۆر وەک چەکی ساچمەیی، دەمانچە، کەلاشینکۆف، قنناسە پێکراون، ژمارەی کوژراوەکان زیاتریش بن.

بەپێی زانیارییەکان بەشی هەرە زۆری ئەو کەسانەی بریندار بوون لە ترسی ئەوەیکە نەناسرێنەوە و نەگیرێن، خۆیان لە چوون بۆ نەخۆشخانەکان بواردووە و لە ماڵەکان دەرمان دەکرێن کە ئەمەش ئاستەنگی جددی بۆ ڕەوشی تەندرووستیی ئەوان درووست کردووە لە بواری داودەرمان و پێڕاگەیشتن و بابەتی پزشکی و... . هەروەها مەزندە دەکەین هەتا ئێستا ٥٠٠٠ کەس دەسبەسەر کرابن کە ئێمە لە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان"چاونیوز" توانیومانە هەتا ئێستا ناوی زیاتر لە ١٣٥٠ کەس لەوان لای خۆمان تۆمار بکەین، لەو ئامارەش زیاتر لە ٢٠٠ کەسییان ژنن، نزیک ٢٥٠ کەسیان تەمەنیان ژێر ١٨ ساڵ و قوتابین؛ هەروەها ٣٠ کەسییان مامۆستای قوتابخانەن و بەشێکی دیکە لە دەسبەسەرکراوان بریتین لە لە چالاکانی مەدەنی، کولتووری، زمانی، ئەدەبی، ژینگەپارێزی، هونەرمەند، وەرزشڤان و. ...

**کوردستان**: زۆرێک لە ڕێکخراوەکانی دیکەی مافی مرۆڤی لە ئاستی ئێران و کوردستان ئاماری جۆراوجۆریان هەیە و لێنزیک هاوشێوەن بەتایبەت لە کوردستان، ئایا هەر ئەوەندە پێشێلکارییانە کراون و ئێوە هەر لەو سێ بوارەدا ئامارگیری دەکەن؟

**شارۆخ حەسەنزادە**: ئەم سێ بوارە واتە کوشتن، بریندارکردن و گرتن لە بەشە زۆربەرچاو و ئاشکراکانی پێشێلکارییەکانە. کە دەڵێم پێشێلکاری ڕێک بەپێی ئەو برگە و ماددانە دەدوێم کە لە جاڕنامە و کۆنڤانسیۆنە جۆراوجۆرەکانی جیهانیی مافی مرۆڤدا باسیان کراوە. واتە حکوومەتەکان نابێ لە کەرەسەیەک یان چەکێک کەڵک وەربگرن کە گیانی ناڕازییان و خۆپیشاندەران بخاتە مەترسییەوە، یان دەبێ حکوومەتەکان ڕێگا بە ئازادیی ڕادەربڕین و خۆپێشاندانەکان بدەن و نابێ کەسێک لەسۆنگەی بیروڕای جیاوازیەوە دەسبەسەر بکرێ و بگیرێ، کەواتە ئەمە لایەنی هەرە زۆر و دیاری ئەو پێشێلکارییانەیە، بەڵام لەم نێوەدا لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندییەکانی لە کوردستان کارەسات بەدژی مرۆڤایەتی خوڵقاوە. بەتایبەت لە مانگی ڕەزبەر و سەرەتای مانگی سەرماوەز لە شارەکانی وەک پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، جوانڕۆ و سنە هێزە سەرکوتکەرەکان بە شێوازی یەکجار زۆر بێبەزەییانە و نامرۆڤانە کە پێچەوانەی هەموو یاسا و پرەنسیپەکانی نێودەوڵەتین هێرشیان کردووەتە سەر ماڵ و حاڵی خەڵک، دەرگا و پەنجەرەیان شکاندووە و بەبێ ئیزن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چوونەتە سەر ماڵان و وێڕای سووکایەتی و بێڕێزی بە ژن و پیاو و منداڵ، خەڵکیان دەسبەسەر کردووە، کوڕ و باوک و دایکیان گرتووە و بردووە، تاڵان و دزییان کردووە و ژیانی خەڵکیان تێک داوە. یان بەشێک لەو لاوانەی کچ و کوڕ لە گرتنگەکان ئەشکەنجە کراون و سووکایەتییان پێ کراوە. ئەمانە هەمووی پێشێلکاریی بەرچاو و ئاشکرای مافی مرۆڤە و ئێمە لە ناوەندەکەی خۆمان بەردەوام لە پێوەندیندا‌ین کە هەموو ئەو بابەتانە بەڵگەمەند بکەین و بڵاویان بکەینەوە.

**کوردستان**: حەوتووی ڕابردوو لە شورای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیارێک بەدژی ئێران دەرچوو، هەروەها بڕیاری ئەوەش درا کە کۆمیتەیەکی بە ناوی کۆمیتەی لێکۆڵینەوە و دۆزینەوەی ڕاستییەکان دابمەزرێ و بە زۆرینەی دەنگ، پەسند کرا. ئەم کۆمیتەیە دەتوانێ چ بکا و ڕێکارەکانی چۆنن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردووی کۆماری ئیسلامیدا دووجار نەبێ ئەگینا هەموو ساڵێک کۆمیسیۆن و شوراکانی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارنامەیەک پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤیی لە ئێران مەحکوم کردووە، بەڵام ئەمجارە جیاوازییەکەی لەوەدا بوو کە بۆ یەکەم جار بوو ٢٥ وڵاتی جیهان دەنگ بەو بڕیارنامەیە بدەن و هەروەها کۆمیتەیەک بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکانی ئەم ڕاپەڕینە دابمەزرێنن. کاری سەرەکیی ئەم کۆمیتەیەش ئەوەیە کە بەبێ هاوکاری ڕێژیمیش کە چاوەڕوان دەکرا و هەرواش دەرچوو کە بڵێ هیچ هاوکارییەکی ئەو کۆمیتە جیهانیە ناکات، ناوی سەرجەم ئەو کەسانەی لەلایەن ڕێژیمەوە کوژراون، بریندار کراون، گیراون یان لەلایەن دەزگای قەزاییەوە حوکم دەدرێن و بە هەر شێوازێکی توندوتیژی و نایاسایی بە پێوەرەکانی نێودەوڵەتی بەرەورووی بوونەتەوە تۆمار بکرێن و بناسێندرێن. دەتوانم بڵێم سەرەکیترین کاری ئەو کۆمیتەیە ئەوەیە بە ناساندنی ئەو هەمووە بارستاییەی سەرکوت و توندووتیژی ڕێژیم دەرحەق بە خەڵک کردوویەتی، ڕێژیم ڕیسوا بکرێ و هەروەها هەموو ئەو بەڵگانە دەبنە سەرچاوەیەکی بەڵگەمەند و حقوقی بۆ لێپرسینەوە و دادگایی کردنی بەرپرسانی یەکەمی کۆماری ئیسلامی.

**کوردستان**: لەو ماوەیەدا باس لەوە دەکرێ ئەوەی لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران وەک بەلووچستان کراوە جینایەت بە دژی مرۆڤایەتی بووە؟ ئێوە لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بەپێی پێناسە جیهانی و نێودەوڵەتییەکان کردەوەی دیار و ئاشکرا کە لەلایەن وڵاتێک بە شێوەی ڕێکخراو و بەربڵاو بەڕێوە بچێ کە زۆرتر بەدژی خەڵکی ئاسایی و لە سەردەمی شەڕ یان ئاشتی ڕووی دابێ؛ وەک کوشتن، کۆمەڵکوژی، ژینۆساید، پاکتاوی ڕەگەزی، کۆچی زۆرەملێ، کەڵکوەرگرتن لە چەکی قەدەغەکراو،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تێرۆریزمی دەوڵەتی یان پشتیوانی لە تیرۆریزم، بێسەروشوێن کردنی بەزۆری، زیندانیکردنی نادادپەروەرانە، ئێعدام، ئەشکەنجە، دەستدرێژیی سێکسی، سەرکوتی سیاسی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئازاری ئۆلی و ئایینی و...، هەموو ئەوانەی باسم کرد بەشێ هەرە زۆری لە دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا بەدژی نەتەوەکانی ئێران کراوە و بەتایبەت لەلایەن ڕێژیمەوە بەسەر کورد هاتووە. هەر لەم دواییانەدا دادگای خەڵکیی "آبان" ناوی ١٦٠ تاوانبار کە بریتی بوون لە بەرپرسانی باڵای ڕێژیم لەوانە خامنەیی و وەزیری نێوخۆ و زۆرێک لە فەرماندەرانی سپای بە جینایەتکاران بەدژی مرۆڤایەتی ناساند. کاتێک هەموو ئەو بەڵگانە و دادگاییانە کەڵەکە دەبنە سەر یەک و بەردەوام بەڵگە و شاهید و تاوانەکانی ئێران زیاد دەبن، باوەڕم وایە ڕۆژێک کە ڕەنگبێ زۆر نزیک بێ نەک هەر لێپرسینەوەی جدیی بەڵکوو بەگژ هەموو بێ پرەنسیپییانەیدا بێن و تەمەنی ئەو ڕێژیمە کە دژی بەها مرۆڤایەتییەکانە کۆتایی پێ بێ. چوونکە هەر بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکان حکومەتێک خەڵکی وڵاتی خۆی بکوژێ یان ئەوەی پێی دەگوترێ جینایەت بەدژی مرۆڤایەتی بکات، ئەرکی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەتایبەت شورای ئەمنییەت کە ئەو حکوومەتە بە شێوازی جۆراوجۆر وەک گەمارۆدان یان گۆڕین، جا چ بە خۆشی چ بە ناخۆشی لابەرن.

**کوردستان**: بگەڕێینەوە سەر خۆپیشاندانەکان، جەنابت وەک کەسێک کە جیا لە چالاکی مافی مرۆڤی لەهەمبەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانیشدا کارت کردووە و چەندین توێژینەوە و نووسراوەت هەیە، ئەو ڕاپەڕینەی ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: سەرەتا دەبێ پێناسەیەکی کورت لە بزاڤە شێلەکان بکەین. بزوتنەوەی کۆمەڵایەتی جۆرێک لە ئاکاری کۆمەڵایەتییە کە بە هۆکاری جۆراوجۆر، بەشێک یان بەشی هەرەزۆری جڤاک دژکردەوە و ناڕەزایەتی خۆیان لە چوارچێوەی هەوڵی بەکۆمەڵ collestiv actin ئاگاهانە و مەبەستدار لە دۆخی ئارایی دەردەبڕن. ئەم ڕابوونە دەتوانێ شەبەنگێکی بەربڵاو لە بابەتە سەرەکییەکانی وەک، نابەرابەریی کۆمەڵایەتی، ئایینی، هەڵاواردنی ڕەگەزی، ئایینی، ئەتنیکی، تەناهی، دۆخی ئابووری (هەژاری)، کولتووری و... بێ. کە باس لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین پاڕادایمی سەرەکیی ئەم پێواژۆیانە ناڕەزایەتی ئاشتییانە و سڤیلمەندە، هەرچەند جۆر و شێوازی تریش لە نافەرمانیی مەدەنی هەر لە ڕێپێوانی پڕ لە توندوتیژی هەتا تێکهەڵچوونی سەر شەقام و کۆڵان بوونی هەیە. دوو ئامانجی سەرەکی لەو بزوتنەوانەدا یەک: چاکسازی (لە نزمترین ویستدا) و دوو، گۆڕان (لە بەرزترین حاڵەتدا) خۆیا دەبن. دەتوانم بڵێم ئەوەی ئێستا لە ئێران و بەتایبەت ئاخێزگەکەی واتە کوردستان ڕووی داوە، بزووتنەوەیەکی بێ میناکی جیهانییە. چوونکە بۆ یەکەم جارە بەو شێوازە بەربڵاوە و لەو ئاستەدا درووشمی: ژن، ژیان، ئازادی" لە ناوچەیەک بە تایبەتمەندی ئۆلیی وەک ڕۆژهەڵاتی ناڤین دەبێتە ڕەمز، هەروەها یەکەم جارە دوای ڕاپەڕینی گەلانی ئێران سەرجەم نەتەوەکانی ئەو جوغرافیایە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ یەکیان گرتووە بەدژی ئەو حکوومەتە و ڕۆڵی ژنان زۆر بەرچاوە و ئامانجی گشتی ئەم ڕاپەڕین و بزووتنەوەیە نەمانی ڕێژیمە واتە بزووتنەوە یان شۆڕشی ژینا بە تەواوەتی لەبواری پێوەرەکانی بەشداری، جۆری خواستەکان، ڕادەی بەشداربوان و درووشمەکان هەروەها هەڵوێستی وڵاتانی ڕۆژئاوایی جیاوازە و دەتوانێ بە درێژەدان و مانەوە لە شەقام سەرکەوتن وەدەست بێنێت.

**کوردستان**: لە یەکێک لە توێژینەوەکانتدا کە پارەکە بڵاو بۆوە باست لەوە کردووە کە لە بەشی هەرە زۆری ڕاپەڕینەکانی ١٥ ساڵی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و تەنانەت چەند نموونە لە ڕۆژئاواش، خەڵک لە وەرزی پاییز ڕاپەڕینییان دەست پێ کردووە بەتایبەت لە ئەوەی بە بەهاری عەرەبی ناسراوە. ئێستا ئەو ڕاپەڕینەش لە کۆتاییەکانی وەرزی هاوین و بە شێوەیەکی پڕ گڕوتین لە سەرەتای وەرزی پاییز وەک ئەوەی ئێوە باست کردووە دەستی پێ کردووە، ئایا بەڕای ئێوە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕاپەڕینە لە چ دایە؟

**شاڕوخ حەسەنزادە**: هۆکاری ئەوەیکە وەرزی پاییز وەک وەرزی خەباتی مەدەنی و تێکۆشانی بزووتنەوەکان بۆ گەیشتن بە خواستەکانیانی لێ هاتووە زۆرتر بۆ لایەنی ئابووری و ڕەوشی کۆمەڵگە نەریتییەکان و ئەو هەلانەی لەو مەودایەدا دێتە ئاراوە، دەگەڕێتەوە. ڕاستە ژینا ئەمینی لە کۆتایی مانگی خەرمانان بە دەستی هێزە تەناهییەکان کوژراو، بەڵام بەدەر لە هەست و سۆز و ڕقی کۆمەڵگە لەو شێوازە قیزەونەی ڕێژیم بەناوی حیجاب ڕەچاوی کردووە هەر خێرا خواستی خەڵک بۆ لێپرسینەوە لە بکەرانی ئەو کوشتنە حکومەتییە بۆ خواستی گۆڕانی ڕێژیم چوو. هەرچەند حکوومەتیش وەک کولتووری باوی نەک هەر بکەرانی نەناساند و سزای نەدان بەڵکوو حاشای لێ کرد و وەک هەمیشە بە توندوتیژی هێرشی کردە سەر خەڵک، هەربۆیە درووشمەکان خێرا بوونە "مەرگ بەر خامنەیی" یان هەر خودی دروشمی ژن ژیان ئازادی کە فەلسەفەیەکی زۆر جوانی لە پشتی و ڕێک پێچەوانەی ئایدۆلۆژیای ڕێژیمی ئێران بوو. بەڵام تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی ئەو سەرهەڵدانە چەند خاڵێکن کە هەر ئەمانە سەلمێنەری ئەوەیە ئەو بزاڤە سەرکەوتوو دەبێ. یەکەم، بەشداریی سەرجەم نەتەوە و ئۆل و ئایینزاکانی ئێران بە کورد، فارس، بەلووچ، تورک، عەرەب، سوونی و شیعە لە ڕاپەڕینەکەدا. دووهەم، بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچان لە خۆپێشاندانەکان تەنانەت کە چاو لە ئاماری گیراوەکانیش دەکەین ڕادەیەکی زۆر لەوانەی دەسبەسەر کراون و لانیکەم ٥ کەس لەوانەی گیانیان لەدەست داوە ژنن. سێهەم، بەشداریی خوێندکاران، یان باشترە بڵێم گەڕانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆسەر شانۆی بزووتنەوە و سەرهەڵدانەکان بەجۆرێک هەتا ئێستا زیاتر لە ١٠٠ زانکۆ تەقڵی ئەو خۆپێشاندان و مانگرتنە بوون. ئێمە دەزانین لە ١٨ی پووشپەڕی ١٣٧٨دا بۆ یەکەمجار دوای ڕەوگیرکردنی شۆڕش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چالاکیی بەربڵاویان دەست پێ کرد و دواتریش لە بزووتنەوەی سەوز و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەرمانان و سەرماوەزی ٩٦ و ٩٨ ئەگەرچی جموجۆڵێک هاتە ئاراوە، بەڵام هێزە سەرکوتکەرەکان نەیانهێشت خوێندکاران پەل ببزێون. چوارەم فاکتەر، بەشداری قوتابییانی قوتابخانەکان. ئەمە یەکەمجارە بەو شێوە بەربڵاو و لەو ئاستەدا قوتابییان بەشداری بزووتنەوەیەکی نارەزایەتی بن، لە ئاستی ئێران هەتا ئێستا زیاتر لە ٦٠ منداڵی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کوژراون و لە کوردستان ١١ هاونیشتمانی تەمەن ژێر ١٨ ساڵ کە قوتابی بوون لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانەوە گیانیان لەدەست داوە، جێگای سەرنجە ئەگە بگوترێ بە پێی بەڵگەی بەرپرسانی رژێم کە ئاشکرا بووە لە ١٤ هەزار قوتابخانەی ئێران نزیک ٢٠٠٠ قوتابخانە راستەوخۆ بەشدارییان لە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان کردووە هەروەها لە کۆی گشتی ٢٥هەزار قوتابی پارێزگای سنە ١٧هەزار قوتابی تەنای لەم پارێزگایە بەشداری نارەزایەتییەکانییان کردووە. پێنجەم فاکتەریش بەشداریی بەرچاوی شەبەنگی مامۆستایانی ئایینی و فەرهەنگییانە کە لەهەر دوو لەو چینانە دەسبەسەرکراویان هەیە.

هەروەها کەلکوەرگرتن لە شێوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زۆر ئاگاهانە و رێکخراو ئەگەرچی رێبەرییەکەی دیاری نییە و جگە لە کوردستان نەبێ ئاڵتێرناتیڤ بوونی نییە؛ وەک مانگرتن (لە کوردستان و لەلایەن حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی ناوەندی هاوکاری لەو ماوەیەدا ٩ جار داوا کراوە دووکان و بازار دابخرێن و مانگرتنی گشتی بکرێ کە هەر ٩ جار لە ئاستی کوردستاندا خەڵک وڵامی دایەوە و شارەکان داخران)، هەروەها شێوازی وەک گەرەکتەوەر بوون بۆ بەربڵاوبوونی خۆپیشاندانەکان لەبەر کۆنترۆڵنەکردنی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە، مانگرتنی قوتابییان و خوێندکاران، مانگرتنی شۆفیران و... . کەواتە ئەگەر پیشتر هەرکام لەو توێژانە بە جیا چالاکییان دەکرد ئێستا پێکەوە و بۆ یەک ئامانج هەوڵ دەدەن و تێدەکۆشن. کە ئەمە لە تایبەمەندیی سەرەکی ئەو سەرهەڵدانەیە کە هیوای ئەوە دەبەخشێت خەڵک بە ئامانج و خواستی خۆیان بگەن.

**کوردستان**: زۆر سپاس کاک شارۆخ بۆ کات دانانت بۆ ئەو هەڤپەیڤینە

**شارۆخ حەسەنزادە**: سپاس بۆ ئێوە

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان میدیا – رێکەوتی: ١٦ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشی ژینا، هاوکێشەکانی شۆڕشێکی فێمینیستی لە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و مافخوازیدا



د. کوێستان گادانی

ڕاپەڕینی مافخوازانەی خەڵکی ئێران بە دوای شەهیدکردنی ژینا ئەمینی لە شاری تاران هەروا بەردەوامە، ڕاپەڕینێک کە بێدەسەڵاتیی ژینا و کوژرانی بێبەزەییانەی دایگیرساند و جیهانی هێنایە سەر هێڵ. بێگومان لەو ڕاپەڕینەدا ڕەگەزی ژنانەبوون و باندۆڕی یەکسانیی ڕەگەزی لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی بزاوتێکی سەرانسەریی مافخوازیین کە ئێستا ئیدی بەرگژەی بۆ تەواوەتیی ڕێژیم دروست کردووە. تێڕامانێک لە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وەک بەردی بناغەی ڕاپەڕینەکە و بەشداریی هەراوی ژنان لە ناڕەزایەتییەکاندا و چاوخشاندنێک بە ئاماری شەهیدان و دەسبەسەرکراوانی ئەم ڕاپەڕینە ڕۆڵ و پێشەنگایەتیی ژنان بە تایبەت لە کوردستان و جیاوازیی ڕاپەڕینەکە لەگەڵ سەرهەڵدانەکانی پێشوومان بۆ دەردەخات. هەر ئەوەش لەجێدا وورووژێنەری پرسیارێکە کە، ئایا ئەم جیاوازییە بەم مانایەیە کە ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی ژنانە و فێمێنیستییە یان ڕاپەڕینێکی سەرانسەری؟

ئەگەر ژینا وەک ناوەندی سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەڕینە دەستنیشان بکەین، دەتوانین دەروازەیەک بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بکەینەوە، ئەویش بە چەند هۆکار کە ژینا وەک سیمبول چەندین ئێلێمەنتی ئەم ڕاپەڕینە لە خۆیدا وێنا دەکات، بۆ نموونە: ژنبوون (جیاوازیی ڕەگەزی)، کوردبوون (ئیتنیکی)، سوننیبوون (جیاوازیی مەزهەبی)، داپۆشینی قژ و ڕوخسار (حیجابی ئیجباری) بنەماڵەیەکی مامناوەندی(جیاوازیی چینایەتی)، شێوەی شەهیدکردنی (مێتۆدی دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم)



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و غەریببوون (دیاردەی پەراوێزخران و ناوەندگەریتی) ... . ئەم چەند ئیلیمەنت و فاکتورانە نیوەی زیاتری کۆمەڵگە خۆی تێدا دەبیننەوە و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لە هەموو ئەو بوارانەدا نیری ئەو ستەم و چەوسانەوەیان لەسەر ملی خۆیان هەست پێ کردووە. بۆیە ئێستا هەرکام لەوان کە لە سەرشەقام خۆیان دەبیننەوە، پشتیوانی لە خواستی یەکتر دەکەن. بەو پێیە جەوهەری ڕاپەڕینەکە تەنیا پرسی نەتەوەیی یان حیجابی زۆرەملێ نییە، بەڵکوو چەندین فاکتەر وەک ئاڵقەیەک بە دەوری ژینادا کۆ بۆتەوە کە هەرکام لەو فاکتەر و ئێلیمەنە کۆمەڵێک خەلک بۆ ئەم ویستانە بە دوای خۆیدا ڕادەکێشیت. بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ژناندا، ژنان لە ماوەی ڕابردوودا پێشانیان دا کە لەجێدا توانای بەڕێوبەری و ئیدارەکردنیان هەیە، هەروەها ژنان وێڕای پیاوان لە ئاستی بەرنامەڕێژی و بەڕێوبەریدا و، لە پێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتدا و یەکساندا شان بە شانی یەکتر لە سەنگەردان.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" خۆی بەبێ شرۆڤەش پێمان دەڵێ ژن وەک مانای ژیانەوە و بەرهەمهێنەری ژیان دەبێ خۆی ئەوەندە ئازاد بێت کە بتوانێ ژیان و ئازادی ببەخشێتە کۆمەڵگە. بەڵام هەموو کات دەبێ لەبیرمان بێت کە بزانین داوای ئازادبوون لە چی دەکەین و ئازادیمان بۆ چی دەوێت؟ لێرەدایە کە دەبێ سرنج بدەینە ئەوەی ئەم ئێلیمەنتانەی وەک ئاڵقەیەک لە دەوری ژینادا بەرچاو دەکەون، ڕەنگبێ تەواوی ناڕازییانی سەرشەقامی ئەمڕۆی ئێران نەگرێتەوە. ڕەنگبێ بۆ ژنێکی بەلووچ مەسەلەی نەتەوەیی وەک کورد یەکێک لە بنەڕەتیترین فاکتەرەکانی بەشداری بێت، بەڵام بۆ خاتوونێک لە شارێکی وەک تاران یان تەورێز ڕزگاری لە حیجابی زۆرەملێ و ئازادیی دەرکەوتن زیاتر سەرنجی ڕاکێشابێت و ئەوی هێنابێتە سەر شەقام. بەڵام گرینگ ئەوەیە هەموویان هەر یەکە و بە هەر خواستێک ئەمڕۆ لە ئاستێکدا و بۆ یەک مەبەست، ئەویش نەهێشتنی ئەم نیزامە تۆتالیتێرە کار دەکەن و ئامادەی گیانیفیدایین. کەواتە ئەم ڕاپەرینە کە بە شۆڕشی ژینا ناو دەبرێ ڕەنگ و ڕووخساری ژنانەی پێوە دیارە و ئەوە ژنان بوون چەخماخەی ئەم شۆڕشەیان لێ دا، شۆڕشێک کە نەک کوردستان و ئێرانی تەنی، بەڵکوو وەک دەبینین لە ماوەی نیزیک بە سێ مانگدا جیهانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە.

بزووتنەوەی ژینا یەکەم بزووتنەوەی ژنان نییە، بەڵام بزووتنەوەیەکی ژنانە بوو کە توانی ببێتە ڕاپەڕینێک و هەموو جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ خۆی بخات. هەروەها تەنیا یەک بزووتنەوەی ویستتەوەر نییە، بەو مانایا کە تەنیا یەک ئاراستە بە ڕاپەڕینەکەوە دیار نییە، هەروەک باسمان کرد ناڕەزایەتییەکی فرەچەشن و فرەڕەهەندییە. لە وڵاتانی ڕۆژئاواییدا زۆر وڵات هەبوون کە ژنان هاتوونەتە سەر شەقام و داوای تایبەتیان وەک مافی دەنگدان و مافی بەرانبەر هەبووە و داوای ڕیفورم و چاکسازییان کردووە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەتدا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ شۆڕشی ژینا، ژنانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کورد و بەلوچ و ئێرانی داوای دەکەن دەروونمایەی شۆڕشێکی ژنانەیە کە داوای گۆڕینی دەسەڵاتێکی ژنکوژ و منداڵکوژ لە وڵاتێکی فرەنەتەوە و نەریتیی وەک ئێران لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەکات.

ئەم شۆڕشە دەتوانێ شۆڕشی ژنان بێ، هەروەک چۆن ئێستا بە "شۆڕشی ژینا" ناو دەبرێ، بەڵام ناکرێ بە شۆڕشی فێمێنیستی پێناسەی بکەین، با ئەوەش کە ویست و داخوازە بنەڕەتییەکی ژنان و عاملییەتی ژنان چەخماغەی ئەم ڕاپەڕینەی لێ داوە. بە واتایەکی دیکە ئەم ڕاپەڕینە بزووتنەوەیەکی فێمێنیستیی ڕادیکاڵ نییە و ئەگەر لە پێناسەکانی شۆڕشێکی فێمینیستیشدا جێ بگرێ، پتر بە لای فێمینیستی لیبراڵدا دەشکێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم شۆڕشە فێمینیستییە بەو بەربڵاوی و فرەڕەهەندییەی بەشداریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە دروستی کردووە؛ ئێستا لە بەرگی ڕاپەڕینێکی مافخوازانەدا دەرکەوتووە. خاڵی گرینگ ئەوەیە کە لەم ڕاپەڕینەدا هاوکێشەکان دەبێ هاوسەنگییان بۆ بکرێت و ئەگەر چاوەڕێی دەسکەوتی دڵخوازی هەمەلایەنەش لەو ڕاپەڕینە بین، بۆ گەیشتن و دەستەبەری ئەو دەسکەوتانە نابێ شۆڕشەکە بخەینە بازنەی پێناسەیەکی تەنگەبەرەوە.

خەڵکی ئێران لە بەردەم ئەزموونێکی تازەدان. بەشێک لە هەیکەلی ئەم ڕاپەڕینەی ئێستا، ٤٣ ساڵ لەوەپێش لە شۆڕشێکی مەزندا نیزامی سیاسیی وڵاتیان گۆڕی، شۆڕشێک کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیی لێ کەوتەوە. شۆڕشێک کە دواتر بەرهەمەکە دەسەڵاتێکی نادیموکراتیک، ئیدئۆلۆژیک، سەرکوتگەر، پەراوێزخەر و ژن و منداڵکوژی لێ کەوتەوە کە هەر ئێستا خەڵک قۆڵیان لە ڕاماڵینی هەڵماڵیوە. ئێستا هەمووان دەزانن دەسەڵاتێک کە بەرهەمی شۆڕشێکی جەماوەری بوو، دیکتاتۆرییەکی لێ بەرهەم هاتوە کە خوێنی خەڵکی لە شووشە کردووە، وەڵامی بۆ هیچ کام لە داخوازە سیاسی، مەدەنی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی وڵات پێ نییە، تەنانەت منداڵانی خوار ٢٠ ساڵ کە لە نیزامی پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیمدا پێ گەیشتوون، لە ڕیزی پێشەوەی دژبەرانی ئەو سیستمەدا جێیان گرتووە. ڕێژیمێکی گەندەڵ کە لەلایەک گەندەڵی هەموو هەیکەلی داگرتووە و لەلایەکی دی چی سامانی وڵاتە بۆ شەڕانشۆییەکانی داناوە و بۆ ئەو ئامانجەش خەڵکی وڵاتی بەبارمتە گرتووە. بۆیە ئەو بەحەق ڕەوایە کە خەڵک هەم بە هەموو توانایانەوە لەدژی ڕابن و هاوکات بیانەوێ لە نیزامی سیاسیی داهاتووی وڵاتدا ئاسەواری هیچ کام لەو هەڵاواردن و کەمایەسییانە نەمێنن. ئەوەی لە ئێران ڕادەبرێ تەواو ڕاپەڕینێکی مافخوازانەی پێکهاتەشکێنە، هاوکات ململانێیەکی ناهاوسەنگ لە ڕووی هێزی جەماوەری و ئیرادەی سەرکوتی ڕێژیمە. بۆیە ئەو پرسیارەش بەجێیە کە چۆنە بە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانییەوە ڕێژیم دەتوانێ ئەو جینایەتانە بخوڵقێنێ؟ بۆچی کاردانەوەی وڵاتان بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لەئاست چاوەڕوانیی خەڵکی ئێراندا نییە؟ وەڵامەکەش بۆ چەند فاکتەرێک دەگەڕێتەوە:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**یەکەم**: لە دوای پەتای کۆرۆنا و شەڕی رووسیە و ئۆکراین و هەروەها پشتیوانیی چین لە ئێران و هاوسەنگییەکانی ئێستا، لە جیهاندا فوکوسی تەواو لە سەر یەک شوێن و بابەت نییە، بەڵکوو وزە و فوکوسی نێودەوڵەتی دابەش بووە. هاوکات بەرژەوەندیی وڵاتان لەگەڵ یەکتری، یان بەرژەوەندیی نێوخۆیی هەر وڵاتێک کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بەربەست بۆ جووڵەکانی، بەتایبەت لە نەبوونی ئۆپۆزیسیۆن و بەدیلێکی بەهێز بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە وڵاتە قەیرانلێدراوەکاندا دەستنیشان دەکا.

**دووهەم**: لە پێناسەکردنی کێشەکانی ئێران تەنیا بە "بەرجام" و دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا، خەڵکی ئێران و پرسە گرینگەکانی ئەو وڵاتە، وەک پرسە نەتەوەیی و مەزهەبی و هەڵاواردنە ئایینی و ڕەگەزییەکان و ستەمکارییەکانی کۆماری ئیسلامی لە هاوکێشەی پێوەندییەکانی وڵاتان لەگەڵ ئێراندا غایب بوون. بەڵام ڕاپەڕینی ژینا تا ڕادەیەک خەریکە ڕوانگەکان لەو پێوەندییەدا دەگۆڕێ و هەڵپەساردنی دانوستانەکانی بەرجامیش دەتوانێ لەو خانەیەدا جێ بگرێت.

ئێستا بە پێی هاوکێشە نوێیەکان، واتە بەردەوامیی نارەزایەتی و ڕاپەڕین لە نێوخۆی ئێران، گۆڕینی ڕێژەیی ڕوانگەی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی جیهانی بۆ بابەتەکانی ئێران دەکرێ باس لە سێ سێناریۆ بکەین:

**یەکەم**: پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە چوارچێوەی نیزامی ئێستای کۆماری ئیسلامیدا، بەو مانایە کە بە ئاشتەوایی لەگەڵ ڕیفۆرمخوازە حکوومەتییەکان و هێزی دابڕاو لە دەسەڵات و کۆمەڵە گۆڕانکارییەک لە سیاسەت و ڕەفتارەکانی ڕێژیمدا بتوانن ناوکی دەسەڵات بۆ ماوەیەکی دیکەش بەهێزتر و یەکگرتووتر بکەن و بە بەردەوامییان لە سەرکوتی نارەزایەتییەکان کاتێکی زیاتر بۆ مانەوەیان لە دەسەڵاتدا بکڕن.

**دووهەم**: توندوتیژیی زیاتر و سەرکوتی خەڵک و چوونە فازی حکوومەت نیزامیی لەئێستا سەختتر تا لە ڕێگەی سەرکوت و زەبروزەنگی زیاترەوە بتوانن ئیرادەی خۆیان بە سەر دۆخەکەدا بسەپێنن.

**سێهەم**: ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و یەکگرتوو لە بەرگی ئاڵترناتیڤی کۆماری ئیسلامیدا دەربکەوێ و بە بەردەوامی لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکان لە نێوخۆی وڵاتدا و ڕاکێشانی پشتیوانیی دەرەکی کە ئەمە لە درێژخایەندا ڕێگا بۆ گۆڕینی دەوڵەت، سەرکەوتنی ڕاپەڕین و گۆڕینی نیزامی سیاسی و یاسای بنەڕەتیی وڵات خۆش دەکا.

پوختەی مەبەست: ڕاپەڕینی ژینا ئاوێنەی هەست و سۆزی ژنان و ئەو ستەمانەیە بە درێژایی مێژوو لە ژنان کراوە، بۆیە چەخماغەکەی ژنان لێیان دا و ژنانیش چ لە پێشەنگایەتی و چ لە بەشداریی هەراودا توخمی سەرەکیی ڕاپەڕینەکەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دۆخی کۆمەڵگەی ئێران و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییش ناگەڕێتەوە بۆ پێش کوشتنی ژینا و ئێستا ئیدی سنوور و سەنگەرەکان لە ئێران تەواو جیا کراونەتەوە. لە بەرەیەکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ فراوانتر دەبێت، ژنانی ئازادیخواز، نەتەوە مافویستە سەرکوتکراوەکانی هەتا ئێستا، لایەنگرانی یەکسانی و بەرانبەریی مافە مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئایینییەکان و گۆڕانخوازە دێموکراتیکەکان وەستاون. چەکی دەستی ئەوان باوەڕ و ئیرادەی خەبات و گۆڕانکارییە. لە بەرەی بەرانبەریشدا کەمایەتیی لایەنگری کۆماری ئیسلامی کە سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات و ئامرازەکانی سەرکوت و داپڵۆسینیان لەدەستدایە. مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانە لە وڵاتانیش پێشانی داوە کە هیچ دەسەڵاتێکی سیاسی بێتوو ڕەوایی و شەرعییەتی خەڵکیی نەبووبێ، بە پشتبەستن بە بەهێزترین چەک و ئامرازی سەرکوت نەیتوانیوە دەسەڵاتەکەی ڕابگرێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆتایی سەردەمی سیاسەتی ناکۆکی بنۆوە و حوکمەت بکە



**زانیار حوسێنی**

لەدوای کووشتنی ژینا ئەمینی، ئەوەی تا ئێستاکە لەپاش تێپەڕبوونی ٨٠ ڕۆژ لەو شۆڕشە هاتۆتەوە ئاراوە و هەموو جیهانی تەنیوە، ئەوەیە کە خەڵک نە پاشگەز دەبێتەوە، نە چیی تر هیوایان بە چاکسازی لە هەر ئاست و بوارێکدا ماوە لە حەیاتی ئەو دەسەڵاتەدا.

ئەوەی لەو خۆپێشاندانانەدا کە ئێستاکە چۆتە قۆناغی شۆڕشەوە ڕوی داوە، لەڕاستیدا ئەوەیە کە نە دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی و نە دژبەرانی ئەو ڕێژیمە تیرۆریستە پێیان وابوو کە لەسەر کووشتنی کچێک، تەواوی ئێران یەکدەنگ دەبێت و بەو شێوەیە دەرژێتە سەرشەقام؛ چوونکی ئەوە بۆ هەموو لایەنێکی سیاسی، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و ڕۆژنامەنووسەکان بابەتێکی لەڕادەبەر دووپاتکراوەیە کە کچێک یان کوڕێک بەهەر هۆیەک لەلایەن دەزگاکانی ئەمنییەتی یان نیزامیی ئێرانەوە بکوژرێ. یەکەمجاریشە لە چەشنی خۆیدا کە بەشەکانی دیکەی ئێران ئاوا بە دەنگی کوردستانەوە دێن و ئەو جۆرە ناڕەزایەتییانە پێکەوە هاوبەش بکەن و پەرە بستێنێ بۆ هەر چوار گۆشەی ئێران.

جێی پرسیار و لێکۆڵینەوەیە کە بۆ دەبێ حاڵەتێک و دۆخێکی وا بێتە پێش لەو جوگرافیایە کە وردترین و بەئەزموونترین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شیکارەکانی ئەو ناوچەیە لە بواری جۆراوجۆردا، نەیانتوانیبێ ئەو جۆرە لە خۆپێشاندانەکاندا پێشبینی بکەن، یان لانیکەم وەک ئەگەرێک ئاماژەی پێ بکەن؟ بەڕاستی نەبوونی ڕێکخراو و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و میدیای سەربەخۆ ڕێگری ئەو مەسەلەیە بووە؟ یان تاکوو ئێستاش پوتانسییەل و زەرفییەتەکانی ناو ئەو جوگرافییایە بەدروستی نەناسراوە؟ چ شتێک یان شتگەلێکی شاراوە لەژێر پێستی هزر و ڕای گشتیی شارەکانی ئەو وڵاتە گوزەراوە کە هیچ لایەنێکی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی لە سەتا یەکیش، بیری لەوە نەدەکردەوە کە کووشتنی کچێک یەکێک لە گەورەترین ناڕەزایەتییەکان و خۆپێشاندانەکانی ئەو سەدەیەی لێ بکەوێتەوە؟

کۆمەڵگەیەک یان باشتر وایە بڵێین کۆمەڵە کۆمەڵگەیەک لەنێو ئەو وڵاتە کە هەمیشە هەوڵ دراوە وەک یەک کۆمەڵگە پێناسە بکرێت بەڵام جیاوازییە جۆراوجۆرە ناسراوەکانی لە هەر بەشێکیدا دیار بووە، بۆ یەکەمجار وەک کۆمەڵە کۆمەڵگەیەک کە لە ئاستێکی باڵادا خاڵی هاوبەشیان زۆر بووە و بۆ دوو مەبەستی سەرەکی هاتۆتە سەرهێڵ؛ یەکەمیان لادانی دەسەڵاتێکی خوێنمژ و دیکتاتۆڕە و دووهەمیان دامەزراندنی دەسەڵاتێکی دێموکراتیکە بە لەبەرچاوگرتنی ئوسوول و پرەنسیبە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی مافەکانی مرۆڤ کە لەسەر ویست و خواستی ڕەوای ئەو خەڵکە بێ و ڕێزی لە کەرامەتی تاک و کۆمەڵگە بگرێت و لە هەموو بەشەکانی مانیفێستی دەسەڵاتداریدا بیگوونجێنێ. لەڕاستیدا بەشە شاراوەکانی ئەو کۆمەڵە کۆمەڵگەیە بە چ ڕەهەندێک و تایبەت بە کام چین یان چینەکانە و هەر یەکەی لە چ ئاستێک دابووە کە سەرەڕای ئەوەی هیچ بەشێک و لایەنێکی بەڕوونی و بەوردی نەدیتراون بەڵام بەشێوەیەکی ڕێک و پێک و لەبەرچاوان ون، ناڕاستەوخۆ بەیەکدی لکێنراون. تەنیا ڕێگە بۆ بەدرووستی چوونەژوور لەو بابەتە، بەجیا چاولێکردنی کۆمەڵگەی هەر نەتەوەیەکە بۆ دەرکەوتنی ئاسۆیەکی تەواو و کامڵ لەو پازێلە شێواوەی ئێران.

لەو سەرهەڵدان و شۆڕشە دوو گەل زۆر بەرچاو و دیارن، کورد و بلووچ. کوردەکان کە لە سەرەتای دامەزرانی دەسەڵاتی مێژەربەسەرە قومی و نەجەفییەکان بڕیاری خۆیان دا و ئەو دەسەڵاتەیان وەک داگیرکەر پێناسە کرد و ڕوویان کردە ڕەهەندە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی خەبات لەتەواوی تەمەنی ئەو دەسەڵاتەدا. بەلووچەکانیش هەر وەک کوردەکان ئەو ڕێگەیان هەڵبژارد و تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ لەسەر ئەو ڕەوتە و ڕێگەیە بەردەوامن.

ئەو بابەتە بۆ تورکەکان هێندێک جیاواز بوو، هەرچەند ئەوان لە چەند قۆناغدا ناڕەزایەتییان دەربڕی و خۆپێشاندانیان کرد بەڵام تا ڕادەیەکی زۆر جۆری هەڵسوکەوتی دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ وان وەک بەشەکانی دیکەی ئێران و گەلانی دیکەی نێو ئەو قەوارەیە، بەتایبەتمەندی جیاواز داڕێژرابوو. تورکەکان لە بواری ئابووری و هەروەها نیزامی بەتایبەت لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخراوی سوپای پاسداراندا مەیدان و بەهایەکی زۆریان پێ درا. هەروەها لە دامودەزگا ئەمنییەکان وەک ئیتلاعاتی ولات، زانیاری و هێزی پۆلیس بەستێنێکی بەربلاویان بۆ ڕەخساندن؛ جگە لە بەشی ئابووری ئەو حاڵەتە بۆ گیلەکەکان و مازەنییەکانیش درووست کرا و ڕێک خرا.

عەرەبەکان، بەختیارییەکان و لۆڕەکان بەکورتی دەتوانین بڵێین لە هەمووشتە سەرەکییەکان بێبەش کران و تەنیا لە بازنەی ناوچەی خۆیان لەنێو ئێراندا ڕکەبەری ئابووری، کشت و کاڵ و مودیرییەتیان لە ئاستێکی زۆر خواریّ بۆ پێک هێنان و بە تێکدانی ژینگەیان بەشێوەی دەورەیی و دیاریکراو بەڵام بەزیندوو ڕاگرتنی کێشەکان لە نێویاندا، جۆری نیشتەجێ بوونیانی تا ڕادەیەکی بەرچاو گۆڕدرا ( هەمان سیاسەتی ڕەزا میرپێنج لەو ناوچەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ئارامتر و وردتر). لۆڕەکان و عەرەبەکان لە دامودەزگای دیکە وەک تاقمی زەربەت، نێپۆ و دژەشۆڕش سازمان دران.

بەڵام کورد و بلووچ تەنیا بەشێوەیەکی بەرچاو و ڕێژەیی لە پایگا و بنکەکانی سوپای پاسداران و بەسیج سازماندەهی کران و لە بەشە ئەمنییەتییەکانی دی کەمتر بوونیان دیارە و دەرکەوتووە؛ لێنەزانی ستراتیژیک و بەئانقەستی ڕێژیمی ویلایەتی فەقی لە ناوچەکانی کوردستان، بەلووچستان، خوزستان و ئەو ناوچانەی کەمینە ئەتنیکییەکان تێیدا نیشتەجێن، هۆکاری سەرەکیی پەیوەستبوونی خەڵکی ئەو ناوچانەیە بە دامودەزگای نیزامی، ئەمنی و سەرکوت.

دەسەڵاتی ویلایەتی فەقی تەنیا لەو پارێزگایانەی کە فارسی لێ نیشتەجێیە یان کولتوور و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیی فارسی بەسەردا زاڵە، خۆی وەک حکومەتێکی تا ڕادەیەک خەڵکی دەرخستووە و خزمەتگوزارییەکانی بەشێوەیەکی باشتر و پێشکەوتووانەتر لەو بەشانەدا وەگەڕ خستوە.

لەڕاستیدا سیاسەتی ئەو ڕێژیمە بۆ هەر گەلێک بە شێوەیەکی جیاواز هەڵبژێردراوە و دارێژراوە؛ لەنێو هەناوی هەر سیاسەتێکی تایبەت بۆ گەلێک، سەرلەنوێ بەپێی جیاوازی کولتووری، ئایینی و نیشتەجێبوونیان، وردبینانەتر پیلانەکان جیا کراوەتە و ئاڵوگۆڕی تێدا پێکهێنراوە.

بۆ نموونە لەنێو کوردەکاندا، سیاسەتی ڕێژیم لە پارێزگاری ورمێ بەهۆی تێکەڵاویی کورد و تورک، جیاوازە لەگەڵ سیاسەتەکانی ڕێژیمی تاران لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و سنە؛ بەو مانایە لە یەک سیاسەتی گشتی بۆ گەلێک، چوار سیاسەتی جیاواز لە چوار پارێزگا دانراوە. بەشێوەیەک کە بتوانێ ئەو گەلە لەو چوار پارێزگایە لەبواری ئێتنیکی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زمانی، کولتووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەبیانووی ئایینی، زاراوەی ناوچەیی و پێناسەی شووناسی بنەماڵەیی و جوگرافی لەیەکدی هەڵبڕێ؛ ئەوە خۆی بەشی نێوخۆیی بۆ ئەو نەتەوەیەیە و هەوکات لە ئاستی گشتگیردا بە دیاریکردنی سنووری هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئەو گەلە لە ڕێگەی میدیاکان و کار و چالاکییەکانی دام ودەزگای ڕیکلامی بە شێوەی مەیدانی، دەورەیی و بەبیانووی ڕێ و ڕەسمە تایبەتەکانی خۆیان بەنیسبەت گەلانی دیکەی ئێران ئەو دابڕانە لەو حاڵەتەشدا وەسەریەک بخاتەوە و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە ئامار و داتای هەڵە ئەو بۆشاییانە زیاتری بکات.

لە بواری سیاسی، ئیداری، ئابووری و نیزامی هەڵسوکەوتی ڕێژیم لە نێوخۆی پارێزگایەکی کوردی لەگەڵ پارێزگایەکەی دیکەی کوردی جیاوازی بەرچاو و زەق دەبینرێ. بۆ نموونە بە کەڵکوەرگرتن و زەقکردنەوەی ئایین و کەمڕەنگ کردنەوەی بواری نەتەوەیی کورد لە کرماشان، مەیدان و دەرفەتێکی بەرفراوانتر دراوە بە کورد لەوێ بۆ بەشداریکردنی لەو چوار بوارەی لەسەرێ ئاماژەمان پێ کردن و بەهۆی ڕێژەی زۆری نیشتەجێ بوونی کورد لەو پارێزگایە، وەرگرتنی کورد لە ئەرتەش زۆر بەرچاوە و بە پڕۆپاگەندە هەوڵ دراوە کە وەک بایەخێک لەو پارێزگایە چاوی لێ بکرێ و لە هەمانکاتدا کورد کەمتر لەلایەن سوپای پاسدارانەوە وەربگیردرێ. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەرک و دەسەڵاتی ئەرتەش لە ئێران و لەبەرانبەر سوپای پاسداراندا. لە حاڵێکدا لە پارێزگاکانی ورمێ، سنە و ئیلام دەرگای وەرگیرانی کورد لە سوپای پاسداران ئاوەڵایە و کەمتر کورد لەلایەن ئەرتەشەوە وەردەگیرێ، یان لەو ناوچانە سازمان دەدرێن؛ ئەوەش لە کەس شاراوە نییە، جیا لەوەی کە بە سیاسەتی ئابووری، ڕاگرتنی پرۆژەکانی ڕەخساندنی هەلی کار بەشێوەیەکی پۆلێنبەندی کراو و هەنگاو بە هەنگاو چووەتە پێش، بەو هیوایە کە هیچ ڕێگەیەک نەهێڵێتەوە بو تاکی کورد و لە هەمبەر دووڕییانی کۆچ یان پەیوەستبوون بەو ڕێکخراوە حکوومییانەی دابنێ.

سیاسەتی دەسەڵات لێکدابڕاندنی هەر گەلێکە لەنێو بازنەی خۆیدا بەبیانووی جیاوازییە ئاساییەکان (کە لەنێو هەر گەلێک لەجیهاندا بوونی سروشتی هەیە) و دواتر پێناسەکردنی هەرکامیان لە بەشێکی دیکە و لە بازنەیەکی گەورەتره بەجۆرێک کە بازنەی پێناسەی سەرەکی ئەو گەلە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ قەتیس تر بێتەوە. وەک نموونە بە کورد دەڵێ قەوم بەڵام هەورامی وەک پێناسەی کولتووری و زمانی بە نەتەوە پێناسە دەکات یان بەنیسبەت کرماشانی هەروەها و کورد لە ئیلام بەجۆرێکی دی و هتد؛ لەحاڵێکدا کە گەلی کورد وەک هەموو گەلانی جیهان لە کۆمەڵێک بناغەی ئێتنیکی لەنێو جەرگی ڕەچەڵەکێک پێک هاتووە.

ئەو سیاسەتە بۆ بەلووچ، عەرەب، گیلەکی و مازەنی و تا ڕادەیەک بۆ توورک بەکار دێت و بۆ هەرکام بەپێی زمان،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کولتوور، مێژوو، کۆمەڵگە، ئایین، پێکهاتەکانی و بەتایبەت جیاوازییە ئاساییەکانی نێو ئەو بوارانە دارێژراون. لە ئاکامیشدا بڵاو کردنەوە و پەرتەوازەکردنیانە لەنێو دامودەزگا جۆراوجۆری ئیداری، ئەمنی و نیزامی وڵاتدا بەبیانووی جۆراوجۆر و هۆکاری ئابووری، خزمەتگوزاریی زیاتر و هتد. لەو حاڵەتەشدا بەشێوەیەک پیلانەکان پۆلینبەندی دەکات کە هەر گەلێک ڕووبەڕووی گەلێکی دیکە بکاتەوە و مەترسی تووانەوە بەهۆی بوونی بەرانبەریان بۆ ساز بکات، هەوکات لەنێو هەناوی هەر گەلێکدا کە جیاوازییەکان دەکاتە ئامانج، بەنێوبژیوانی لەنێویاندا بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئاکامی کێشە و تێکهەڵچوونیان لەگەڵ یەکدی، زیاتریان بازنە بازنە دەکات و بە شێوە و ویستی خۆی، بشێویی کولتووری و کۆمەڵایەتی و مێژوویی زیاتر پێک دێنێ تا وەک دەسەڵاتێکی بەهێز حوکمیان بەسەردا بکات.

بەڵام ئەوەی لەچاوی کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە ون بووە، هێز و توانای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێکخراوەکانی ناوچەیی لە هەر بەشێک لە ئێران و ئاڵوگۆڕی ڕوانگەی نەتەوەکانی ئێران بەنیسبەت یەکدی و وشیارتربوونەوەی نەتەوەکانی ئێرانە کە بەشی هەرە زۆری بە تێکەڵاوتربوونی ئەو گەلانەیە بەهۆی پێداویستییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. جێگەی ئاماژەیە کە بگوترێ کە مێژوو ئەو ڕاستییە دەرخستووە کە تێکدانی ڕاستییەکانی هەر کۆمەڵگەیەک و بەلاڕێدابردنی ویست، خواست و مافە ڕەواکانی خەڵک، لەئاکامدا دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەوتە درووست و ئوسولییەکان لەنێو جەرگەی ئاشکرا و شاراوەیەی ئەو کۆمەڵگەیەدا. بەهەمان شێوە لەنێو کۆمەڵگەکانی دیکە و ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و کولتوورییانە بەهۆی خاڵی هاوبەش بەیەکدی دەلکێندرێن و دەبێتە هۆی سازبوون یان ئامادەبوونی بەستەرێک بۆ پڕ ڕەنگکردنەوەی ڕاستییەکان و لادانی ڕەوشتە دەسکردە غەیرە ئوسوولییەکان، بەپێی ڕادەی تێکدان یان تێکچوونی ڕاستییەکان؛ شاڵاوی تەنینەوەی ئەو ڕەوتە پێکهاتووانە بۆ گەڕاندنەوەی واقەعیاتی کۆمەڵگە یان هەر کۆمەڵگەیەک لە چوارچێوەی خۆیدا، توندتر و خێراتر دەبێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا — ڕێکەوتی: ١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شوناسی یاسایی و بەرگریی ڕەوا



ڕەزا دانشجوو

### سێکانسی یەکەم

بەپێی پلانێکی پێشوەختەی دیاریکراو، دوای سەرکەوتنی تیپی تۆپی پێی ئێران بەرانبەر بە وێڵز، بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە کاتێکدا ئاڵای کرێتی کۆماری ئێسلامییان لە سەرووی نێزەی تفەنگەکانیانەوە هەڵواسیوە، خەریکی نواندنی شانۆی گاڵتەجاڕی هێزنواندن لەنێو جەماوەری خەمباردان. بەکرێگیراوانێک کە سەماکردن بۆ خاوەن تاج بۆتە خووی ڕۆژانەیان، ئێستا لە سەربانی ئۆتۆمبێلێک سەما دەکەن کە هەر چەند ڕۆژ لەمەوبەر هەر لەنێو ئەم ئۆتۆمبێلەوە دڵی منداڵە بێتاوانەکانی ئەم خاکەیان دەکردە ئامانجی گوللەکانیان. لە گۆشەیەکی تردا تاقمێک بەکرێگیراو بە هەمان دەست کە هێشتاش بە خوێنی لاوانی کورد سوورن، بەڵێ، بە هەمان دەستە ناپاکەکانیان، دەسماڵی چۆپیبەدەست هەڵدەپەڕن. خۆبەزلزانینی نەبڕاوەی مووچەخۆرانی دەزگای ویلایەتی فەقیهـ. کەسانی سووک و بێئابڕوو و بێدەسەڵات تەنانەت لە کاتی پێکەنین و گریانیشدا. نۆکەرانی دەرباری ئاخوندی، گوێ لە فەرمان بۆ کوشتن و دەستدرێژی و لەسێدارەدان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

### سێکانسی دووهەم

خەڵکانێکی دڵخۆش، وەک ئەوەی هیچ شتێکی تر لەم کاتەدا نەتوانێت ئەوەندە دڵخۆشیان بکات، خەمبار لە شەقام و کۆڵانەکاندا، بەڵام کەیفخۆش بە شکستی هێزەکانی دیکتاتۆر، دڵنیا لەو ڕاستییە کە ناڕاستی هیچکات تا سەر نامێنێت، ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕن. دەنگی هەرای خەلک و هۆڕنی ماشێنەکان هەموو کەس ئاگادار دەکاتەوە، تەنانەت ئەوانەی کە خەویان زۆر قورسە، چ بگا بە ئەوانەی کە نیشان دەدەن کە خەوتوون و گوێیان لێ نییە! ئەو بەکرێگیراوانەی کە دوێنێ سەمایان دەکرد، ئێستا گەڕاونەتەوە سەر کاری خۆیان و خەریکن دیسان بۆ کوشتن فیشەک لەنێو خەڵکدا دابەش دەکەن، بەدوای سەردا دەگەڕێن بۆ پەتەکانیان. بۆنی خوێن جارێکی تر هەوای ئەم شارە خەمناکەی پڕ کردۆتەوە، بە دابی هەمیشەیی و پێشوویان بە خوێنی کوژراوەکان دەستنوێژ دەگرن و لەسەر جەستەیان نوێژ دەخوێنن. ئەمە ڕاستیی مەکتەبی وەلایەتی فەقێیە.

### سێکانسی سێهەم

بکوژە بێڕەحمەکانی ڕێژیم بە تانک و هامەر و بە فیشەکی دۆشکا چوونە شەڕی خەڵکی بێدیفاع لەسەر شەقامەکان، خەڵکانێک کە جگە لە بەرد و شەرەف هیچی تریان پێ نییە، هەندێک جار تەنانەت بەردیشیان لە دەستدا نییە و وەڵامیان لە بەرانبەر فیشەکدا تەنها هاوار و دروشمە. بەکرێگیراوەکان بە دڕندەیی بێهاوتا خەریکی خۆڵقاندنی تاوانێکی مرۆڤین. جگە لە دەنگی فیشەک و گریان هیچی تر نابیسترێت، شەقام پڕە لە تەرمی ئەو کەسانەی تاقمێکیان تەنانەت هیچ پەیوەندییەکیان بە شۆڕشی ژیناوە نەبووە و تەنیا تاوانیان بوون لە کات و شوێنێکی دیاریکراو و کەوتن بەر فیشەکی بێ ئامانجی بەکرێگیراوانە، مەبەست هیچ گرینگ نییە، فەرمان تەقەکردنە و ئەوان دەبێ تەقە بکەن، ئێستا قەتڵ و کوشتن بۆتە خووی ڕۆژانەیان، هیچ جیاوازییەک لەنێوان منداڵ و ژن و پیاودا نییە. دەبێت بکوژن تا فەرماندە ڕقلەزگ و بێدەسەڵاتەکەیان کەمێک ئارام بێتەوە.

### سێکانسی چوارەم

بەکرێگیراوێک کە کەوتۆتە دەستی شۆڕشگێڕان و تەنانەت گوتنەوەی "مەرگ بۆ فەرماندەی بێدەسەڵات"، ناتوانێت لە دەست شۆڕشگێڕان ڕزگاری بکات. چەند فەرماندەی پلەباڵای سپای پاسداران لە چەند شاری جیاجیا لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە سزا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەدرێن. بە ئاخوندەکانی حکوومەتی و نوێنەرانی بەکارنەهاتووی مەجلیسی ڕژێم ڕاگەیەندراوە کە ئاگاداری فەرمانگە و ماڵەکانیان بن. لەم ڕۆژانەدا بنکەکانی بەسیج، ناوەندەکانی گەندەڵیی کۆماری ئیسلامی، یەک لە دوای یەک لە ئاگری شۆڕشگێڕاندا دەسووتێن. ئێستا فەرماندەی سوپاش بەتەواوی ئاگاداری ئەم ترسە لە سەربازەکانیدا بووە. دیکتاتۆر لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بەسیجییەکانی ئەڵقەلەگوێی، هەستی بە قووڵایی ئەم کارەساتە کردووە، دەزانێت چیتر توانایی ڕابردوویان نییە لەبەردەم ئەو خەڵکەی کە ئێتر ناترسن، قورئان بۆ بەکرێگیراوەکانی دەخوێنێتەوە ڕەنگە بتوانێت دیسان ئیرادەیان بەرز بکاتەوە، بەڵام زیاتر وەک خوێندنەوەی سورەتی یاسین وایە بۆ جەماعەتی ترساوی دڵمردوو.

## سڕینەوەی شوناسی و شوناسیی دەستووری

کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژی دامەزرانییەوە دەستی کرد بە سڕینەوەی هەموو نیشانەکانی شوناسی ئەوانیدی. زمان و جلوبەرگ و ڕێورەسم و داب و نەریت و هەموو ئەو شتانەی کە لە بیری دۆگماتیک و دواکەوتووی ئاخوندەکاندا جێیان نەدەبۆوە، بە بیانووی دژایەتی لەگەڵ ئایینی دەسکرد و ساختەی ویلایەتی فەقیهـ یان قەدەغە کران یان بەتەواوی لە ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆیان لادران. هەرچەند کۆماری ئیسلامی بەشێکی زۆر لەم سەروەت و سامانە فەرهەنگییانە لە ڕواڵەت و لە شێوەی نووسیندا قبوڵ کرد و تەنانەت لە ئاستی دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی دا ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام بە کردەوە بە هەموو شێوەیەک حەوڵ درا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان. بۆ نموونە زمانی کوردی تا ئەوکاتەی بۆ ستایشی ڕێبەری ڕێژیم و حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەکار دێت، ڕێگە پێدراوە؛ بەڵام کاتێک لە گێڕانەوەیەکی سەربەخۆدا، چ نووسراو بێت یان بە قسە بەکاردێت، نیشانەی تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی دەسەڵات و جیابوونەوەیە. لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی بۆ بەکرێگیراوانی نێوخۆی ڕێژیم نیشانەی ڕێزگرتنە لە فەرهەنگی کوردی، بەڵام لەبەرکردنی هەمان جلوبەرگ بۆ کەسانی سەربەخۆ نیشانەی پەیوەستبوونە بە گرووپە ئۆپۆزسیۆنە کوردییەکان. هەڵپەڕکێ لە جێژن و کۆبوونەوەکانی حکوومەتی جوانە و ڕێگە پێدراوە، بەڵام لە بازنەی تایبەتدا و گردبوونەوەکان خەڵکانی سەربەخۆدا نایاسایی و مەحکووم، ناشەرعی و نائیسلامییە. لە ڕاستیدا وەک هەموو بەشەکانی تر، بۆ ڕێژیم هەموو ئەمانە وەک ئامرازێک بۆ بەرژەوەندییەکانی دیکتاتۆر جێگای قبووڵوگفتوگۆیە. هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ پێدانی شوناسێکی قانوونی و زۆرەملێ. پشتیوانی بێسنوور لە بەکرێگیراوان و یارمەتیدانی کەسانی بێ ناسنامە بۆ پیاهەڵدانی تاج و تەختی وەلایەتی فەقیهـ..

## بەرگریی ڕەوا

بەرگریی ڕەوا واتە دۆخێک کە مرۆڤ لە مەترسیدایە و ناچارە کاردانەوەی هەبێت بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات. دیارە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەم کاردانەوەیە دەتوانێت لە هەر ئاستێکدا ڕووبدات. بەرگریی ڕەوا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان وەک دۆخێکی تایبەت ڕێگەپێدراوە. ئەوەی لە سەرەوە لە بارەی کاردانەوەی خەڵک بەرانبەر بە کردەوەکانی ڕێژیم باس کرا، بەشێکە لەو بەرگرییە ڕەوایە. لە حاڵەتی یەکەمدا کۆمەڵگە بەتەواوی لە بەرەی پێچەوانەدایە. لە بەردەم نۆرمی قانوونیی حکوومەت، فەرمانێک کە ئەمجارە نەک خودی کەسەکە بەڵکوو شوناسەکەی خستۆتە مەترسییەوە، ئەم جار خەڵک ئاگادار لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی لە بەرامبەر ئەو شوناسە دەستوورییەی کە دیکتاتۆر دەیهەوێ بە سەریدا زاڵ بکات ڕادەوەستێ و بەرەنگاری دەبێتەوە. بێگومان بۆ ئەو کەسانەی کە عاشقی یاریی تۆپی پێن و وڵاتەکەیان خۆش دەوێت، خۆشی و زەردەخەنە لەو ڕۆژەی تیمی وڵاتەکەیان دۆڕاوە، لە ڕاستیدا بەرگرییەکی ڕەوایە لە ناسنامەی هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، تێکۆشانی خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی شوناسی تیمێکە کە ناوی خەڵکی لە سەرە بەڵام بۆ حکوومەت یاری دەکات. دڵخۆشیی خەڵک دەگەڕێتەوە بۆ شکستی حکومەت لە زەوتکردنی بەرژەوەندی تیپەکەیان. پێچەوانە ئەم جۆرە بەرگرییە ڕەوایە نیشانەی هۆگریی خەڵکە بۆ هەڵبژاردەی وڵاتەکەیان، مرۆڤ هەرگیز ڕکەبەری هیچ کەسێک ناکات بۆ وەدەستهێنانی شتێک کە لای بایەخی نەبێت. خەڵک چاوەڕوانی دەکرد ئەم یاریزانانەی کە خۆیان پەروەردەی کردوون و هەڵیانکێشاون، ئێستا لەم وەرچەرخانە مێژووییە، لایەنی خەڵک بگرن، لایەنی خاوەن ڕاستەقینەکانی هەڵبژاردەی نیشتمانی. خەڵک بۆ وەرگرتنەوەی شوناسی هەڵبژاردەی نیشتمانی خۆیان هاتنە سەر شەقامەکان.

وەک ئاماژەمان پێدا بەرگریکردن لەخۆ پێوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە پلەی مەترسییەوە. ئەو کەسەی ژیانی لە مەترسیدایە هیچ بژاردەیەکی نییە جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشبەرەکە. ناتوانێت کەسێک بانگهێشتی گفتوگۆ بکەیت کە بێ ئامانج تەقەت لێ دەکات. دیارە تەواو ڕێگەپێدراوە لەو ئاستەدا بەرگری لە خۆت بکەیت کە مەترسیت لەسەرە. ئەمە ئەو واقیعەیە کە ئێستا لە مەیدانی کرداردا شۆڕشگێڕان ناچارن ڕووبەڕووی ببنەوە. ئەوان زۆر باش تێگەیشتوون کە کاتێک لایەنی بەرامبەر ئیرادەی گوێگرتنی نییە، قسەکردن لەسەر پێکەوەبوون دروشمێکی پووچ و بێبایەخ زیاتر نییە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر باوەڕیان بە گفتوگۆ هەبوایە، بە تانک و هامەر نەدەهاتن.

لەگەڵ هەموو ئەوانەدا نابێ دوو خاڵی گرنگ لە باسکردنی بەرگری ڕەوادا پشتگوێ بخرێن. یەکەم: ئاشکرایە، وەک گوترا، دەبێت ڕێژەی کاردانەوە بەپێی پلەی مەترسییە ئەگەرییەکان بێت، پێویستە مەتر و پێوەرێکی دیاریکراو هەبێت و لە توندڕەوی خۆ دوور ڕابگرێت. خاڵێکی تری گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ هەرگیز نابێت تەنها یەک تێگەیشتنی هەبێت بۆ ڕووداو و کەسانی جۆراوجۆر، بێگومان دەبێت جۆری کاردانەوە لەبەردەم بەکرێگیراوێکی بێدەسەڵات بێ پلە و بایەخ جیاواز بێت لە بکوژێکی ناسراو و دەستڕۆیشتوو. نابێت ڕێگە بدرێت ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو دوو جەمسەری هەنگاو بنێت، هەموو کەس،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تەنانەت ئەوانەی کە ڕەنگە کاریگەرییەکی زۆر کەمیان هەبێت، بوونیان بۆ شۆڕش پێویستە. بەدڵنیاییەوە گۆڕینی هێزێکی بێلایەنی ڕێژێم بۆ بەکرێگیراوێک و هاویشتنی بۆ نێو بەرەی ڕێژیم هەڵەیەکی گەورەیە. بۆ لەنێوبردنی کۆماری ئیسلامی، نابێت ڕێگای سەرەکی بگۆڕدرێت، نابێت مرۆڤ خۆی بخاتە نێو شتی بچووک و بێنرخەوە. با هەستەکان بەرەو ئامانجی سەرەکی ئاراستە بکرێن، بۆ دادگایی کردن و سزادانی تاقمێک نۆکری بێدەسەڵات و سووک هەمیشە کات هەیە. ئامانجی ئەم شۆڕشە لەنێوبردنی بریکار و بڕیاردەر و بەرپرسیاری سەرەکیی ئەم بارودۆخەیە. بە دڵنیاییەوە ئەمە پەیامی شەهیدان سوورخەڵاتە. بەرگریی ڕەوا مافێکی پارێزراوە و ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بۆ گەیشتن بە سەری مار و ڕووخاندنی سیستمی وەلایەتی فەقیە..

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا



**ئارەزوو نستانی**

گرینگیدانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە پرسی مافی مرۆڤ ڕابردوویەکی زۆری هەیە، بەڵام سەرەتا لە ئاستی دەوڵەتاندا چەندین هەوڵی گرینگ و شوێندانەر لەو بوارەوە دراون، وەک بەڵگەنامەی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتی ١٧٩٧ی فەڕانسە کە بە سەرەتای هەوڵی ڕێکخراو و داڕێژراو بۆ ڕێزگرتن و پشتگیریی مافەکانی مرۆڤ دادەنرێ. هەروەها بڵاوکراوەی مافی هاووڵاتیی ١٧٩١ی ئەمریکا و پاشان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دامەزرانی خاچی سووری نێودەوڵەتی ١٨٦٤ و کۆنڤانسیۆنی ژنێڤی تایبەت بە کۆیلایەتی ساڵی ١٩٢٦، لە هەوڵە بەرچاوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بەر لە پێکهێنانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانن.

ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهانی و پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە گۆشە و کەناری جیهان، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەرەو دامەزرانی ڕێوشوێنی تایبەت بە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ هان دا. لە ماددەی ١ی میساقی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئاماژە بەوە کراوە کە بەرەوپێشبردن و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان بۆ هەموان بەدەر لە نەژاد، ڕەگەز، زمان و یان ئایین لە ئامانجە سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە. دامەزرانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی وەک یەکێک لە ئۆرگانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرەکییەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرهەمی ئەو بارودۆخە تایبەتەی دوای شەڕ بوو کە ساڵی ١٩٤٦ دامەزرا. کۆمیسیۆن لە داڕشتن و جیهانگیرکردنی ستانداردە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا و سەرەتا بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی نائیلزامی بەڵام گرینگی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ لە ساڵی ١٩٤٨ سەرنجی وڵاتانی بۆ ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ ڕاکێشا. ئەو بەڵگەنامەیە تا ئێستاش بە گرینگترین و لە هەمان کاتدا گشتگیرترین بەڵگەنامەی نێودەوڵەتی دادەنرێ کە بە ئامانجی ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ بڵاو کراوەتەوە.

گەورەترین کەمایەسیی جاڕنامەکە بریتی بوو لە نائیلزامی بوونی، هەر بۆیە کۆمیسیۆن لە ١٩٦٦ هەر دوو ڕێککەوتننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی بە پەسندی کۆڕی گشتی گەیاند و زۆربەی وڵاتانی جیهان واژۆیان لەسەر کرد. بەشێوەیەکی گشتی چالاکییەکانی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکرێ: لە ساڵی ١٩٤٦ هەتا ١٩٦٦ بە قۆناغی داڕشتن و سەقامگیرکردنی ستانداردە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ دادەنرێ. لە ١٩٦٧ بەولاوەیە کە کۆمیسیۆن لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی بابەتی و هەروەها پێکهێنانی گرووپی جیاوازی کاری بەدواداچوون بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتانی جیهان دەکا. لە ساڵی ١٩٩٠ەوە قۆناغی سێهەمی چالاکیی کۆمیسیۆن دەست پێ دەکا کە تێیدا کۆمیسیۆن سەبارەت بە پرسەکانی پەیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و بەرەوپێشبردنی مافە فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان، ڕاوێژ پێشکەشی وڵاتان دەکا.

لەگەڵ ئەوەی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لە جێگیر کردنی بنەماکانی مافی مرۆڤدا کاریگەرییەکی گەورەی دانا، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٦ هەڵوەشایەوە و جێگەی خۆیدا بە شوورای مافەکانی مرۆڤ. شوورا پێچەوانەی کۆمیسیۆن بەدواداچوون بۆ پرسی مافی مرۆڤ لە هەموو وڵاتانی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بەبێ جیاوازی و بە شێوەی دەورەیی دەکا. ئەو میکانیزمە دەوڵەتانی هان دا بۆ باشترکردنی دۆخی مافەکانی مرۆڤ لە خولەکانی داهاتوودا، بۆ ئەوەی خۆیان هەرچی زیاتر لەگەڵ پرەنسیپە پەسندکراوەکانی مافی مرۆڤ بگونجێنن.

لە ئامانجەکانی پێکهێنانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بریتی بوو لە بەستنەوەی پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ بە فەسڵی حەوتەمی مەنشووری نەتەوە یەکگرتووەکان واتە هەڕەشەی ئاسایش و ئەمنیەتی نێودەوڵەتی بوو کە لە پرۆژە پێشنیارییە چاکسازییەکەی کوفی عەنان، سکرتێری ئەوکاتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هاتبوو. بەپێی ئەو پێشنیارە ئەگەر پێشێلکاریی بەربڵاوی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتان لە لایەن ئەنجومەنی مافی مرۆڤەوە پشتڕاست بکرێتەوە، دەرگا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دەکرێتەوە کە دەستێوەردان بکا. بەڵام ئەو هەوڵە سەری نەگرت و لە بڕیارنامەی دامەزراندنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شورای مافی مرۆڤ نەچەسپێنرا، کە دیارە وڵاتانی پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و یەک لەوان کۆماری ئیسلامی لە دژبەرانی ئەو پێشنیارە بوون.

شورای مافی مرۆڤ بەرپرسیارەتیی سەرەکی هەیە لە پەرەپێدان و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەڕەتییەکان. ئەو شورایە لە سەریەتی بەدواداچوون بکا بۆ پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە وڵاتە جیاوازەکان و ڕێوشوێنی پێویست بگرێتە بەر. شورا جیا لەوەی وەک ئۆرگانێکی سەر بە کۆڕی گشتی پێگەی یاسایی بەرزترە لە کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ، لە هەمان کاتدا لەڕووی لۆجێستیکی و پێکهاتەییەوە قورسایی زیاتری هەیە و بڕیارەکانی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا خاوەن پلە و قورسایی زیاترن. شورا پێچەوانەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤ لە هەر کاتێکدا دەتوانێ لێکۆڵینەوە لە پرسی پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ بکا. جگە لەوە شورا لە ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکانیدا پشت بەو زانیارییانە دەبەستێت کە لە لایەن دەوڵەتان، ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و هەروەها نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبەستێ، لە کاتێکدا کۆمیسیۆن تەنیا پشتی بە دەوڵەتان دەبەست.

دوابەدوای مەحکوومکردنی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە وێڕای مەحکوومکردنی پێشێلکاریی سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە ڕەوتی خۆپێشاندانەکانی ئێران، بڕیاری پێکهێنانی کۆمیتەیەکی بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕاستییەکانی ئەو پێشێلکارییانە دا. لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکان زۆربەی جار کاتێک پێک دێ کە ئیدیعای پێشێلکاری بەربڵاو و سیستماتیک لە وڵاتێک لە ئارادا بێت کە بنەما پەسندکراوەکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها یاسای نێودەوڵەتیی مرۆڤدۆستانە پێشێل کرابێت. ئامانجی شورا لە پێکهێنانی ئەو لێژنەیە بریتیە لە پشتڕاست کردنەوەی پێشێلکاریی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ کە گریمانە دەکرێ لە ماوەی ڕاپەڕینی ئەمدوایییانەی خەڵکی ئێراندا ڕوویان دابێت. لێژنەی دەرخەری ڕاستییەکان لێکۆڵینەوە دەکا لە دۆخی مەترسیداری مافی مرۆڤ و بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە ئەشکەنجە و ئیعدام و خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان و دەسبەسەر کردن بە هۆکاری سیاسی و تەنیا بەهۆی بەشداری لە خۆپێشاندان و نارەزایەتی دەربڕینەکان. لە کۆبوونەوەی شورای مافی مرۆڤدا ڕاستەوخۆ ئاماژە بە کوشتنی خەڵکی مەدەنی و تەقە لە منداڵان کراوە کە بەپێی ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکەونە خانەی تاوانی دژی مرۆڤایەتییەوە.

ئەوەی کە پێویستە سەبارەت بەو ڕووداوە ئاماژەی پێ بکرێ ئەوەیە کە سەرنجی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەر بەرنامەی ناوکی و هەروەها سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامییەوە بەرەو پێشێلکاریی مافەکانی مرۆڤ گۆڕاوە. کۆمەڵگەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نێودەوڵـەتی، کۆمـاری ئیسـلامیی ئێرانـی پێشێلکاری مـافی مرۆڤ بـە مەترسـی دەزانـێ و بەرەبـەرە خـۆی لەگـەڵ خواست و داواکارییەکانی گەلانی ئێران زیاتر دەگونجێنێ. بێگومان ئەوەش بەرهەمی ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئێران و پشتیوانیی ڕەوەندی ئێرانی لە دەرەوەی وڵاتە کە بۆتە هۆکاری سەرەکیی ئەو گۆڕانکارییە. لە نزیک دوو مانگ و نیو ڕاپەڕینی خەڵکی ئێراندا، وڵاتە جیاوازەکان زیاتریان تەحریمیان بەهۆی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ بەسەر ڕژێمی ئێراندا سەپاندووە ئەو ڕەوتە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە پەرەسەندن دایە.

ئەوەی لەو ماوەیەدا بۆتە جێگای پرسیار و مشتومڕ چ لە ئاستی کۆمەڵگەدا و چ لە ئاستی نوخبەی قانوونیدا ئەوەیە کە بڕیارنامەی شوڕای مافی مرۆڤ خاوەن هێزی جێبەجێکار نییە و ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ کۆماری ئیسلامی بەدواوە نابێ.

ئەو گریمانەیە لە دوو ڕووەوە شایانی هەڵسەنگاندنە. ئەوەی کە بڕیارنامەکانی شوڕای مافی مرۆڤ ئیلزامی نین لەو ڕووەوە ڕاستە کە وەک یاسای نێوخۆیی زەمانەتی جێبەجێ کردنیان نییە و هیچ لایەنێک نـاتوانێ بە زەبری هێز کۆماری ئیسلامی ناچار بە پێبەندبوون بە ستانداردەکانی مافی مرۆڤ بکا کە لە لایەن ئەو دامەزراوەیەوە هەوڵیان بۆ دەدرێ.

لە ڕوویەکی ترەوە دەتوانین بڵێین بڕیاری شوڕا ئیلزامییە و لـە ئەگەری پێملنەبوونی کۆماری ئیسلامی سزا یـان پاشهاتی خراپی بۆ حکوومەت لێ دەکەوێتەوە. بەشێوەیەک کە پرێستیژ و ئێعتیبـاری ئێران ڕوو بە دنیـای دەرەوە لاواز دەکا. کاتێک لە دامەزراوە نێودەوڵەتییەکاندا دەنگی وڵاتێک کز دەبێ، بە هەمان شێوە سەنگی وڵات لـە بـوارە جیاوازەکانی ئـابووری و فەرهەنگیشدا دادەبەزێ و لە مەیدانی دیپلۆماسیشدا تەریک دەکەوێتەوە.

لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوایی و بە گشتی کـۆمەڵگەی نێودەوڵـەتی لـە پێنـاو پاراستنی بەرژەوەندییەکانیاندا چاویـان لـە پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤدا داخستوە. هەڵوێستی ڕاشکاوانەتر و مرۆڤ تـەوەری ئەمدواییانە و یەک لـەوان مەحکووم کردنی کۆمـاری ئیسلامی لە لایەن ئەنجومەنی مـافی مرۆڤی نەتـەوە یەکگرتووەکانەوە ئاماژەیـە بـۆ هێـزی ڕاپـەڕینی ئەمدواییانـەی گـەلانی ئێـران و تێگەیشـتنی کـۆمەڵگەی نێودەوڵـەتی لـە گۆڕانکارییـە چاوەڕوانکراوەکانی ئێران.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٦ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کاربەدەستانی باڵای ڕێژیمی ئاخوندی بەتەواوی نائومێدبوونە



محەممەد سلێمانی

حکوومەتی ئاخوندی ئێران پاش بێ هیوابوونیان سەبارەت بەوەی کە ناتوانن بەسەر ڕاپەرین و خرۆشانی گەلانی وڵاتدا زاڵ بن، سەرۆک کۆماریان ئەرکدار کردووە وەک دەڵاڵێکی سیاسی بە وڵاتاندا بگەڕێ تا شوێنی داڵدەدانی سەرانی ڕێژیم و بنەماڵەکانیان لە ئەگەری دارمانی ڕێژیم بۆ دابین بکات.

بە گوێرەی سەرچاوە هەواڵگری و خەبەریەکان لە سەر ئاستی ئێراندا، بڵاو کراوەتەوە کە وڵاتی ڤەنزوئێلا وەک دۆست و هاوپەیمانی حکوومەتی ئاخوندی ئێران، بەڵێنی داڵدەدان و پاراستنی خۆیان و ماڵ و منداڵی پێداون. ئەوەش لە کاتێکدایە کە سەرۆکۆماری ئێران لە ڕۆژی خوێندکاردا لومەی خەڵکی کوردستان دەکات کە لە ژێر تەوژم و فشاردا، ئەو دوکانداراەیان ناچارکردووە داوای لێبوورن لە گەل بکات کە شیرنی داوەتە دەستی ڕەئیسی.

ڕەئیسی کاتێک خۆی هیوای بە درێژەی دەسەڵاتەکەیان نەماوە و دەفیکری ڕاکردندان لە وڵاتدان، جگە لە پاڕانەوە و کڕوزانەوەیان، بە دڵنیایەوە پەیامێکی دیکەی پێ نیەو ئەوان بکوژانی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلانی وڵاتن و دەبێت بە سزای خۆیان بگەن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

برایم ڕەئیسی سەرکۆماری حکوومەتی ئاخوندی ئێران سەرەنجام توانی بێتە قسە و باسی شکەستی سەردانەکەی بۆ شاری حەماسە و بوێری و بەرخۆدانی نەتەوەیی کوردستان، بۆ سنەی قارەمان و کوردپەروەر لە ڕۆژی خوێندکار دەکات و پێیوایە لەو ڕێگایەوە دەتوانێت هەستی لاوانی شۆڕشگێڕی تاران بەدژی کورد بجووڵێنێت و بە لای ڕێژیمدا ڕایانکێشێتەوە.

جەلادێکی وەک عبرایم ڕەئیسی لە جیاتی سڕینی ئارەقەی شەرمم دەڵێت: وەختێک سەردانی کوردستانی کردووە و وەک قەرجێک بە بازاری داخراو دا گەڕاوە، سەردانی دوکانداڕێکی کوردی ئەو شارەی کردووە و شیرنی پێداوە و پاشان خەڵکی شار ئەو کەسەیان ڕیسوا کردووە و ناچار بووە داوای لێبووردن بکات.

بەڵێ بۆ خەڵکی سنە و کوردستان شیرنیدان بە جەلادێکی خوێنڕێژی وەک ئێوە و هاوتەریبەکانتان مانا و لێدانەوەی دیکەی بۆ دەکرێ و هەربۆیەش دوکاندارەکە بە خێرای داوای لێبوردنی لە خەڵک کرد پاش ئەوەی زانی چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە و نەدەبوو بەو جۆرە بێتە بەردەمتان.

گەلی کورد بڕیاری سیاسی و شۆڕشگێڕی خۆیداوە کە نابێت قاتڵی ڕۆڵەکانمان پێی بخاتە نێوکوردستان و جگە لە ستم و داگیرکاری و وێرانکردنی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کرداری دڕندانەتان، کارێک تان نەکردووە جێگای بە زەیین. بەشیوەی ڕوونتە بڵێین ئێوە دوژمنی خوێن و خاک و شوناسی سیاسی و نەتەوەیی مانن و بەدڵنیایەوە ئەو ڕۆژە دوور نیە بتان کەینە پەند بۆ مێژوو و شار بەدەرتان کەین هەر وەک خۆشتان دەمێکە بیرتان لە بژاردەی هەڵاتان بۆ وڵاتێکی دیکە کردۆتەوە.

ڕەئیسی سەرکۆماری حکوومەتی تاران دەمێکە لەو ڕاستیە تێگەیشتووە کە گەلانی ئێران بە هیچ جۆرێک وازلە ڕاپەڕین و شۆڕشی ڕزگاریخوازی نا هێن تا دەسەڵاتی ڕەشی ئەو کۆنەپەرستانەی ئێران ڕادەماڵن.

سەرۆک کۆماری ڕێژیم پاش ئەوەی هەست بەمەترسی زیاتر دەکەن و دەزانن کە ڕوخانیان زۆر دوور نیە پەنایان بردۆتە بەر وڵاتی ڤەنزۆئیلا بۆ ئەوەی پاش ڕوخانی حکوومەتی ئێران پەنای ژن و مناڵ و خۆیان بدرێ و لە ئاماندا بژین.

پێشەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان کە لە ڕوخان نزیک دەبنەوە لە یەک خاڵدا بەتەواوی پێک دەچێت، کاتی ڕاکردن و هەڵاتن لە وڵات، کاربەدەستانی تاران لە سەر ئاستی بەرزدا ئێستا دەڵالی خۆیان ناردووە کە جێگای حاوانەوەیان پاش ڕاکردن لە ئێران بۆ دابین بکات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی ئاخوندی دەبێت لەو ڕاستیە بگات کە کورد وەک داگیرکەر و خوێنمژێک سەیریان دەکا و هەر کەس و دەستە و گروپێک پشتیوانی لە ڕێژیم بکات و هاوکاری ئەو دەسەڵاتە جەهەندەمیەبێت، چارەنووسی ڕەش و تاریک دەبێت و گەلی کورد لێیان نابوورێت و ئەو ڕۆژەیٚ دژە گەلیەکان بە سزای کردەوەکانیان بگەن لە ئێران و کوردستاندا.

ئەگەر سەرکۆماری ڕێژیمی ئاخوندی تۆزێک شەهامەت و ویژدانی هەبووایە، دەبوو پاش گەڕانەوەی لە کوردستان دەست بەرداری پۆستەکەی باو و بۆ هەمیشە وازی لەو نیزانە بەتەواوی فاشیلەی تاران هێنابایە و سەری خۆی بەرەو هەندەران هەڵگرتبا.

گەلانی ئێران بەگشتی هاوشێوەی کوردستان بەڕاپەڕین و ناڕەزایەتی دەربڕین و مانگرتنی گشتی نایان بە ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئێران گوتووە و تا ڕوخانی ئەو دەسەڵاتە دەست بەردار خەباتیان نابن و ئێستا تاران و شارەکانی دیکەی ئێران زیاتر جووڵەیان تێکەوتووە و دوور نیە بەو زووانە خەڵکی پایەتەخت بە ڕەو شوێنە گرینگ و هەستیارەکانی ڕێژیم بڕۆن بە نیەتی دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵی تەواوی تاران.

زۆر بەتامترە وەختێک شکەستی سەرکۆماری ئێران بۆ سنەی تێکۆشەر لە زمانی خۆیەوە دەبیسیت و چۆن دەنووزێتەوە لە بەردەم خوێندکاراندا.

ئەو گەمژەیە هێندە کەڵفام و نەزانە هێشتا لە پەیامی سیاسی و شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستان نەگەیشتووە، لە جیاتی لۆمەی گەلی کورد لەسەر بەرخوردیان بەو دوکاندارەی شیرنی پێداوە بکات، دەبوو ڕوی خۆیان ڕەش بکن کە دەبێ چ دێو و درنجەیەک بن کە خەڵک بەو شێوەیە نەفرەتیان لێ بکات و ئەوەی سڵاویان لێ بکات بەوجۆرە دەکرێنە پەندی زەمانەی.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سێبەری ڕەشی دەسەڵاتی ئەو نیزامە گەندەڵ و دژی ئازادی و مافی سیاسی گەلانی پێک هێنەری ئێراندا، زیاتر لە ٤٣ ساڵە خوێنی لێ دەچۆڕێ و هێشتاش لەو سیاسەتە ستەمکارانەیان دەرهەقی گەلی کورد واز ناهێنن و بەردەوام هەوڵی سڕینەوەی ئێمەیان وەک نەتەوەیی کورد لە ئێران داوە.

ڕاپەرینی ئەو جارە بۆ مەبەستی هێندێک گۆڕانکاری بچووک نیە و بگرە ئەو جار شۆڕشێکی بەرینی سەرانسەری لە ئێراندا بەدژی دەسەڵاتی ناوەندی بڕیاری سیاسی ئێران سەری هەڵداوە و پەیامی ئەو شۆڕش زۆر ڕوونە و داوای ڕوخانی ڕێژیمی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاخوندی دەکەن و تا بەدی هاتنی ئامانج و خواستەکانیان دەست لە خەباتی خۆیان هەڵناگرن.

ئامانجی دیار و بنەڕەتی و جەوهەری ئەو راپەڕین و شۆڕشەی ئێران روخاندنی دەسەڵاتی دیکتاتۆری ئاخوندی تارانە.

خروشانی بەر بڵاوتر لە تاران و مەشهەد و ئیسفەهان و شارەکانی تری ئێران پێمان دەڵێت تازە ئەو خەباتەی سێ مانگە چەخماخەی تێکۆشانی لێدراوە، گەڕانەوەی بۆ نیە تا بە ئامانج دەگات.

بەداخەوە تێچووی ئەو ڕاپەڕینە خوێناویە تادی بە هۆی پیاوکوژانی رژێمی خامنەی زیاتر دەبێت و بەشێکی بەرچاو لە خوشک و براکانمان لە بەندیخانەکانی رژێمی ئاخوندیدا لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاردانی جەستەی و دەروونیدان ژیان تێپەڕ دەکەن و ژمارەیەکی بەرچاویش بەداخەوە چارەنووسیان نادیارە.

بەڵی ئەو شۆڕشە هەزینەی خۆیداوە و گەرانەوە بۆدواوە جگە لە قەتڵوعامی خەڵک، ستەمی سیاسی و نەتەوەیی زۆر ڕەفتر دەبێت  و دەرفەت بۆژیان و گوزەران نامێنێتەوە و وڵات بە گشتی دەبێتە مۆڵگەیەکی بەتەواوی نیزامی و ئەمنیەتی بۆ گەلانی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژهەڵات پریس – ڕێکەوتی: ٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# جیاوازیی شۆڕشی ژینا



**سۆران شەمسی**

ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ داخوازیی ئازادی و دیموکراسی، کاربەدەستانی ئەم وڵاتەی خستووەتە نێو دووڕیان یان چەقبەستوویی سیاسییەوە. لەلایەکی دیکەوە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئیسلامی باش دەزانن کە ئازادیی گردبوونەوە یان مافی ئازادیی کۆبوونەوە بە یەکێک لە گرنگترین مافەکانی مرۆڤی خەڵکی هەر کۆمەڵگەیەک دادەنرێت، کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە شێوەیەکی بەرفراوان ناسێنراوە، ئاستی ناوچەیی و نیشتمانی لە بەڵگەنامە جۆراوجۆرەکاندا لەژێر پۆلی مافە مەدەنی و سیاسییەکان. ئازادیی گردبوونەوە و خۆپیشاندان یەکێکە لە دەرکەوتەکانی دیموکراسی کە لە ڕێگەیەوە خەڵک بەبێ نێوەندگیری و بەبێ توندوتیژی، بە بەشداریی کردەیی و ئامادەیی ڕاستەوخۆ دەتوانن بیروڕای خۆیان بۆ دەسەڵاتداران دەرببڕن. لە لایەکی تریشەوە دەسەڵاتی حاکم کۆبوونەوەی ئەو جۆرە پێکهاتانە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر مانەوەی خۆی و لەنێوبردنی بەرژەوەندییە کەسی و حکومییەکانی لێکدەداتەوە. حکوومەتە هەمیشەیی و خۆسەپێنەکان ئەو جۆرە پرەنسیپە بە گەورەترین دوژمنی خۆیان دەزانن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە بەردەم کۆمەڵێک تەحەدا و قەیرانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدایە و لە قۆناغی ناکارامەیی سیستماتیکیدایە. لە دۆخی ئێستەدا هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ توانای کۆنترۆڵکردنی ئەم ناکاراییانە. بە پێناسە، حکوومەتێکی ناکاریگەر ناتوانێت یاساکانی بە شێوەیەکی یەکسان جێبەجێ بکات، یان خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان پێشکەش بە هاووڵاتییانی بکات. ئەم ناکاراییە سیستماتیکە دەرئەنجامی شکست و بێتواناییە لە بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەکی گونجاو و چەند هۆکارێک بەشداربوون لە دروستکردنی وڵاتدا. ئەم تێبینییە باس لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ناکاراییە دەکات کە دەبێتە هۆی تێکچوونی سیستەم.

لە ڕەهەندی ناوخۆدا ڕێژیمی ئیسلامی لە ٢٥ی ڕەزبەری ئەمساڵەوە ڕووبەڕووی ڕاپەڕینێکی جەماوەریی ئازادیخوازانە بووەتەوە کە هەنگاوێکی بچووکە لە شۆڕش. بە واتایەکی سادەتر، خەڵک بە سەرکردایەتیی ژنان، ئازادییەکیان دەوێت کە لە هەر شوێنێکی دیکەی جیهان بە شتێکی ئاسایی دادەنرێت، بەڵام لە ڕێژیمی ئیسلامیدا بە شتێکی حەرام، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی نە دەتوانێت و نە ئیرادەی دابینکردن و زامنکردنی ئەو ئازادییانە هەیە. بە یەک وشە خەڵک دیکتاتۆرییەکی سەرکوتگەر و مەزهەبیی ناوێت و دەسەڵاتی هەبوو بە دەرئەنجامی دەنگەکانیان نازانن.

لە هەندێک ناوچە، پرسی ئاماژەدان بە دەنگی گشتی بۆ دیاریکردنی جۆری حوکمڕانی هاتووەتە ئاراوە، کە چارەسەرێکی زۆر هێمنانەیە لە بەرانبەر هێرشی دڕندانەی ڕژێم بۆ سەر خەڵکی بێتاوان، بەپێی دەستوور و تەنانەت مێژووی ڕێژیمی ئیسلامی. بە واتایەکی تر، گەلانی ئێران دیانهەوێت ڕێژیم بگۆڕن بە هەمان شێوە کە بووە هۆی سەرهەڵدانی، بەڵام ڕێژیمی ئیسلامی تەنانەت ئەم ڕێگەچارەش قەبووڵ ناکات، کە بە خوازراو و پەسەندکراوی جەماوەر نازانرێت و دژی بەکارهێنانی هێزی سەرکوتکەر و ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی بە دژی میللەتی پێ باشترە. درێژەدان بەم شێوازە دەبێتە هۆی ڕووخانی ڕژێم.

لە ڕەهەندی نێودەوڵەتیشدا تەحەددای دیکە لە ڕێبازی ژیانی سیاسیی ڕێژیمی ئیسلامیدا هەن کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قووڵتر و تێپەڕنەکراوتر دەبن.

زۆرێک لە چاودێران پێیان وا بوو کە چارەنووسی نارەزایەتییەکانی ئێستە لە زۆر ڕووەوە جیاوازە لە نارەزایەتییەکانی پێشوو. خۆپیشاندانی ئێستە درێژترین ڕاپەڕینی جەماوەرییە لە دژی ڕێژیمی ئێران؛ چونکە لە کاتێکدا ئەم تووڕەییە جەماوەرییە کە دەستی پێ کردووە، بەڵام تاکوو ئێستە بەردەوامە و تەنانەت لەگەڵ تێپەڕبوونی هەر ڕۆژێکدا مەودای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کارکردنی فراوانتر دەبێت. نارەزایەتییەکانی ئەم دواییە بەرفراوانترین خۆپیشاندانەکانی مێژووی کۆماری ئیسلامییە؛ چونکە هەموو وڵات دەگرێتەوە و وەک نارەزایەتییەکانی پێشوو تەنیا لە ناوچەیەکی دیاریکراودا سنووردار نییە.

راپەرینی ئەم دواییە خوێناویترین خۆپیشاندانە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا؛ بەتایبەت کە رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ باس لە کوشتنی ٤٠٠ کەس و دەستگیرکردنی زیاتر لە ١٤ هەزار کەس دەکەن.

هێزە سەرکوتگەرەکانی رژێم لە نارەزایەتییەکان بە درندانەترین شێوە جەماوەری خەڵک دەچەوسێننەوە. نموونەیەک لەم بانگەشەیە ئەوەیە کە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ زۆر راپۆرتی بەڵگەنامەییان بڵاوکردووەتەوە کە دەرخەری خۆپیشاندەرانی دەستبەسەرکراو بە ژن و پیاو لە ناوەندە ئەمنی و هەواڵگرییەکاندا بە توندی ئەشکەنجە دراون و تەنانەت دەستدرێژیی سێکسیش کراوەتە سەریان.

رەنگە گەورەترین زیان کە تاکوو ئێستە بەر رژێمی ئیسلامی کەوتبێت، ئەو زیانانە بێت کە ئەم رژێمە لە روانگەی ئەخلاقییەوە بەرکەوتووە؛ چونکە رژێمی چەوسێنەری ئێران بە پێچەوانەی دروشمی پشتیوانی لە ستەملێکراوان، ستەملێکراوانی کوشتووە و تەقەی لەو کەسانە کردووە کە نارەزایەتییان بەرانبەر بەو رژێمە دەربڕیوە.

هەر بۆیە مامەڵەی توندوتیژیی ماشێنی سەرکوتی رژێم بەرانبەر بە نارازییان، سروشتی دروشمی ناراستی رژێمی ئیسلامی بۆ پشتیوانی لە ستەملێکراوان و ستەملێکراوانی ئێزدی ئاشکرا دەکات.

بێگومان فراوانبوونی بازنەی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان وای کردووە کە رژێمی ئیسلامی لەراستیدا هەست بە مەترسی بکات؛ بەتایبەتی کە چالاکوانان و لایەنگرانی راپەرینی ئەم دواییە بە "شۆرش" ناودەبەن، چین و توێژە جیاوازەکانی خەڵک بانگ دەکرێن بۆ مانگرتن، کەسایەتییە ناودارەکان بەشداری خۆپیشاندانەکان دەکەن و ئەکتەر و وەرزشوانانیش کە جەماوەرێکی زۆریان هەیە.

**هاودەنگی لەگەڵ خۆپیشاندەران رادەگەیەنن،**

**ئێستا پرسیارێک دێتە ئاراوە، داهاتووی نارەزایەتییە جەماوەرییەکانی ئێران بەرەو کوێ دەبات؟**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیناریۆی یەکەم ئەوەیە کە ڕێژیمی ئیسلامی لە سەرکوتکردنی دڕندانە و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان سەرکەوتوو دەبێت و ناڕازییان دەخاتە شوێنێکی تەنگەوە تا دواجار خۆپیشاندانەکان بە تەواوی بێدەنگ دەکرێن.

سیناریۆی دووهەم چڕبوونەوە و فراوانکردنی بازنەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵکە، کە هەڕەشە لە رووخانی ڕێژیم دەکات و ئەمەش هەمان سیناریۆی ترسناکە کە ڕێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە هەر بژاردە و ئامرازێک، تەنانەت بە ئا نزیکبوونەوەی توندوتیژانە. یەکێک لە ستراتیژییەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، هەوڵدان بۆ هەناردەکردنی قەیرانەکانە بۆ دەرەوەی وڵات؛ جگە لەوەی تاران هەوڵ دەدات ڕاپەڕینی جەماوەری بە دەرئەنجامی پیلانێکی نێودەوڵەتی بزانێت.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە بیانووی ئەوەی کە سەرچاوەی هاندان و داراییی ناڕەزایەتییەکان هەیە، بەردەوامە لە بۆردومانی باشووری کوردستان، هەڕەشە لە کەشتییە نێودەوڵەتییەکان لە ئاوەکانی کەنداو و دەریاکان دەکات و ئاستی پیتاندنی یۆرانیۆم بە ڕێکوپێکی بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی وەکوو ناساندنی سیستەمێکی بەهێز کە تەحەددای جیهان بکات بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی و لە لایەکی دیکەوە بەم کارە، جەماوەری و پشتیوانیی گەلانی ئێرانی بەدەست هێنا. ڕێژیمی ئیسلامی لە هەموو ڕێوشوێن و فێڵ و فێڵەکان هەوڵ دەدات خەڵک لە قەیرانی ناوخۆ و دەرئەنجامەکانی ڕاپەڕینی جەماوەری لە وڵاتەکەیاندا سەرقاڵ بکات کە مەودای ڕاپەڕینی جەماوەری بەردەوام بەرفراوان دەبێت.

ڕێژیم هەوڵ دەدات بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی پشتگوێ بخات و تەنانەت نیگا و هەستێکی جوداخوازانەشی پێ بدات، بەڵام خەڵکی سەرشەقام هاوار دەکەن بۆ یەکگرتوویی بەشە پێکهێنەرەکانی جوگرافیای وڵات.

ڕاپەڕینی جەماوەری ئێران لە بابەتگەلێکی دیاریکراوی وەک لابردنی حیجاب، مافی ژنان، پەرەسەندنی هەژاری، بێکاریی گەنجان، چەوساندنەوەی فەرهەنگی و نەتەوەیی، یان نۆستالژیا بۆ ڕابردوویەکی زێڕین، کورت ناکرێتەوە. ئەمە وشەی ئازادییە، کە گوزارشت لە خواستی ڕاستەقینەی یاخیبووان دەکات، ڕەنگە زۆرینەی نەتەوەکانی ناو ئێران، بەدەر لە خەمی ناوخۆیی یان کاتی، لە دەرەوەی دەنگۆ، لە دەرەوەی عەقیدە، پیشە و ئایینەکان. بێگومان جێگای سەرسوڕمان نییە کە "ئازادی" بەستەری نەتەوەکانە و لەڕاستیدا هەموو مرۆڤەکانە، چونکە تەنیا لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددایە کە هەم تاک و هەم کۆمەڵێک مرۆڤ دەتوانن گوزارشت لەو شتانە بکەن کە دەیانەوێت و تێیدا بەدەستی بهێنن ژینگەیەکی ئاسایش.و ڕێزگرتن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو کۆمەڵێک ڕاستی دیکەیان هەیە. یەکەم: نیشانی دا کە وابێژیی ڕێژیم بۆ "دابینکردنی ئەمنیەت" لە وڵاتدا لە درۆیەک زیاتر نییە. ئەو کەسانەی مافی هەڵبژاردنی جلوبەرگەکانیان نییە لە زێدی خۆیاندا و لەگەڵ هەر بزووتنەوەیەکی نارەزایەتیدا ڕووبەڕووی هێرشی هێزەکانی حکومەت دەبنەوە، هەرگیز هەست بە سەلامەتی و ئاسایش ناکەن. لە وڵاتێکدا کە هەرکەسێک بەیانیان بێتە دەرەوە ڕەنگە شەوانە نەگەڕێتەوە، بەراستی باسی ئەمنیەت جێگەی سەرسوڕمانە. ڕاستییەکە ئەوەیە کە بەبێ ئازادی هەرگیز ئاسایش نابێت، هەروەک چۆن بەبێ ئاسایش ئازادی نابێت.

ئەم بزووتنەوەیە گەیشتووەتە قۆناغێک کە پێویستی بە سەرکردایەتی لە دەرەوەی ئاستی مەیدان هەیە. ئەمڕۆ دەزانین چیتر نامانەوێت لەو شوێنە بمێنینەوە و بڕووخێنین. ئەرکی چالاکانی سیاسی ئەمڕۆ، دابینکردنی ڕێگای جیاوازە لەگەڵ مەبەستێکی ڕوون. جیاواز بە مانای جیاوازی نییە. جیاوازی بە مانای دوژمنایەتی نییە.

ئەو ڕاستییەی کە ڕاپەڕینی ئێستا بە پێچەوانەی ڕاپەڕینەکانی پێشووترەوە، سەرنجی جیهانی بە قەبارەیەکی بێ وێنە ڕاکێشاوە، ئەوە نیشان دەدات کە لاوازیی کۆماری ئیسلامی ئێستا وەک واقیعێک تەماشا دەکرێت. ئێستا تەنانەت دۆستانی ڕواڵەتی کۆماری ئیسلامیش دەزانن کە هاوسەنگی مێژوویی هێز لە ئێراندا بە قازانجی نەتەوەی ئێران دەگۆڕێت.

ئەمڕۆ لەم ماڵە ئومێددا، بە خۆرێکی پڕ بەرەکەتەوە، هەرچەندە بە دڵێکی پڕ لە خوێن، بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، بەیانی بە سەربانی نیشتمان دەفڕێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# راگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و خۆپیشاندانەکانی ئێران



بارزان شیخ عوسمان

حەفتاو چوار ساڵە بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتیی بە ناوی راگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ کە نەتەوە یەکگرتووەکان لە دەی دیسامبری ١٩٤٨ لە کۆشکی شایۆ لە پاریس پەسەندی کرد. ئەو بەڵگەنامە (٣٠) مادەی یە مافە بنەڕەتیی و ئازادییە سەرەکییەکانی هەر مرۆڤێک دەخاتە رو بە مۆرکێکی جیهانیی، بێ جیاریکردنی رەنگ، زمان، نەژاد و ئایین.

ئەم بەڵگە نامەیە هەمو دەوڵەتان پابەند دەکات کە دان بنێن بەوەی مرۆڤەکان بە ئازادیی لەدایک دەبن و لە ماف و پاراستنی کەرامەتیاندا یەکسانن.

کەچی بە درێژایی ئەم حەفتاو چوار ساڵە لە سەرتاسەری جیهاندا مافەکانی مرۆڤ پێشێل و هەتک دەکرێن و یاری بە مادەکانی دەکرێت و بە پێی بەرژەوەندییە سیاسییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت. ئەوەتا لە چواردەی سێپتامبر - ئەیلولی رابردووەوە تا ئەمڕۆ کە لە نەوەد رۆژ نزیک بوەتەوە، لە سەرتاسەری ئێراندا کاربەدەستانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو پەڕی خوێن ساردیی و ئەعسابێکی ساردەوە رۆڵەکانی ئێران خەڵتانی خوێن دەکەن، راپێچی بەندیخانەکانیان دەکەن و بە هەمو جۆرێک سوکایەتییان پێ دەکەن.

سەرباری ئەوەی داواکارییەکانی خەڵکی ئێران بۆ ئازادیی و ژیانی سەربەرزانە تەنیا لە دوای کوژرانی ژینا ئەمینیی دەستی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێ نەکردوە بەڵکو داواکاری چل و سێ ساڵە، بەڵام هەم سەرانی ئێران، هەم ئەو هێز و تاقمانەی کەیفیان بە ناڕەزاییەکان نایەت لەملاولا، مەرامییانە لە حیجاب و مانتۆدا خرۆشانی سەرتاسەری خەڵک قەتیس بکەن و ئەسڵ و ڕەگ و ریشەی بەگژاچونەوە جەماوەرییەکەی ئێران لە بیر ببەنەوە، هەرچەندە ئەو سەپاندنی حیجاب و جل و بەرگە دینییە زەوتکردنێکی تری ئازادییەکانی تاک و کۆی ژنان و کچانی ئێرانە.

کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی چۆن بیر دەکەنەوە لەو ناڕەزاییە سەرتاسەرییە بەرینەی گەلانی ئێران و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کەیفی خۆیانە، بەڵام ئەوەی مایەی تێڕامانە، هەڵوێستی هەندێک سیاسییە کە مەرامیانە بە جۆرێکی تر ئەو ناڕەزاییە جەماوەرییە لێک بدەنەوە کە بە هەمان ئاوازی ئێخوانچی و لقەکانی تری کۆمپانیای ئیسلامچێتییە.

ئیسلامچییەکان مافی خۆیانە لە راگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە تاکە کەسییەکان و ئەنجامی ئەو ناڕەزاییەی ئێران بترسن، چونکە وەک چۆن بەهاری رو زەردی عەرەبیی هیچی بۆ نەکردن کە زۆر خۆیان پێوە با دەدا، ئەترسن بە گۆڕانێک لە ئێرانی ئیسلامییشدا دو ئەوەندەی تر بێ ئومێدیان بکات و ئەو تروسکاییەی ئیسلامیزە کردنی کۆمەڵیان لەدەست بچێت ریسوا ببن.

ئەو مشتە سیاسییە مشەخۆرەش کە لە ناوچەکەدا لەسەر کورد حساب کراون. و دیموکراسیی و مافەکانی مرۆڤیان بە پێودانگەکەی خۆیان گەرەکە، هەر بزوتنەوە و چالاکییەکی سیاسیی و جەماوەریی بە وەعز و فەرمانی ئەوان نەبێت نەک هەر لە دژی دەوەستن بەڵکو هاریکاریی هەر لایەک دەکەن بۆ کپ کردنەوەی ئەو چالاکیی و بزاوتە، واتە ئەوان ڕاپەڕین و خرۆشاندنێکیان گەرەکە کە خۆیان خاوەنی بن. بۆیە ئەو شەپۆلی ناڕەزایی و قوربانیدانانەی خوشک و برایانی کوردی ئێران و تەواوی گەلانی ئێران کە دەستی ئەوانی تیادا نییە بەجۆرێکی تر وەسف دەکەن و ڕێگرن لە پشتیوانیکردنیان و لەرێی سێبەرەکانیانەوە تانەیان لێ دەدەن و بە جۆرێک لە جۆرەکانیش پشتیوانیی ئیسلامچییەکان دەکەن، لەولاشەوە هانی سەرانی ئێران دەدەن کە هەڵبکوتێتە سەر حزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران (کە لە هەرێمی کوردستان جێگیرن و بەپێی مادەی ۲۱ی دەستوری عێراق پەناخوازی سیاسیین)، گوایە ئەو شەپۆلی ناڕەزاییانە بە هاندانی ئەوانە لە کاتێکدا ناڕەزاییەکانی خەڵک لە سەرتاسەری ئێراندایە. ئێ خۆ حزبەکانی کوردستانی ئێران دەبێت قسەیەکیان هەبێت لە ئاست ئەو داواکارییە جەماوەرییانە کە بەندەکانی راگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ بەرەسمیی دەیان ناسێت.

بەڵام دیارە ئەو نەفەرانە کە وەزعی دیمکراسیی و مافەکانی مرۆڤیان لە دوبەشی تری کوردستان خستۆتە ژێر ڕکێفی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆیان و یاری بە دەستەواژەکانی ئەو بەڵگە نامە نێودەوڵەتییە دەکەن بۆ مەرامی خۆیان، گەرەکیانە خۆپیشاندانی نارەزایی خوشک براکانمان لە کوردستانی ئێران بکەنە دیلی دەستیان، بۆیە بەو جۆرە هەوڵ دەدەن لە قورساییەکەی کەم بکەنەوە. ئەمەش پێچەوانەی بەندەکانی راگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی وێستگە – ڕێکەوتی: ١٠ی دیسەمبەری ٢٠٢٢

---

## دابین بوونی مافی سەرەتایی ئینسانەکان، لە یەکەم دەستکەوتەکانی سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران دەبێت




**سایتی پەیام**

ئەمرۆ شەممە ١٠ ی مانگی دیسامبر بەرانبەر لەگەڵ ١٩ ی مانگی سەرماوەز، رۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤە. ٧٤ ساڵ لەوەپێش لە وەها رۆژێکدا "مەنشوری جیهانی مافەکانی مرۆڤ" وەک سەنەدێکی جیهانی و پێویست بۆ ڕەچاو کردن، لە لایەن" کۆمەڵی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە" پەسند کرا.

لەمرۆدا لەگەڵ ئەوەی کە زۆربەی دەوڵەتانی دنیا ناوەرۆکی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤیان بە ڕەسمیەت ناسیوە و تەنانەت ئاوێتەی یاسا بنەڕەتیەکانیشیان کردوە، بەڵام بەردەوام ئەم مافانە لە زۆر وڵاتدا پێشێل کراوە. لەم نێوانەدا کۆماری ئیسلامی ئێران ڕیکۆرد داری پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤە لە ئاستی دنیادا. بەپێی ئەو سەنەد و قەتعنامانەی کە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ساڵانە لە بواری پێشێل کرانی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاو دەکرێنەوە، کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێک لە ڕیزبەندی سەرەوەی پێشێک کەرانی سیستماتیکی ئەم مافانە دایە. هەموو ڕاستیەکە ئەوویە کە ئاست و قوڵایی ئەو جەنایەتانەی کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی حاکمیەتی کۆماری ئیسلامیدا بەسەر خەڵکی ئێراندا داسەپاوە، زۆر زیاترە لەو تاوانانەی کە لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لەدژی ڕژیمی ئیسلامی باس دەکرێن. لە زیندانەکانی ڕژیمی حاکم بەسەر ئێراندا گەلێک ئینسانی شەریف لەبەر دەربڕینی بیروبۆچوونیان خراونەتە سیاچاڵەکان و زیندانی کراون و لە کەمترین مافە ئینسانیەکانی بەهرەمەند نییە و مۆتەکەی مەرگ بەدەوام بەسەر سەریانەوە دەسووڕێتەوە. ئەشکەنجە و شیلاق لێدان لەژێر ناوی" حەدی شەرعی و تەعزیر"، بە ڕەسمی هاتۆتە نێو یاسای جەزایی کۆماری ئیسلامیەوە. ئەم ڕژیمە بەرز ترین پلەی ئێعدامی ئینسانەکانی بۆخۆی تەرخان کردوە و ڕژیمێکە کە منداڵانی کەمتر لە ١٨ ساڵ لە دار ئەدات.

هەر ئێستا زیاتر لە ١٥ هەزار کەس تەنیا بەهۆکاری ئەوەی کە ڕژیمی دەسەڵاتداریان ناوێ لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەند کراون و لەژێر ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونیدان. لە ماوەی ئەو ٣ مانگەیبەسەر ئاخێزی شۆڕشی خەڵکی ئێران تێپەڕیوە نزیکەی ٥٠٠ کەس لە سەر شەقامەکان لە لایەن ڕژیمەوە کوژراون. لەنێو گیانبەختکردواندا لانیکەم ٦٠ کەسیان منداڵ و تازەلاوی کەمتر لە ١٨ ساڵ بوون. ژمارەیەک لە گیراوەکان لە ژێر مەترسی ئێعدام دان. هەر ئەمڕۆ لە ساڵیادی ڕۆژی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا لە سەرتاسەری ئێران مانگرتن و ناڕەزایەتی بۆ دەربڕینی قین و توڕەیی سەبارەت بە ئێعدام کرانی موحسین شکاری لاوێکی ٢٣ ساڵە کە ڕۆژی پێنجشەممە بە تاوانی درۆینە لە لایەن جەنایەتکارانی ئیسلامیەوە ئێعدام کرا لە ئارادایە.

ئەگەرچی ڕاگەیاندنی جیهانی مافەکانی مرۆڤ وەڵامدەرەوەی بنەڕەتی ترین کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتیەکان نییە، بەم حاڵەشەوە ناوەرۆکەکەی بەرهەمی خەباتی کرێکاران و ئازادی خوازانی دنیایە. هەر هەنگاوێک پاشەکشەی نیزامی سەرمایەداری لە بەرانبەر مافە سەرەتاییەکانی باس کراو لەنێو ئەو جاڕنامەیەدا، تەنیا بە گیانبازی و فیداکاری لێبڕاوانە دەستەبەر بووە و بۆرژوازی جیهانی لە کۆتاییدا ناچار بوو بە گەنجاندن و ئاوبەندی کردنی پێویست لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی هاو ئاڕاستەی بکات و لە مێژودا بە ناوی خۆی تۆماری بکات.

ئەم مەنشورە لەگەڵ ئەوەدا کە بنەما سەرەکیەکانی نیزامی سەرمایەداری ناباتە ژێر پرسیار و ڕێز لە ئەساسی چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینساندەگرێت، بەڵام لەم ئاستەشدا تەنانەت هێشتا لە پێشکەوتو ترین وڵاتانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرمایەداریشدا بۆ بەکردەوە دەرهاتنی بە تەواوەتی، دەبێ خەبات بکرێت. ئێستا لە زۆبەی وڵاتاندا، بە ئاشکرایی سەرەتایی ترین مافەکانی ئینسان، کە مافی ژیان بێت پێشێل دەکەن. پێشێل کرانی مافی ئینسانەکان لە چوارچێوەی برسیەتی، قاتوقڕی، هەموو جۆرە نەخۆشینێکی واگیردار، بازرگانی سێکس، قاچاغچێتیمادەی هۆشبەر و هیتر تەنانەت لە مەنشوری جیهانی مافەکانی مرۆڤیشدا ئاماژەیان پێناکرێت.

هەموو ئینسانێک دەبێ خاوەنی ئاستێک لە ژیانێکی گەنجاو بێت بۆ دابین کردنی سلامەتی و ڕیفاهی خۆی و بنەماڵەکەی، بە تایبەت لە باری خۆراک، پۆشاک، مەسکەن، چاودێری پزیشکی و خزمەتگوزاری پێویست. مافی هەموو ئینسانێکە کە لە کاتی بێکاری، نەخۆشی، کەم ئەندام بوون، جیابوونەوە، پیری یان لە هەر لایەنێکی دیکەوە خاوەنی دابین بوونی کۆمەلایەتی بێت.

هیچحکومەتێکوهیچکەسێکمافیئەوەینییەئینسانەکانلەبەررنگ،نەتەوە،جنسیەت،تەمەن،بیروبۆچوون،هەڵبژاردنوسەلیقەکانیانلە ومافانەبێبەشبکات. ئازادی بەیان و ڕێکخراو و پێکهێنانی کۆڕوکۆمەڵ، لە زومرەی مافە سەرەتاییەکانی هەر ئینسانێکە و نابێ بە هیچ بیانویەک لێی بەرتەسک بکرێتەوە. هیچ کەس نابێ بخرێتە ژێر ئەشکەنجە یان مجازات و کرداری زاڵمانە، دژی ئینسانی و سوکایەتی ئامێزەوە. هەر کەسێک کە تاوانی خەتاکاری خرایە پاڵ، وەک بێتاوان دەناسرێت تا کاتێک کە لە جەریانی دادگایی کردنی بە ئاشکرای کە تێیدا ئیمکاناتی پێوست بۆ داکۆکی کردن لەخۆی فەراهەم کرا بێت و خەتاکەیی تێدا بسەلمێندرێت.

مافەکانی مرۆڤ تەنیا کاتێک بە تەواوەتی دەستەبەر و زەمانەت دەکرێت کە جیاوازی چینایەتی لە ئارادا نەبێت و ئینسانەکان خاوەنی ئیمکانات بن و لە ڕیفاه و خۆش بژێوی کاملدا بژین. هەڵبەت ئەمەش لە کۆمەڵگایەکدا کە بنەماکەی لەسەر چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان بینا کرابێت و ئامانجی بەرهەمهێنان نەک دابین کردنی نیازی ئینسانەکان، بەڵکو دەستەبەر کردنی قازانج بێت، زەمانەت ناکرێت. ئەو کۆمەڵگایەی کە خاوەنی وەها تایبەتمەندیەکە، تەنیا کۆمەڵگای سۆسیالیستیە. بۆ دەستەبەر بوونی وەها کۆمەڵگایەک کە تێیدا مافە ڕاستەقینەکانی مرۆڤی تێدا زەمانەت کرابێت دەبێ خەبات و تێکۆشان بکرێت. بەڵام تا ئەو کاتەی کە کۆمەڵگای بەشەری بە تەواوەتی لە شەڕی نیزامی سەرمایەداری ڕزگاری نەبووبێت، ڕەچاو کرانی مافەسەرەتاییەکانی ئینسانەکان کە بەشێکی لە جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا هاتوە، بابەتێکە دەبێ ئیجرا بکرێت و بە ڕەسمیەت بناسرێت و بە کردەوە ڕەچاو بکرێت. هیچ دەوڵەت و ناوەندێک مافەی ئەوەی نییە پێشێل کرانی مافە سەرەتایی و گەردوونیەکانی ئینسانەکان لەژێر هیچ بیانویەکدا پاساو بکات. بێگومان دابین بوون و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زەمانەت کرانی مافە سەرەتاییەکانی ئینسان لە یەکەم دەستەکەوتەکانی سەرکەوتنی شۆڕشێکی شکۆدار دەبێت کە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا لە ئارادایە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## کوردستان ناوەندی یەکلاکردنەوەی کێشەکان



**مەلاعەلی سێڵاو**

پاش هێرشی ١١ی سێپتامبەری ٢٠٠١ی زایینی و چالاکبوونی تاقمە تیرۆریستەکانی ئەلقاعیدە و چەندین تاقمی دیکە وەک داعش و نووسرە لە خۆرهەڵاتی ناڤین، ڕوانگەی جیهان و زلهێزان بۆ کوردستان ئاڵوگۆڕێکی لە پڕی بە خۆیەوە بینی. هێزەکانی هاوپەیمانان و بەتایبەت ئامریکا گرنگیی زۆریان لە رووی مەکانییەوە بە خاکی کوردستان دا و سەربازەکانیان لە باشووری کوردستان جێگیر کرد، بە ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و سەددام حوسێن و ئەمن و ئاساییشی کوردستان بە نیسبەت عێراق بەگشتی، زۆر لە سەرتر و سەردەمیانەتر بوو و هەروەها خەڵکی کوردسانیش ئەو پۆتانسییەلەی هەبوو کە شان بە شانی هاوپەیمانان بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی و شەڕ بە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆرییەت هاوکاری ڕاستگۆیانەی هاوپەیمانان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بن.

پاش شۆڕشی خەڵکی وڵاتی سووریە بە دژی ڕێژیمی ئەسەد و سەرهەڵدانی تیرۆریستانی داعش و مەترسییەکی گەورەتر بۆ ناوچەکە و جیهان سەری هەڵ دا، بینیمان کە کوردانی ڕۆژاوا و باشوور بوون بە هێزێکی خۆبەخش بۆ بەرەنگاری دواکەوتوویی و تیرۆریسم سەنگەری پێشەوەی شەڕ لەگەڵ تیرۆریستان کوردستان بوو، لەم شەڕەدا چەندین فاکتەری ناسێنەری کورد لە جیهاندا خۆیان دەرخست. یەکەم: بەشداریی چالاکانەی ژنان لە سەنگەری پێشەوەی شەڕ. دووهەم: کورد وەک گەلێکی دێموکراسیخواز خۆی لەگەڵ جیهانی دێموکراتیکدا یەکلا کردەوە. سێهەم: کورد توانی ئەمنییەتی هێزەکانی هاوپەیمانان لەم شەڕەدا بە نیسبەت وڵاتان و نەتەوەکانی دەوروبەر وەک عێراق و تورکیە و ئێران باشتر دابین بکات... لەڕاستیدا کوردستان لەبری جیهان شەڕی دژی داعش دەکرد.

ئەم دوو بەشەی خاکی کوردستان واتە باشوور و ڕۆژاوا گرنگیی ناوەندبوونی کوردستانیان بۆ جیهان دەرخست و شۆڕشگێرانی کوردیان بە جیهان نیشان دا کە کوردستان تاکوو چەند تامەزرۆی ئاشتی و دێموکراسی و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤە.

هەر چەند ڕووخانی ڕێژیمی دژە کورد و دیکتاتۆری سەددام حوسێن زەرووەرەتێکی ئەرێنی بوو، بەڵام هاوکات دەروازەیەکی کراوە بوو بۆ ڕێژیمی ئێران و پەرەپێدانی تاقمە تیرۆریستەکانی وەک حیزبوڵڵا، حەماس، فاتمیون، ئەنساروڵڵا و؟حەشدی شەعبی بۆ دروستکردنی هیلالی شیعی! ئامریکا ئاگایانە یان ناگایانە بە مەبەست یان بێ مەبەست ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ڕێژیمی ئێران تاکوو لە خۆرهەڵات خۆی نیشان بدات و ناوچەکە لەگەڵ کێشە و گرفت و تیرۆریسم بەرەوڕوو بکات و لەم لاشەوە پەرەپێدانی چەکی ناوەکی ببێت بە پرسێکی جیهانی و مەترسیدار بۆ سەر سیستەمی جیهانی.

ساڵی ٢٠١٥ی زایینی، بە واژۆکردنی بەرجام لەلایەن گرووپی ١+٥ لەگەڵ ڕێژیمی ئێران، جارێکی تر دەستی سپای تیرۆریستیی پاسداران ئاوەڵاتر کرایەوە بۆ پەرەدانی تاقمی تیرۆریستی و ئێران توانی ٦ گرووپی تیرۆریستیی بەهێز دروست بکات، ئەوەش بەهۆی وەرگرتنەوەی پارە بلۆککراوەکانی بوو بۆ تێچووی ئەم گرووپانە و ڕاشکاوانەش دەڵێن ئێستە خاوەنی ٦ ئەرتەشین لە دەرەوەی سنوورەکانمان.

ململانێی زلهێزان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران لەمەڕ پرسی بەرجام و گەمارۆکان و هاتنەئارای شەڕێکی دیکە وەک شەڕی نێوان ڕووسیە و ئۆکراین، ڕۆژاواییەکان و ئامریکای خستووەتە بارێکی نائاسایی و ئەوەش بووەتە هۆکاری فەرامۆشکردنی کێشەکانی ناوخۆی ئێران. ئامریکا دەیهەوێت بەهۆی خۆپێشاندانەکانی ناوخۆی ئێران زیاتر پرسی بەرجام بوروژێنێت و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

قازانجەکانی خۆی دەستەبەر بکات و ڕێگری بکات لە ڕێژیمی ئێران لە پشتیوانیکردنی ڕووسەکان، ئامریکا و ڕۆژاواییبیەکان لە ئێستەدا تەنیا مەبەستیان هەڵسوکەوتکردنە لەگەڵ ڕژیمی ئێران کە زۆریش گرنگی بە دەنگی وەزاڵەهاتووی ناوخۆی ئەم وڵاتە نادەن و لەم هەلومەرجەدا خوازیاری ئەوە نین ستوونێکی دیکەی شەڕ بکەنەوە.

دیارە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە مەکۆی ڕاپەڕین و ڕاهێنان و هۆشیاریی خەڵکی کوردستان و ئێران بەگشتی بووە و هەمیشە لە ئاست زۆرەملێ و دیکتاتۆری و خوڕافاتپەرەستی لەمپەر بووە و دەنگی ئازادیخوازی و ئاشتیخوازی بە خوێنی لاوانی نیشتیمان بەرز ڕاگرتووە. ئەم دەنگە ئەگەرچی تەنیا بوو و لەلایەن نەتەوەکانی وەک ئازەری و فارسەوە بەهۆی پیلان و سیاسەتە نگریسەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی شا و ئاخووندەکان کز و بگرە تا ئاستێکیش هاوڕای دەسەڵات بوون، بە گوێی جیهان نەدەگەیشت.

ئێستە پاش تێپەڕبوونی ٤٣ ساڵ بەسەر دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ و بەردەوامی ئاژاوەگێڕی و پەرەدانی تێرۆریزم و هەژاری و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگەی جیهانی، دەنگی ئازادیخوازیی کورد بووەتە دەنگی گشت ئازادیخوازانی ئێران و دروشمەکانی کوردستان لە هەموو شارە گەورەکانی ئێران وێردی زمانە و پاش کوژرانی شەهید "ژینا ئەمینی" کە کچێکی بێتاوانی کورد بوو لە تاران، خەڵکی ئێرانی هۆشیار کردەوە و کوردستان جارێکی تر بوو بە ناوەندی ڕاپەڕین و یەکلاکردنەوەی دوو فیکری دێموکراسیخوازی و دیکتاتۆری لەم وڵاتەدا، ئێستە فارسەکان، ئازەرییەکان، بەلوچەکان و عەرەبەکان خۆیان بە پشتیوانی دەنگی ناڕازیی کورد دەزانن و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" لە شەقامەکانی ئێران دەوترێتەوە.

ئەم دروشمە نەک هەر بووەتە ڕەمزی یەکبوون و مافخوازیی گەلانی خۆرهەڵاتی ناڤین، بەڵکوو بووەتە دروشمی جیهانی و لەلایەن گشت وڵاتان و نەتەوەکان ڕێزی لێ دەگیرێت.

بوێرانە دەتوانم بڵێم هەر وەک ڕۆژاوای کوردستان و باشووری کوردستان چۆن بوونە ناوەندی یەکلاکردنەوەی شەڕ دژی داعش و هێزی داعشیزم، ئەمڕۆ ئەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە بە جێگەی تاران نوێنەرایەتی و ناوندی یەکلاکردنەوەی بابەتە سیاسی، کولتووری و شەڕی دژی فاشیزم و دوواکەوتوویی کۆماری بەناو ئیسلامیی ئێران دەکات.

بینینی ئەو ڕاستییە لەلایەن خەڵکانی ئێران کە دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بە پیلانی جۆراوجۆر و ئاسمیلەکردنی کورد و کوردستان نەیتوانیوە گەلی کورد بە چۆک دابێنێت و هەرس بە داواکارییە ڕەواکانی کورد بێنێت و بیری سەردەمیانەی نەوەکانی نوێی ئێران کە نەوەی دەیەی ٨٠کانن و جیاواز لە بیری مەزهەبی باب و باپیرانیانن ئەو ڕاستییەیان بۆ ئاشکرا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بووە کە کورد نەک هەر (تجزیەطلب) و دوواکەوتوو نییە، بگرە گەلێکی هۆشیار و ئاشتیخواز و نوێنەرایەتیی ئازادیخوازانی گشت ئێرانیش دەکات و هانی ئەو نەوە نوێیەی داوە هاوتا لەگەڵ داواکاریی شەقامی کوردی، ئەوانیش بۆ پشتیوانی لە مافە ڕەواکانی گەلی کورد و گشت ئێران ڕاپەڕن و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئازەری بکەن بە دروشمێکی سەرتاسەری!

یەکیەتی و تەبایی نەتەوەکانی ئێران کە سەرچاوە لە قارەمانەتی و بەرخۆدانی گەلی کوردە کاریگەری لەسەر ڕوانگەی وڵاتانی زلهێزی ڕۆژاوایی و ئامریکا و بگرە ڕووسیەش دەبێت، هەر چەند پێشتر ئاماژەم پێ دا؛ ئامریکا ئێستاشی لەگەڵ بێت مەبەستی هەڵکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ دەسەڵاتی ئێرانە، بەڵام بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان و شۆڕشی شەقامەکان لە کۆتاییدا ئەم وڵاتانە ناچار دەکات دان بە ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بنێن و پشتیوانی لە جەماوەری شۆڕشگێری ئێران بکەن.

**پرسیار**

**ئایا بە شۆڕشی هەنووکەی شەقامەکانی ئێران، دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێران دەڕووخێت؟**

**ئایا جیهان هاوڕایە لە گەڵ ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران؟**

بۆ وەڵامی پرسیاری یەکەم کە پرسیاری زۆرێک لە کۆمەڵگەیە دەبێت بڵێم مکوڕبوونی جەماور و بوونی ڕێبەری و ئۆپۆزیسیۆنی بەهێز، بێگومان کاریگەریی لەسەر ڕووخان و دارمانی دەسەڵاتی ئێستەی ئێرانی دەبێت، ئێرانییەکان دەتوانن بە پشتبەستن بە فاکتەری یەکیەتیی قۆناغی ئێستەی شۆڕشی شەقام بەهێزتر بکەن و ئەو چاوەڕوانییەش هەیە لە ئەگەری سەنگەربەندیی نێوان خەڵک و دەسەڵات بەشێکی بەرچاوی هێزە چەکدارەکانی وڵات بۆ لای خۆیان ڕابکێشن و کۆتایی بە سەرەڕۆییی دەوڵەت و ڕێژیمی خۆسەپێنەری ئاخووندەکان بێنن.

لە وەڵامی پرسیاری دووهەمدا گرنگە ئاماژە بەو فاکتەرانە بکەین کە جیهان بەگشتی و زلهێزەکان بەتایبەتی پێیەوە سەرقاڵن لەمەڕ کۆی کێشەکان.

دەزانین سیستەمی بەڕێوەبەریی جیهانی خەریکە تووشی شەپۆلی ڕووخێنەر دەبێت، شەڕی ڕووسەکان لەگەڵ ئۆکراینییەکان و هەڕەشەکانی چین لەسەر تایوان یەکێکن لەو مەترسییانەی لەسەر سیستەمی ئیدارەدانی جیهانیدا. ئامریکا دەیهەوێت وەک دەسەڵاتی یەکلاکەرەوە و تەکجەمسەری، هێژموونیی خۆی بپارێزێت لە لایەکی تریشەوە ڕووسیە بە سەرۆکایەتیی پووتین دەیهەوێت لەو سیستەمە ئیدارییەدا خۆی بنوێنێت، ناتۆ و ڕۆژاواییەکانیش وێڕای خۆپاراستن لە مەترسییەکانی ڕووسیە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خوازیاری پاراستنی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیانن. چین وەک زلهێزێکی ئابووری، هەنووکە مەترسییەکی فەرامۆشنەکراوە بۆ ئامریکا و لەمپەری هەرە قورسی سەر ڕێگەی ئابووریی ئامریکا دیارە... لەم نێوانەدا کردنەوەی سۆنگەیەکی تری شەڕ بۆ ئامریکا و ڕۆژاوا لە ڕوانگەی خۆیانەوە عەقڵانی نییە بەڵکوو پێیان وایە دەتوانن بە فاکتەری ناڕەزایەتیی ناوخۆی ئێران زەخت و گوشارێکی زیاتر بخەنە سەر دەسەڵاتی ئێران تاکوو ملکەچی ویستەکانی ئامریکا بێت کە یەک لەوان چارەسەرکردنی پرسی بەرجامە، ئەوەش بەو واتایە نییە کە ڕۆژاوا و ئامریکا خەڵکی ئێران پشتگوێ دەخەن، بەڵکوو ئەوان چاوەڕوانی ئاکامی خۆپێشاندانەکانن ئاخۆ دەتوانن بەردەوام بن یانیش هاوشێوەی ساڵەکانی ڕابردوو پاشەکشە دەکەن! هەرچەند ئامریکا مەبەستی ئەوەیە لە گەڵ دەسەڵاتی ئێستەی ئێران تعامول بکات بەڵام بەردەوامیی شەقامەکانی ئێران ئەم وڵاتە ناچار بەو ڕاستییە دەکات کە دەبێت گۆڕانکاری لە سیاسەتی خۆیدا بکات و پشتگیریی خەڵکی ئێران بێت لە بەرانبەر دەسەڵاتی دیکتاتۆردا.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە بەداخەوە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەگشتی نەیانتوانیوە پلاتفۆرمێک پێشکەش بکەن و ببن بە ئاڵترناتیڤ لەسەر ڕووخانی دەسەڵاتی ئاخووندەکانی ئێران.

خاڵێکی تر ڕووخانی دەوڵەتی ئێرانە کە ناوەچەکەی خستووەتە ژێر کاریگەریی خۆی و هیلالی شیعیی پێک هێناوە خۆرهەڵات تووشی ناسەقامگیریی زیاتر دەکات، لق و پۆکانی ئێران لە چەندین وڵات وەک سووریە، لوبنان، یەمەن و عێراق دەتوانن ئاڵۆزییەکی مەزن پێک بێنن، بۆیە زلهێزەکان دەیانهەوێت بە شێوەیەکی ئارامتر ئێران ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت بەبێ ئەوەی مەترسیی زیاتر بۆ سەر سیستەمی لاوازی جیهان دروست بکات.

پرسێکی دیکە چالاکبوونی سانتریفیوژەکان و ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆرانیۆمە لە ئێراندا، بێگومان وڵاتانی زلهێز ڕێگریی دەکەن لە بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی، بۆیە لە ئەگەری بەردەوامبوونی ئێران لە پیتاندنی ئۆرانیۆم چاوەڕوانیی هێرشی سەربازی دەکرێت بۆ سەر ئێران.

هەروەها خاڵێکی تریش گوشاری کۆمەڵگەی نێونەتەوەییە بۆ سەر زلهێزان و نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاڵپشتیکردنی خۆپێشاندەرانی ئێرانی و دەرخستنی بڕیارنامەیەک بە دژی ڕێژیم لەمەڕ کوشتن و بەندکردنی چالاکانی سیاسی، ڕۆژنامەنووسان، لاوان و ڕێگریکردن لە ئازادییە مەدەنییەکان، وا دیارە ڕێژیمی ئێرانیش گوێڕایەڵی ویستی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی نابێت و ڕێگری دەکات لە کۆمیتەی بەدواداچوون بۆ ڕاستییەکان (حقیقت یاب) بۆیە ڕەنگە هەندێک گەمارۆی نوێ لەمەڕ پێشێلکردنی مافی مرۆڤ بە دژی دەسەڵاتی ئێران بسەپێندرێت و کەمەری دەسەڵات بشکێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام بە خوێندنەوەی من کۆی وەڵامی ئەم دوو پرسیارە دەگەڕێتەوە سەر ئیرادە و ویستی ئێرانییەکان لەمەڕ بەدیهێنانی دەسەڵاتێکی دێموکراتیک و سیکۆلار، ئەو کاتە جیهان هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەسڵی واقع دەکات و ناچار دەکرێن کە پشتگیریی تەواوی خەڵکی ئێران بکەن و ڕەنگە یەک لەوانیش هێرشی سەربازی بێت.

بە هەرحاڵ ئێرانی ئێستە ناگەڕێتەوە سەردەمی پێش شەهید ژینا ئەمینی و ئەم شۆڕشە شۆڕشێکی بەربڵاوە و درەنگ یان زوو ڕێژیمی ئیسلامی ئێران بە چۆک دادێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## تەرزی مانگرتنی کوردستان گشت ئێرانی تەنییەوە



کەیوان دروودی

مانگرتن، یەکێک لە ڕواڵەتە هەرە درەوشاوەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی . دێموکراتیکی کوردستانە کە بەپێچەوانەی ڕستە باوەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو ڕۆژانەدا، بنەوانەی لەو نیشتمانە ڕەگی کوتاوە. لەو ڕۆژانەدا لە نیوەی مانگی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەرماوەز بۆ یەکەم جار ئەو شێوازە لە خەباتی مەدەنی لە گەورە شارەکانی ئیسفەهان، شیراز، تاران و کەرەج خۆی نواند. بەڵام ئەوەی لێرە (لای نووسەری ئەم دێڕانە) گرینگە، ئەوەیە کە گرینگی بەم ڕووداوە مێژووییە بدەین، چونکە ئەم مانگرتنە لە پانتایی جوگرافیای ئێران لە کاتێکدا بوو کە پێش لەوە و بە درێژایی سێ مانگی ڕابردووی ڕاپەڕینی گۆڕانخوازانەی (انقلابی) "ژینا" لە سەرتاسەری نیشتمانی کوردان، لە ئورمیە تا ئیلام ئەزموون کرابوو.

جاری وایە بە چاوخشاندنێک بەسەر مانشێتی میدیایی، وا دەردەکەوێت کە گوایە ڕاستییەک بە ناوی پێش لە کوردستان بووە، لە کاتێکدا ئەوە کوردستانە کە بەدرێژایی ٤٤ ساڵی ڕابردوو کەڵکی لەو شێوازە لە خەباتی مودێرن، وەرگرتووە.

هەر لە سەرەتای هێرشی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئیسلامی بۆ سەر شارەکانی کوردستان، خەڵکی کامێران بۆ پێشپێگرتن لەو شەپۆلە داگیرکاری و هەوڵە دژە مرۆییە، بە بێشکەی ساواکانەوە (منداڵانی کۆرپە) لەسەر جادە و بانەکان مانیان گرت. دواتر ڕووداوی کۆچی مێژوویی خەڵک لە مەریوان و هەروەها دەیان نموونەی تر، ئەوە دەسەلمێنن کە کوردستان چەقی شێوازە پێشکەوتەکانی خەباتی خەڵکی مەدەنییە.

لێرەدا مەبەستمان بەر لەوەی ئەوە بێت کە بپەرژینە سەر وردەکاریی مانگرتنە زنجیرەییەکانی کوردستان، ئەو ڕاستییەیە کە لەم ڕاپەڕینە نوێیە بێنموونەیەدا، زۆربەی شێوازەکانی خەبات لە کوردستانەوە پەلی هاویشتووە، نەک وەک ئەوەی لە لێنزی کامێرای شۆڤینیزمەوە بڵاو دەکرێتەوە، لە شوێنێکی تر بە ناو "سەرتاسەری" هاتبێتە ئاراوە. تەنانەت ئەگەر پێمان وا بێت ئەم ڕووداوانە سەرتاسەری بووە، دەبێت چەقێکی هەبێت و ناکرێت لەناکاو و بێهۆ لە گشت شوێنێک وەکوو یەک و لە ئاستێکی هاوشێوەدا ڕووی دا بێت.

هەر،جۆرە دیاردەیەکی بەرهەست و بەرچاو، لە دووتۆی گۆڕانکاری و کارلێکگەرییەکی تایبەتەوە سەر هەڵ دەدات. بابەتی ئەم بڕگە نوێیە لە بەربەرەکانێ لەتەک فاشیزمی مەزهەبی تارانیش، لەم بازنە بەدەر نییە.

بۆ دەرخستنی باشتر و وردتری ئەم باسە، چاوێک لە دیاردەی جاش (مزدور) ئەکەین. هەتا ئەم دواییەش جگە لە بەرپرسە باڵاکان، کەسانی یاسایی ناو دامودەزگاکانی دەسەڵات، جگە لە کوردستان، لای خەڵکی شوێنەکانی تری ئێران وەکوو مۆرەی دژە گەلی نەدەناسران و زۆربەی خەڵک چاویان لە ڕووی ئەو کەسانە دادەخست کە لە گەڕەک و کۆڵانی خۆیان یان تەنانەت لە دراوسێیەتییان دەژیا!



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوە ئەم ماوە بوو کە لە شارە گەورە و بچووکەکاندا وێنە و ناونیشانی ئەم ڕەبەدەستانە بڵاو دەکرایەوە تاکوو تووشی سزادانی کۆمەڵایەتی ببنەوە.

سزادانی کۆمەڵایەتی، هەمان ئەو پرسەیە کە لە کوردستان بە دیاردەی جاشەوە گرێ دراوە، بەو جیاوازییەوە کە لە کوردستان ئەو کەسانە جگە لەوەی دوژمنی هەموو خەڵکن لە گشت شوێنێکی ئێران، دوژمنی مافە نەتەوەییە تایبەتەکانی خەڵکی کوردستانیشن.

هەر جۆر بێ، سزادانی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی هەڵسوکەوتی ڕۆژانە و پارێز لە پەیوەندیی ڕۆژانە هەتاکوو چڵەپۆپەکەی کە سزای فیزیکییە، لە کوردستانەوە سەری هەڵ داوە.

هیچ جێی شوورەیی نییە کە بێزین گرتێبەردان و سووتاندنی ماڵی ئەو کەسانەش هەنگاوێکی هاوشێوەیە، لەبەر ئەوە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، نەک حکوومەت کە دوو دەزگای تۆقاندن و پڕوپاگاندا زیاتر نییە، ئەوەش ئەو دەسەڵاتە دەباتە ڕێزی گرووپە تیرۆریستییەکان.

شێوازی هەڵسوکەوت لەتەک تیرۆریزمی دەوڵەتی، لای کورد هیچ جیاوازییەکی لەتەک هەڵسوکەوت لەتەک گرووپێکی تیرۆریستیی هێرشبەری ئەشکەوتنشین نییە.

ئەگەر ئەو حکوومەت یان دەوڵەتە لە ڕێگەی تۆقاندن (terror) و پڕوپاگاندای ئایدیۆلۆژیک لەسەر پێ مابێت، ئەوە لە ڕووی بنەماکانەوە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و ڕێک گرووپێکی تیرۆرە کە بەپێچەوانەی نموونە چکۆلە گەرۆکەکانی، توانیویە هەر جۆر بێت دەسەڵاتی دەوڵەت لە دەرفەتێکدا دەست بخات. ئەوە حاشاهەڵنەگرە کە ئامانجی داعش دامەزراندنی دەوڵەتێکی لەو شێوازە بوو.

بابەتێکی تر لەو ڕۆژانەدا، سزادانی فیزیکیی مۆرەکانی سوپای تێرۆیستیی پاسدارانە لە ئیسفەهان و تاران لە ڕێگەی چەکی سارد و گەرمەوە بوو. ئەمە درێژکراوەی بەرگریی چەکدارانەی کوردستان لە دەهەی شەستە کە ئەو کات گرینگیی پێ نەدرا و تەنانەت ڕۆژاواییەکانیش چاویان لەسەر تیرۆریزمی ڕێکخراوی کۆماری ئیسلامی داخست.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوای چوار دەیە، ئامریکا باسکی چەکداریی ڕێژیمی ئیسلامی، واتە سوپای تێرۆریستیی پاسدارانی خستە لیستی تیرۆرەوە تا بەرھەقبوون و ڕەواییی خەباتی چەکداریی کورد لایەنی نێودەوڵەتی و عورفی پەیدا بکات.

لە ئێستەدا ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕاستییە دەردەکەوێت کە کەڵکوەرگرتن لە ھەر جۆرە خەباتێک دژی دەسەڵاتێکی ئاوا، ڕەوا و ڕێگەپێدراوە.

بۆیە دیسان پێویستە ئەوە دووپات بکەینەوە کە بزووتنەوەی کورد، وەک داھێنەری ڕەوتی خەباتی مەدەنی لە شێوازی مانگرتنی بازاڕ، بایکۆتی ھەڵبژاردن تاکوو کۆڕەوی نارەزایی، مەیلی بۆ چارەسەریی ئاشتیخوازانە چرترە لە ھەر کاتێکی تر، بەوەشەوە ھەر کات بە پێویستی بزانێت و پانتایی ئەو خەباتەی لێ دابخرێت، دەست بۆ ھەر جۆرە ڕێگایەکی خەبات دەبات، تا بەرگری لە مان و مەوجوودییەتی بکات.

بەخۆشییەوە لە ئێستەدا نەک ھەر خەڵکی ناوخۆ، بەڵکوو ڕێکخراو و حیزب و کەسایەتییە دیارەکانی کورد لە دەرەوە، سەرچاوەیەک و ناونیشانێکی بالای ئەم ڕاپەڕینەن. ئەمە ھەر ئەو شتەیە کە وای کردووە ڕێژیمی ئیسلامی و بەناو ئۆپۆزیسیۆنە ھاوتەریبەکانی، بکەونە جموجووڵ و دژی بەرگریی ڕەوای کوردستان شەپۆلێک لە شانتاژ و بەراوەژوونواندنی چەمکەکان بخەنە ڕێ.

لێردا لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵە زۆر گرینگە کە بزانین سەرەڕای پێداگری لە مافەکانمان، ڕێگە نەدەین شەقڵێکی دیار دروست بێت تاکوو کوردستان لە شوێنەکانی تر، بەتایبەت لە نیشتمانی نەتەوە بندەستەکان داببڕێت. بێگومان پۆتانسییەلی کوردستان بۆ خاوەندارییەتی لە کۆی ئەم شۆڕشە زیاتر لە ھێز و برەوی پڕوپاگاندای دوژمنانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## حکوومەتی داهاتووی ئێران دەبێت چی و چۆن بێت؟



**مەلا ئەحمەد پاڵانی**

شێوە و جۆری حکوومەت و دەسڵات جۆراوجۆر و جیاواز و زۆرن، بەڵام تاقیکردنەوە دەری خستووە و سەلماندوویەتی کە باشترین شێوەی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی وڵات، دەسەڵاتە لاییک و دێموکرات و بێلایەنەکانن.

بە لەبەرچاوگرتن و هەڵسەنگاندنی شیوەی بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا و چۆنیەتیی سیستەمی ئیداری و یاساییەکان، دەبێت سیستەمی بەڕێوەبردن و یاسای هەڵسووڕانی داهاتووی ئیمەش سیستەمێکی لاییک و دێموکرات و بێلایەن بێت. دەبێت حکوومەتی داهاتوومان سەر بە هیچ ئایین و ئایدئۆلۆژییەک نەبێت و نوینەرایەتیی هەموو نەتەوە و چین و تویژە کۆمەڵایەتییەکان بکات و یاسای بنەڕەتیی وڵات بە ڕێزگرتن لە مافی تاک و کۆ و بە پشتبەستن بە زانست و یاسا نێونەتەوەییەکان و مافە گەردوونییەکانی مرۆڤ، یاسای گشتیی وڵات دابرێژرێت و داهاتووی یاسا و دەسەڵاتی وڵاتی پێ دیاری بکرێت.

لەگەڵ ڕێزم بۆ هەموو ئایین و ئیدەیەک، ئێمە دەتوانین لە بیر و باوەڕی کەسایەتیی خۆماندا دیندار یان بێبڕوای ئایینی بین، بەڵام ناگونجێت تێکەڵی یاسای گشتیی وڵات و شیوەی فەرمانڕەوایی بەسەر وڵاتدا بکەین و وابێژیی ئازادی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکسانیی مافی هەموو تاکیک بکەین، چون ئایین و ئایدئۆلۆژی لە ڕوانگەی بیر و فیکری خۆیانەوە مرۆڤەکان بە باش و خراپ و شایستەبوون و ناشایستە پێناسە دەکەن و ناتوانن مافی یەکسانی هەموو تاکێک بپارێزن. بۆ نموونە لە ڕوانگەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە ئەگەر مرۆڤێک شیعەی دوازدە ئیمامی و بڕوای بە ویلایەتی فەقیهـ و ڕێژیمی ئیسلامی نەبێت، ناتوانێت هیچ پلە و پایەیەکی گرنگ بگرێتە ئەستۆ و خۆی بەربژێر بکات، کەوا بێت هەلبژاردنەکان لە دەسەڵاتە ئایدئۆلۆژییەکاندا بێکەڵکن و ئازادییەکان بۆ کەمینەیەکی کۆمەڵایەتییە و دێموکراسی تەنیا ناوێکی بێ نێوەڕۆکە.

هەر وەک دەبینین لە کاتی پاشایەتیدا پاشا لە سەروی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە، لە ڕێژیمی ئیسلامیشدا خامنەیی لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە و نە سەرۆککۆمار و نە مجلیس بێ ڕێپێدانی خامنەیی هیچ کارێکیان پێ ناکری.

بە کورتی لە دەسەڵاتە لاییک و دێموکراتەکاندا وڵات لە ئاشتی و ئارامی باشتردا دەژی و بە یەکسانی و ڕێز لە ئازادی و ڕای جیاوازی تاک و کۆ، هەڵکردن و جیاوزیی یەکتر قەبووڵکردن و ڕیز لە هەر کەسە وەک خۆی، وڵاتەکەمان جوانتر و ئارامتر و پێشکەوتوو تر دەبێت.

لە دەسەڵاتە لاییک و دێموکراتەکاندا خەڵک لە سەرووی هەموو هێزێکەوەیە و ئەوە خەڵکە کە دەسەڵاتەکان دەگۆڕێت و هێزێک سەر دەخات و هێزێکیش لا دەبات و بە شێوەی هەڵسووڕان و چەندە لە خزمەت گشتیدا حیزبێک هەڵدەبژێرێت و حیزبێک سزا دەدات.

گرنگتر لە هەموو، لە دەسەڵاتە لاییک و دێموکراتەکاندا دەزگایەکی دادپەروەریی گشتی و سەربەخۆ دەبێت کە هەر یاسایەک ئازادییەکان بەرتەسک بکاتەوە، با زۆربەی خەڵکیش ڕای لەسەر بێت، ناتوانێت و نابێت ببێت بە یاسا.

دیارە ئازادی و مافی تاک و گشتی، دیاردەیەکی سروشتیی مرۆڤەکانە و ڕای خەڵکی تەنیا بۆ مافە گشتییەکان و دیاریکردنی دەسەڵاتە. هەموو وڵات ناتوانن مافێک کە پێوەندی بەوانەوە نییە بەرتەسک بکەنەوە. بۆ نموونە ئەگەر هەموو دنیا بڵێ کورد یان تورک یان عەرەب با مافیان نەبێت، ئەو ڕایە بێنەمایە و جاڕنامەی مافی مرۆڤ ئەو ڕایە بە ناڕەوا دەزانێت و ڕێگە نادات ئەو بۆچوونە سەر بگرێت.

ئەگەر لە ئازادیدا دەسەڵاتەکان دابەش نەکرێت و ئازادییەکی ڕەهای لە سەرووی دەسەڵاتەوە دابین نەکرێت، هیچ نەتەوە و وڵاتیک ناتوانێت پێش بکەوێت و لەگەڵ سەردەمدا بگونجی و بچیتە پێش. بە ڕای من ئازادی بێکۆتاییە و تەنیا ئازادی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەتوانێت ئازادی و سەرفەرانی کۆنترۆڵ بکات.

بە کورتی هەر مرۆڤێک دەتوانێت ئەوەندە ئازاد بێت کە ئازادیی کەسانی تر لەکەدار نەکات و لەبەین نەبات. ئەگەر چی لەو بڕوادام ئەو جار ڕێژیمی ئیسلامی کۆتایی نایە و لەوانەیە ئەو ڕاپەرینە بە شێوەی کاتی کنترۆڵ بکات و دامرکێنێتەوە، بەڵام درەنگ یان زوو هەر دەڕووخێت و داهاتووی نادیاری وڵات بەبێ یەکگرتووی هێزە دێموکرات و لاییکەکان و بەبێ وشیارکردنەوەی خەڵک لە داهاتووی وڵات و بەبێ ڕێککەوتن و لەسەر دەسەڵات و شێوەی دەسەڵات و یاسای زانستی و مرۆیی گشتیی داهاتوی وڵات، لەو بڕوادام وڵات سەرلەنۆی تووشی سەرەڕۆیی دەبێتەوە. دەبێت لە ئێستەوە شێوەی دەسەڵات و جۆری دابەشکردنی هێز و بەڕێوەبردنی وڵات بە شێوەیەک ناوەندگەرا نەبێت، بۆ خەڵک ڕوون و ڕێککەوتن و هاوڕابوونی هێز و کەسایەتییە دێموکراتخوازەکانی لە یەکیەتییەکی دڵخوازانەیدا دابین بکرێت، دەبێت لە ئێستەوە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەموو هێز و تواناکانی بخاتە کار و بە هاوپەیمانییەکی سیاسی و سەربازی و بە هاوکاری و هاوڕای هەموو هێز و حیزبەکانی تری کوردستان، هەوڵ بدات تاکوو هاوتا لەگەڵ هێزە دێموکرات و لائیکەکانی دیکەی ئێراندا، پارێزێکی هاوبەش و هاوقازانج ببەستن.

لە بەرنامەیەکدا داهاتووی وڵات و یاسا و دەسەڵات بەیەکەوە هاوڕا و هاوکار و هەڤاڵی یەکتر بن و بەرتەسککردنەوەی ئازادی و دەسدرێژیکردن بۆ سەر هەر کامەیان و هەر تاکێک بە دەسدرێژی بۆ سەر هەموویان پێناسە بکەن و بە یەکگرتویی و یەکدەنگ بەرگری لە هەموو ئازادییەکان بکەن. ئەگەر وا نەبێت لەوانەیە سەرلەنوێ دیکتاتۆرێکی دیکە بێتەوە سەر کار و هەر وەک شا ڕێبەر یەکسانی و ئازادیی تاک و گشتی زەوت بکەنەوە، ژیان و سەرفەرازیی هەموو وڵات بۆ سەدەیەکی دیکە بکەن بە ژان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی سەرماوەزی ٢٧٢٢ = ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ژن، ژیان، ئازادی




با هەزار زێ و گادەر و لاوێنی ڕوونیشمان هەبێ
تاکو ژن ئازاد نەبێت، سەرچاوەی ژین لیخنە

هێمن موکریانی

**شاناز هیرانی**

ژن، ژیان، ئازادی تەنها دروشمێکی سادە، بێ ناوەرۆک نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی سیاسی قوڵی هەیەو بۆتە دروشمێکی جیهانی. ئێستا ژنانی نەتەوە جیاوازەکانیش بەرزی دەکەنەوەو لەسایەیدا بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی خۆیان و مافەکانیان خەبات دەکەن.

ئەو دروشمە کوردییە و سەرەتا لەناو بزوتنەوەی رزگاریخوازی باکوری کوردستانەوە سەریهەڵدا، کە لەتێڕوانینە فەلسەفییەکانی عەبدوڵلا ئۆجەلانەوەگەڵاڵەبووە، چونکە ئۆجەلان لە تێزە فیکری و سیاسیەکانی خۆیدا،جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تا ژنان ئازاد نەبن، کۆمەڵگە ئازاد نابێت.

ریشەی چەمکەکانی ژن، ژیان، ئازادی پێشتر لەئەدەبیاتی شۆرشگێڕی و نەتەوەیی کورددا هەبووە، بەڵام پێڕەوکردنەکەی بەو شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تێڕوانینە سیاسییە. ئەو دروشمە لەناو کوردەواریدا ڕۆژ دوای ڕۆژ گەشەی کردو پەرەیسەند،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تا کار گەیشتە سەر ئەوەی لەهەر چوار پارچەی کوردستان بەکاربێ و لەوەش زیاتر هەندێ جار بەهەمان زمان(کوردی) و هەندێ جاریش بەوەرگێڕدراوی ببێتە وێردی سەر زمانی ژنان و ئازادیخوازانی گەلانی تریش، بۆ نمونە: (عەبیر سەهلانی) پەرلەمانتاری یەکێتیی ئەورووپا و بەرەگەزی عیراقی لە ناو هۆڵی پەرلەماندا (ستراسبۆرگ) بۆ پشتیوانی لە ژنانی کوردستانی رۆژهەڵات و ئێران قژی خۆی بڕی و بەکوردی دروشمی(ژن، ژیان، ئازادی)ی گوتەوە. هەروەها میشیل ئۆباما هاوسەری باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا، هاوڕایی و پشتیوانی خۆی بۆ ژنە بوێرەکانی رۆژهەڵات دەربڕی و ئاماژەی بەوەشدا کە راپەڕینی ئەوان سەرچاوەی ئیلهامیانە.

لە بنچینەدا ئەو دروشمە دروشمێکی فەلسەفی، فیکری، کولتوری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە، واتە فرە رەهەندەو میتۆدەکەی قەبارە و پانتاییەکی فراوانتری هەیە.. ئەگەر بەراوردی ئەم دروشمە لەگەڵ چەند دروشمێکیتری شۆڕشەکانی رابردوو بکەین، دەبینین چەندە دروشمێکی هەمەلایەن و گشتگیرو جیهانیانەیە، تەنانەت خۆی بەهیچ ئایین و چینێک، یان گەل ونەتەوەیەکەوە سنوردار و بچوک نەکردۆتەوە، بەڵکو سەرجەم رەهەندە فراوانەکانی مرۆڤایەتیی هەڵگرتووە. (ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن) دروشمێکی جیهانییە و لەپێناو بەدەستهێنانی مافەکانی کرێکاراندا لەڕووتی خەباتی سەندیکایی، سیاسی و رۆشنبیریدا برەویسەند. ساڵی ١٨٤٨ هەردوو فەیلەسوفی گەورە (کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگڵز) خستیانە ناو مانفێستی حزبی کۆمۆنیست و بەو دروشمە توانییان گیانی یەکگرتوویی لەنێو کرێکاران و چەوساوەکاندا قوڵتر بکەنەوە، بەڵام بەرەیەکی جیهانی فراوان و گەورەشی رووبەڕوو بووەوە، بە پێچەوانەی ژن، ژیان، ئازادی بەرەنگارییەکی گەورەی لەبەرامبەردا نابینرێ، چونکە بەهۆی گشتگیربوون و ناوەڕۆکە مرۆڤایەتییەکەیەوە لەگەڵ ئێستا و ئایندەی کۆمەڵی ئادەمیزاد دەگونجێ.

ئەگەر ئەو دروشمە بە دروشمی (برایەتی، یەکسانی، ئازادی)ی شۆڕشی فەڕەنسا بەراورد بکەین، کە سەرتاپای جیهانی گرتەوە، دەبینین ئەویش سێ رەهەندی وەرگرتووە (برایەتی، یەکسانی، ئازادی). دواجاریش کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە بەگشتی بەجێهێشت و تا ئێستاش وەکو نمونەیەکی زیندووئیلهامبەخشە، بەڵام پێگەی ژنان لەناو ئەو دروشمە بەناو باسی لێوەنەکراوە، سەرەرای ئەو گرنگیەشی شۆڕشەکە بەلاڕێدا بردرا و کارەکتەرو شۆڕشگێرەکانیشی کەوتنە بەر نەشتەری لەناوبردن و کوشتن و بڕین، سەرەنجامیش ناپلیۆن دەستی کرد بە داگیرکردنی وڵاتانی ئەورووپا و ئەفریقیا و کردیە کاری لەپێشینەی خۆی و دروشمەکەش هەر تەنیا بە مەرەکەبی سەر کاغەز مایەوە.

ئازادیی ژن لەبنەڕەتدا کێشەیەکی قوڵی مێژوویی خودی کۆمەڵگەیە، بۆیە تا ژن ئازاد نەبێت و بەمافەکانی نەگات،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵگەش بە ماف و ئازادییەکانی ئاگات. چەندین هەزار ساڵە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەدەست قەیران و کێشەی زۆرەوە دەناڵێنێ، بەڵام ئەزموون پێمان دەڵێ تا کێشەکانی ماف و ئازادییەکانی ژن چارەسەر نەبێت، کێشەی کۆمەڵگەش چارەسەر نابێت. بۆیە ئێستا ژنی کورد لەناو ئەو شۆڕشەدا بۆتە پێشەنگ و کارەکتەری سەرەکی.

تازەترین نمونەش لەم سەردەمەدا بوونی ژنانە لەناو بزوتنەوە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەت چەپەکاندا وەک:یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، حزبی دیموکرات، پەکەکە و پەیەدە. بەهێزترین دەرکەوتنی ژنیش لەناو بزووتنەوەی رزگاریخوازیپەکەکداریدا بەشداریکردنی یەکینەکانی پاراستنی ژن (یەپەژە) بوو، کە توانیان ئەزمونێکی وا پیشان بدەن جیهانی بەخۆیان سەرسام بکەن.

لێرەدا دەپرسین : ئایا بۆچی جیهان سەرسامە پێیان؟ لەبەرئەوەی ئەوە تاکە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی ژنانەیە و بە ئایدیۆلۆژیایەکی ژنانەو بۆ بەرگریکردن رسکاوە.

دەرکەوتنی ژنان لە جەنگی دژ بەداعش، سەرنجی هەموو جیهانی بەلای خۆیدا راکێشا. میدیاکانی رۆژئاوا گرنگییەکی زۆریان بە رۆڵی شەرڤانە ژنەکاندا و چەندین فیلم و بەڵگە دۆکۆمینتارییان لەسەر بەرهەمهێنان، کە توانییان هێزە ترسناکەکەی گروپی توندڕەوی داعش تێکبشکێنن و ناوەندی دەوڵەتەکەشیان کۆنترۆڵ بکەن و لەبەرامبەر ئایدیۆلۆژیایەک بوەستنەوە، کە پێیوایە ئەگەر پیاوێک بەدەستی ژنێک بکوژرێت ناچێتە بەهەشتەوە. ئەم دیاردەیە، کە ژنێک دێت و بە پیاوەکان دەڵێت: من دەتوانم تۆ بکوژم و ئەشی کوژێت و چانسی وەرگرتنی کلیلی بەهەشتی لێدەسێنێتەوە. ئا لێرەدا چرکەساتی بێداربوونەوەی ئیرادەی چەند هەزار ساڵ خەوتووی ژنە لەسەر زەوی و ژن لەوێدا دێت و گوزارشت لەخۆی دەکات. کەواتە لێرە ژنان لەپێناوی ژیانێکی ئازاد و بەختەوەری کۆمەڵ خەبات دەکەن، نەک هەر بۆ یەکسانی و دەستەبەرکردنی مافی ژنان، بەڵکو بۆ ئازاد کردنی کۆمەڵگە لەبیری توندڕەوی و بەتایبەتیش ژنان، کە لەناو ئەو ئایدیۆلۆژیایەدا هەمیشە دەبنە قوربانی و کەرەستەی بەکارهێنەرن بۆ بردنەوەو دۆڕانی شەڕەکان.

دیارە بە پێی هەلومەرجە کۆمەلایەتییەکان رۆژ بەرۆژ مانای ئازادی دەگۆڕێ و بەرەو پێشەوە دەچێ، بەڵام لای ئێمە کەمترین ئاستی ئازادی دەستەبەر نابێت، تەنانەت فێربوون لەتورکیا بە زمانی کوردی قەدەغەیە، کە سەرەتاییترین مافی هەر گەلێکە پارێزگاری لەزمان و کولتورو فەرهەنگی خۆی بکات، بۆیە ژنان و پیاوان ناچارن بە شێوازی جۆراجۆر خەباتی بۆ بکەن، جا ئەو شێوازە خەباتە بە رادەی قوربانیدانیش بێت، چونکە لەکۆمەڵگاو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هێشتا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێشێل دەکرێ، بەڵام ئێستا بەهاتنە مەیدانی ژنان و بەرزکردنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی خەریکە راپەڕین و جوڵانەوەی ئازادیخوازان مانایەکی قوڵترو کاریگەرتر بە خەباتەکەیان دەدەن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---

## روئیا پیرایی: داواکاری بۆ ئازادی ژنان لە ئێران واتا ئازادی بۆ هەموو کۆمەڵگا



**هاوڵاتی**

روئیا پیرایی لەچاوپێکەوتنێکی گۆڤاری تایم: هەمووکەس دەزانێ داواکاری بۆ ئازادی ژنان ئازادی هەموو کۆمەڵگەیە، دەشڵێت: ئەم قوربانیانەی بە گیانی ئازیزەکانمان داومانە دەبێت ژیانێکی نوێ لەدایک بێت و نابێت بە فیڕۆ بڕوات.

ئەکتەر ودەرهێنەری دیاری ئەمریکی ئەنجلینا جولی چاوپێکەوتنێکی تایبەت لەگەڵ ڕوئیا پیرایی لە گۆڤاری تایم کە گۆڤارێکی هەفتانەی ئەمریکیە بەرێگەی ئۆنلاین ئەنجام دا، روئیا پیرایی چالاکوانی دیاری ئێران بەهۆی لەدەستدانی دایکی کە لەناو خۆپیشاندانەکانی ئێران شەهید کرا، بە بڕینی قژی و وەستان لەپاڵ گۆڕەکەی دایکی بوەتە سیمبولێکی تری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**خۆپیشاندانەکانی ئێران.**

**ڕوئیا پیرایی**: ڕوئیا لەوەڵامی پرسیارێکی ئەنجلینا جولی کە لێی دەپرسێت، جیاوازی ئەم خۆپیشاندانانە چیە لەگەڵ نارەزایی و خۆپیشاندانەکانی پێشوو، دەڵێت:

ئەم خۆپیشاندانە ژن و پیاو لەهەموو نەتەوەکانی ئێران نارەزایی دەرئەبڕن و داوای ئازادی و بنبڕکردنی گەندەڵی و گەڕاندنەوەی وڵاتەکەیان ئەکەن،ئەم خۆپێشاندانە داوای ئازادی ژن دەکات، هەموو کەسیش دەزانێت ئازادی ژن واتە ئازادی هەموو کۆمەڵگە. لەماوەی چاوپێکەوتنەکەدا کە لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە ئەنجامدراوە، ڕوئیا پیرایی باس لە ژیانکردن لە ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران دەکات ودەڵێت: هیچ کەس لە ئیران ژیانێکی ئاسایی ناژیت، بەهۆی یاساکانی دەوڵەت وفشارەکانی لەسەر کۆمەڵگە، بەڵام من هەمیشە بەهۆی خێزانەکەمەوە هەستم بە ئارامی وئازادی کردووە، دایکم یەکێک بوو لەوانەی حەزی بە ژیانبوو وباوەڕی بە ئازادی هەبوو.

**ئەنجلینا جولی**: ئێستا چۆن لەگەڵ ئەو شۆکە دەژیت و مامەڵە دەکەیت؟

**ڕوئیا پیرایی**: بۆمن زۆر قورسە کە بەردەوام بم چونکە ئازیزترین کەسم لەدەستداوە، هەست دەکەم کە منیشیان کوشتوە، دایکم نزیکترین کەسم بوو پێش ئەوەی لەناو خۆپیشاندانەکاندا تیرۆری بکەن، بەڵام من پێویستە بەردەوام بم، پێویستمە ببمە دەنگی بێدەنگکراوی دایکم و هەموو ئەوانەی کە کوژران لەلایەن ڕژێمی ئیسلامی ئێرانەوە؛ هەر لەبەرئەوەشە کە دوای بەخاکسپاردنی دایکی ئێران بەجێدەهێڵێت. ڕوئیا لەبارەی کوشتنی دایکیەوە بۆ ئەنجلینا باس لە وتەکانی ئەو شایەتحاڵە دەکات کە لەکاتی تیرۆرکردنی دایکی لەوی بووە و دەڵێت، ئەو بکوژانەی دایکمیان تیرۆرکردووە لەنزیکەوە تەقەیان لێکردووە و کاتیکی کەمی بردووە و دەست بەجێ گیانی لەدەست داوە، دایکم بە ١٦٧ گولە پێکراوە وشەهید کراوە.

**ئەنجلینا لەبارەی ئازایەتی وبەرخودانی ڕویاوە پاڵپشتی خۆی بۆ ڕویا پیرایی دوپات ئەکاتەوە و باس لەوە دەکات کە ئەو بوەتە نمونەی سروش بۆ هەموو جیهان.**

**ڕوئیا پیرایی**: لەبارەی درێژەکێشانی خۆپیشاندانەکانی ئێران وبەردەوامی نارەزایەتیەکانەوە وتی، ئەمە ڕێگەیەکی دوورودرێژە، بەڵام بەدڵنیای ناگەڕێنەوە ناو تاریکی،چونکە هەستمان بەوەکردووە کە ڕژێمی ئیسلامی ئێران چاک



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ناكرێتەوە، دەشڵێت ئەو یەكگرتویەی خۆپیشاندەرانی ئێران كلیلی سەركەوتنی ئەم شۆڕشەیە، دەشڵێت ئێستا هەموو كەس ئێمە دەبینێت و وڵاتانی دوونیاش پاڵپشتمانن.

**رونیا پیرایی**: تەمەن ٢٥ ساڵان، چالاكوانی دیاری ئێران كە ئێستا لە دەرەوەی ئێران دەژی و لەدوای شەهیدكردنی دایكی بەدەستی هێزە ئەمنیەكانی ئێران بوو بە سومبولێكی دیاری خۆپیشاندانەكانی ئێران و هەروەها لەناو لیستی ١٠٠ كاریگەرترین ژنانی دونیادا دانرا كە لەلایەن بی بی سی وە بڵاو كرایەوە، رونیا قژی خۆی بڕی وەک نارەزایەتیەک و لەسەر گۆڕی "مینوو مەجیدی" دایكی قژی خۆی بەدەستەوەگرت وەک دوپاتكردنەوەی بەردەوامی خۆی بۆ درووشمەكانی كە دایكی لەسەر كوژرابوو.

خۆپیشاندان و نارەزایەتیەكانی ئێران دوای كوژرانی ژینا "مەهسا" ئەمینی تەمەن ٢٢ ساڵ لەلایەن لەلایەن پۆلیسی رەوشتی ئێران بەتاوانی نەپۆشینی حیجابێكی شەرعی دەستی پێكرد و دەیان دروشمی جۆراو جۆر وچالاكی ژنان و وڵاتانی جیهانی لێكەوتەوە، دیارترین چالاكیەكانیش قژ بڕینی ژنان وسوتاندنی سەرپۆشەكانیان بوو؛ خۆپیشاندانەكان لە دوای ١٦ی ئەیلول دەستپێیكرد و بەپێی دواین ئامارەكانی گروپی چالاكوانانی هرانای ئێران ٤٧٣ كەس گیانیان لەدەستداوە و زیاتر لە ١٨ كەسیش دەستگیركراون.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێكەوتی: ١١ی دیسەمبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆماری ئیسلامی لە ئاستی دنیادا زیاتر پەراوێز دەخرێت




**سایتی پەیام**

هاوپەیمانانی کۆماری ئیسلامی ئێران و بە تایبەت چین و ڕوسیە ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر لە کۆماری ئیسلامی دوور دەکەونەوە. لە سەفەری چەند ڕۆژەی ڕێبەری چین بۆ عەرەبستانی سعودی، چین بەکردەوە بە شێوەیەکی ئاشکرا لەگەڵ حکومەتی عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا هاودەنگ بوو. تەنانەت سەبارەت بەو سێ دورگەیەی کە وڵاتانی لێوارەی کەنداو لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەسەریان کێشەیانە، ڕێبەری چین خوازیاری چارەسەر کرانی بابەتی مالیکیەتی ئەو دوڕگانە لە ڕێگای وتووێژی سیاسی و دیپلۆماتیکەوە بوو. ئەوە لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی سەبارەت بە مالیکیەتی ئەو دوڕگانە ئامادەی نییە وتووێژ بکات. ڕێبەری چین تەنیا بەم هاودەنگیەی لەگەڵ عەرەبستانەوە نەوێستا و سەبارەت بە کێشە یەمەن، چاوپێکەوتن و وتووێژی لەگەڵ جەمسەری نەیاری حکومەتی ئیسلامی هەبووە.

ڕێبەری چین لە هەڵسەنگاندنیسێ مانگ ناڕەزایەتی لە ئێران بەو ئاکامە گەیشتوە کە مانەوەی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران گەلێک چۆتە ژێر پرسیارەوە. بەر لەم سەفەرەی ڕێبەری چین بۆ عەرەبستان، لە زۆربەی ڕاگەیەنرەکانی چیندا گەلێک ڕاپۆرت سەبارەت بە ناڕەزایەتی و مانگرتن لە ئێران بڵاو دەکرایەوە.

دیاردەکان باس لە خۆ بەدوور گرتنی ڕوسیە لە حکومەتی ئیسلامی لە سوریەش دەکەن. هاندانی بەشار ئەسەد لە لایەن پۆتینەوە بۆ کۆبوونەوە و هاوکاری کردن لەگەڵ ئەردوغان لەم ڕاستایەدایە. هەروەها بێدەنگی و تەئیدی ناڕاستەوخۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

عەمەلیاتی ئەرتەشی ئیسرایل لەدژی بەرژەوەندیەکانی کۆماری ئیسلامی لە سوریە ماوەیەکی زۆرە بۆتە جێگای ناڕەزایەتی حکومەتی ئیسلامی.

لە بارودۆخی شپرزەی ئێراندا، حکومەتی تورکیەش ڕایگەیاند کە ڕاگەیەنەرە فارسی زمانەکان ڕوو بە ئێران کارادەکات.

لاواز بوونی حکومەتی ئیسلامی لە نێوخۆدا و شەپۆلی ڕوو لە گەشەی ناڕەزایەتیەکان، دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی تا ئاستێک بەرەو سیاسەتی خۆ بەدوور گرتنی زیاتر لە ڕژیمی ئیسلامی و دیفاع لە ناڕەزایەتی خەڵک لەدژی کۆماری ئیسلامی پاڵ پێوەناوە. هەڵوێستی ڕەسمی ئەوان بۆ مەحکوم کردنی ئێعدامی موحسین شکاری نمونەیەکە لەم سیاسەتە. ئەوان هەر نەخشەیەکیان بۆ داهاتوی ئەم ڕژیمە لەسەردا هەبێت، لە بارودۆخی ئێستادا سیاسەتی گوشارهێنان بۆسەر ڕژیمی ئێران لە پێناو دەستبەر کردنی ئیمتیازی زیاتریان گرتۆتەبەر.

دخاڵەتی چین لە کێشە ئەرزیەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی لێوارەی کەنداو، شکستی دیپلۆماسی و ئیستراتژی سووڕان بەرەو ڕۆژهەڵاتی حاکمانی ئیسلامی ئێرانە. حکومەتی ئیسلامی کە لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی کێشە و ناکۆکی زۆری هەبووسووڕان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کردبووە ئیستراتیژی خۆی. سووڕانی بە ئاشکرای چین بەرەو عەرەبستان و وتوویژ لەگەڵ نەیارانی حکومەتی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، شکست و پەراوێز کەوتنی زیاتری کۆماری ئیسلامی بە شوێندا دێت.

دەزگای دیپلۆماسی حکومەتی ئیسلامی نەیتوانی بە تەبلیغاتی درۆینە ڕاستیەکانی نێوخۆی وڵات لەبەرچاوی خەڵکی دنیا و حکومەتەکانیان ون بکات. بێگومان سووڕانی چین بەرەو عەرەبستان و هاوپەیمانەکانی قەیرانی حکومەتی لە نێوخۆی ئێراندا قوڵتر دەکاتەوە.

ڕوسیەش درەنگ یان زوو ناچار دەبێت بۆ دابین کردنی بەرژەوەندیە درێژماوەکانی لە ئێران، دەست لە پشتیوانی جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی هەڵبگرێت. ڕژیمی ئیسلامی لەژێر گوشاری خەڵکی ئێران و پەرویز خرانی زیاتری وڵاتانی دنیادایە. درێژەی ناڕەزایەتی و مانگرتن لە نێوخۆی ئێران بەشێک لە دەوڵەتانی دنیا ناچار بە پێداچوونەوەی پێوەندیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دەکات.

پەیامی خەڵکی ناڕازی ئێران ڕوون و ئاشکرایە، پشتیوانی و هاوکاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران بە مانای دوژمنایەتییە لەگەڵ خەڵکی ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم وڵاتانە و حکومەتەکانیان نەک لەبەر دیفاع لە خەڵکی ئێران لە حکومەتی ئیسلامی دوور دەکەونەوە، بەڵکو پاراستنی بەرژەوەندیە دەرێژ ماوە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی دنیا بەستراوەتەوە بە دوور کەوتنەوە و هاوکاری نەکردن لەگەڵ ڕژیمی ڕوو لە نابوودی ئیسلامی ئێران.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٢ی دێسەمبەری ٢٠٢٢

---




کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com